# رووداو
RÛDAW

ژماره (581) دووشەممە 2019/12/2 – 11ی سەرماوەز 2719 (750) دینار


کچەکە لە شەڵتەر بووە و دراوەتەوە دەست کەسوکاری

## کچێک دوای کوژرانی خۆشەویستەکەی شوێنبزر دەکرێ

**رووداو – هەولێر**

دوای کوژرانی پیاوێک لە زاخۆ، چارەنووسی ئافرەتێکیش دیار نییە کە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ئەو پیاوە هەبووە.

حەنان، تەمەنی 19 ساڵە و دانیشتووی گەڕەکی زاخۆی نوێیە لە قەزای زاخۆ، پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کەسێک هەبووە بەناوی (ئیدریس) کە تەمەنی 32 ساڵ بووە و دوو ژن و نۆ منداڵی هەبوو. ئیدریس کە بە تۆمەتی رفاندنی ئەو کچە 8 مانگ بەندکرا، دوای هاتنە دەرەوەی لە بەندیخانە، مانگی رابردوو لەلایەن باوکی کچەکەوە کوژرا. چارەنووسی کچەکەش دیار نییە.

(هـ،ز) کە کەسێکی نزیکیماڵی حەنانە بە (رووداو)ی گوت: "دوای ئەوەی ئەو کچە لەگەڵ ئیدریس هەڵات و پاشان گەڕانەوە، بردرایە شەڵتەرێکی ژنان و چوار مانگ لەو شەڵتەرە مایەوە، دواتر کەسوکارەکەی بەڵێننامەیان پڕکردەوە کە هیچی لێ ناکەن. بەڵام لەو رۆژەوەی لە شەڵتەر دەرهێنراوە کەس نەیبینیوە". (ه) گوتیشی: "باوک و براکانی حەنان دەڵێن کچەمان ناردووەتە لای خزمێکمان لە دەرەوە". بەڵام برایەکی ئیدریس کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێت: "دوای کوژرانی براکەم، بنەماڵەی ئەو کچە چەند کەسێکیان نارد بۆ ماڵی ئێمە، بە باوکمیان گوتبوو ئەوان کچەکەی خۆیان کوشتووە، بۆیە ئیدریسیشیان کوشت، ئێمە داوای بەڵگەمان لێکردن، بەڵام گوتیان تەرمەکەمان شاردووەتەوە. ئێمەش پێمانگوتن تا تەرمەکە نەبینین سوڵحتان لەگەڵ ناکەین".

«12

### راگری کۆلیژێک بە بەهەدەردانی 261 ملیۆن دینار تۆمەتبار دەکرێ
2

### یەپەگە
### خاڵی ناکۆکیی تورکیا و ناتۆیە
16



رێباز عەلی:
### ترەمپ: نێردراوی خودا
19

# دوو باڵەکەی یەکێتی لەسەر 400 ئەندامی کۆنگرە ناکۆکن

«3

بەرپرسێکی یەکێتی لە بادینان:
## باڵەکانی یەکێتی وازمان لێناهێنن



هەموویان لە فراکسیۆنی برایەتین

## نەزاهە 12 ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەداتە دادگا

**رووداو– هەولێر**

دەستەی نەزاهەی عێراق بە تۆمەتی "زیانگەیاندن بە دارایی گشتی" سکاڵای لەسەر 12 ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک تۆمار کردووە کە سەرجەمیان ئەندامی فراکسیۆنی برایەتیی ئەنجوومەنەکەن. ئەوانەی سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە، دەڵێن دەستی بەرپرسی یەکەمی یەکێتی لە شارەکەی تێدایە.

نووسراوێکی کۆمیسیۆنی دەستپاکیی عێراق- نووسینگەی لێکۆڵینەوەی کەرکوک کە لە رۆژی 2019/11/18 دەرچووە، داوا دەکات بەپێی مادەی 340 لە یاسای سزادانی عێراقی، لێکۆڵینەوە لەگەڵ 12 ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک بکرێ.

رێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک لەبارەی ئەو نووسراوە بە (رووداو)ی راگەیاند: "هۆکاری سکاڵاکە هەر ئەوەیە کە ئێمە لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە دەوامامان نەکردووە".

محەممەد کەمال، سەرۆکی فراکسیۆنی برایەتی پێیوایە هەریەک لە راکان جبووری، پارێزگاری کەرکوک بە وەکالەت و بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لە کەرکوک لە پشت ئەو سکاڵایەوەن.

ئەو دەڵێت: "چاودێریی دارایی و ئاسۆ مامەند و خەڵکانی دیکە لە پشت سکاڵاکەن، گوایە ئەو 12 ئەندامەی ئەنجوومەن مووچەیان وەرگرتووە و دەوامیان نەکردووە".

بەڵام رەوەند مەلا مەحموود، جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی یەکێتی لە کەرکوک رەتیکردەوە ئاسۆ مامەند پەیوەندی بەو سکاڵایەوە هەبێ و گوتی: "دوور و نزیک هیچ پەیوەندیمان بەم سکاڵایەوە نییە و دەستیشمان لەو بابەتەدا نییە".

گوتیشی: "ئەگەر رۆژێک ئاشکرا بێت کە یەکێتی دەستی لەم کارەدا هەیە، ئەوا ئێمە واز لە یەکێتی دێنین".

«2

## کورد لە بەغدا دەبنە دوو کوتلە

**رووداو– هەولێر**

ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، دەستلەکارکێشانەوەی د.عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراقی پەسەند کرد، بەمەش کابینەی عەبدولمەهدی بۆ ماوەی 30 رۆژ دەبێتە حکومەتێکی کاربەڕێکەر. پەرلەمانتارانی کوردستانیش لە بەغدا دەبنە دوو کوتلە.

عادل عەبدولمەهدی کە لە 2018/10/25 بوو بە سەرۆک وەزیرانی عێراق، لەژێر گوشاری خۆپیشاندەراندا لە رۆژی 2019/11/29 نامەی دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەران کرد، ئەنجوومەنی نوێنەرانیش لە دانیشتنی خۆیدا لە رۆژی 2019/12/1 داوای دەستلەکارکێشانەوەکەی پەسەند کرد.

هەفتەی رابردوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی یەکێتی و گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی کرد و داوای یەکڕیزی و یەکدەنگیی فراکسیۆنە کوردستانییەکانی لە بەغدا کرد.

ڤیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت: "بەرژەوەندیی خەڵکی هەرێمی کوردستان وا دەخوازێت کە ئێمە وەک فراکسیۆنە کوردییەکان لە بەغدا یەکهەڵوێست بین، داواکارییەکەی سەرۆکی هەرێمیش بۆ ئەو مەبەستە بوو کە کورد لە بەغدا یەکدەنگ بن".

بەڵام ئەحمەد حاجی رەشید ئەو یەکهەڵوێستییە بە دوور دەزانێ و دەڵێت: "ئێمە گروپێکی 15 کەسیمان دروستکردووە کە لە پەرلەمانتارانی گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی و نەوەی نوێ و هاوپەیمانی نیشتمانی پێکهاتوون، بۆ پرسەکانی حکومەت و پەرلەمان هەڵوێستی تایبەت بە خۆمان دەبێ".

لەبارەی داواکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بۆ یەکدەنگیی کورد لە بەغدا کە ئاخۆ گروپە 15 کەسیەکە داواکە رەتدەکەنەوە، ئەحمەد حاجی رەشید گوتی: "مەرج نییە، ئەگەر بزانین بەرژەوەندی کوردستانی تێدایە دەرگامان بۆ هەموو گفتوگۆیەک کراوە دەبێت".

«4

## کوردێک تۆمەتبارە بە پارچە پارچەکردنی کچێکی سویدی

**رووداو– ستۆکهۆڵم**

پۆلیسی سوید کوردێکی دانیشتووی ئەو وڵاتەی بە تۆمەتی کوشتنی کچێکی تەمەن 17 ساڵان دەستگیر کرد کە دوو هەفتە بوو کەسوکارەکەی و دەزگا ئەمنییەکان بەدوایدا دەگەڕان و دواجار تەرمەکەی بە پارچەپارچەکراوی دۆزرایەوە.

زیاتر لە دوو هەفتەی تێپەڕاند و ویلما ئیندرسۆنی تەمەن 17 ساڵ هیچ دەنگی نەبوو. تا کۆتایی هەفتەی رابردوو، دوای دۆزینەوەی گەورەترین پارچەی جەستەی، توانییان بگەنە دۆزینەوەی پارچەکانی دیکەی لەشی.

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی سوید بە (رووداو)ی گوت: "دوای دڵنیابوونەوەی تەواو، گومانلێکراوەکەمان دەستگیرکرد". بەڵام بەپێی راگەیاندنی فەرمیی پۆلیس، کوڕە گەنجەکە هاوڕێ و کەسی یەکەمی نزیکی کچە حەڤدە ساڵانەکە بووە، بۆیە دەستگیرکراوە و تا ئێستاش هەرگومانلێکراوە.

گەنجەکە ناوی تیشکۆ شابازە، تەمەنی 22 ساڵە و خەڵکی باشووری کوردستانە و نزیکەی 5 ساڵە بووەتە خاوەنی وڵاتینامەی سوێدی.

ویلما ئیندرسۆن لە 14ی نۆڤەمبەر دیار نەما، رۆژی 22ی نۆڤەمبەر تیشکۆ وەکو کەسی نزیکی ئەو دەستگیر کرا. رۆژی 28ی نۆڤەمبەر پارچەکانی جەستەی ویلما دۆزرانەوە و تیشکۆ وەکو تۆمەتباری سەرەکی کوشتنی ویلما ناسێنرا. بەڵام ئەو لە رێگەی پارێزەرەکەیەوە (پێتریس رامسێل) داکۆکی لە خۆی کرد و گوتی دەستی لەو تاوانەدا نییە.

سەرچاوەیەکی نزیک لە بنەماڵەی شاباز دەڵێت: "شۆکی بابەتەکە خێزانەکەی بەرنەداوە و هەرگیز بە خەیاڵیاندا نەهاتووە رۆژێک لە رۆژان تووشی کێشەیەکی لەو شێوەیە ببن".

هەروەها دەڵێت: "ئەگەر ساغ ببێتەوە کە شاباز بکوژی ئەو کچەیە (ئینشائەڵڵا وا نابێت) هیچ داکۆکییەکی لێ ناکەین و حاشای لێدەکەین".

«11

شرۆڤە 16
### سەرکردەی داهاتووی ئەلقاعیدە لە ئێران نیشتەجێیە



کوردستانی 6
### تورکیا و ئۆپۆزسیۆنی سووری زەیتی عەفرین تاڵان دەکەن

ئابووری 8
### پرۆژەکانی پەلەوەر لەژێر هەڕەشەی داخستندان



کۆمەڵایەتی 13
### گەنجێک لەسەر گۆڕینی کەناڵی تیڤی دەکوژرێت





## کارەبای هەولێر مانگێک مۆڵەت دەداتە سەرپێچیکاران

**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کارەبای هەولێر لە ڕاگەیێندراوێکدا ئاگاداری هاووڵاتییان دەکاتەوە پێوەرەکانی کارەبایان بیشکنن، ئەگەر هەر سەرپێچییەکی تێدابێت سەردانی فەرمانگەی فرۆشتنی وزەی کارەبای سنوورەکەیان بکەن. کارەبای هەولێر ماوەی یەک مانگ مۆڵەت دەداتە هاووڵاتیان و مۆڵەتەکەش لە ڕۆژی 2019/12/1 دەستیپێکردووە. دوای ئەو مۆڵەتەش هەر یەک لەم حاڵەتانە لە پێوەری کارەبادا ببیندرێت، خاوەنەکەی سزادەدرێت. حاڵەتەکانیش بریتین لە: پێوەری کارەبا دەستکاری کرابێت، جامەکەی شکابێ، یان مۆری خوارەوە و سەرەوەی دەستکاری کرابێت. بێ پێوەر کارەبا ڕاکێشرابێت و کارەبا لەژێر پێوەرەوە ڕاکێشرابێت. هەر لە ڕاگەیێندراوەکەدا هاتووە ئەو هاووڵاتیانەی پارەی قەرزی کارەبایان لایە بەزووترین کات سەردانی فەرمانگەکانی فرۆشتنی وزەی کارەبا بکەن، بەپێچەوانەوە کارەباکەیان دەبڕدرێت.

# سکاڵا لەسەر 12 ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک تۆمار دەکرێ

**زریان حاجی**
**ڕووداو- هەولێر**

دەستەی نەزاهەی عێراق بە تۆمەتی "زیانگەیاندن بە دارایی گشتی" سکاڵای لەسەر 12 ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک تۆمار کردووە کە سەرجەمیان ئەندامی فراکسیۆنی برایەتیی ئەنجوومەنەکەن. ئەوانەی سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە، دەڵێن دەستی بەرپرسی یەکەمی یەکێتی لە شارەکەی تێدایە، بەڵام بەرپرسێکی یەکێتی ئەوە ڕەتدەکاتەوە.

نووسراوێکی کۆمیسیۆنی دەستپاکیی عێراق- نووسینگەی لێکۆڵینەوەی کەرکووک کە لە ڕۆژی 2019/11/18 دەرچووە، داوا دەکات بەپێی مادەی 340 لە یاسای سزادانی عێراقی، لێکۆڵینەوە لەگەڵ 12 ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بکرێ.

ئەو ئەندامانە پێکدێن لە ڕێبوار فایەق عەبدولمەجید (ڕێبوار تاڵەبانی)، مەحموود محەممەد مەجید، دڵشاد پیرۆت عەزیز، نەسرین خالید وەهاب، پەروین محەممەد ئەمین، شێرزاد عادل خورشید، فوئاد حوسێن کوێخا، عیرفان جەمال تۆفیق، ڕیاز محەممەد دانووک، محەممەد کەمال ساڵح، ئەدوار ئوراهام ئۆدیشۆ و عەلی نامیق ڕەشید.

> **ئاسۆ مامەند و خەڵکانی دیکە لە پشت سکاڵاکەن**
>
> سەرۆکی فراکسیۆنی برایەتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک

ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لەبارەی ئەو نووسراوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "هۆکاری سکاڵاکە هەر ئەوەیە کە ئێمە لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە دەواممان نەکردووە".

گوتیشی: "بەم سکاڵایەوە تا ئێستا زیاتر لە 20 سکاڵام لەسەر تۆمارکراوە، لە هەموو سکاڵاکانیش براوە بووم".

لەدوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە، ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک هیچ جارێک بە بەشداریی سەرجەم یان زۆرینەی ئەندامانی کۆنەبووەتەوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی ئەندامە پارتییەکانی ئەنجوومەن و ئەندامێکی یەکگرتوو و یەکێتی و مەسحییەکان شارەکەیان جێهێشتووە و دەڵێن بەهۆی ئەوەی هێزی حەشدی شەعبی لە شارەکەدان، نایانەوێ بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان.

سەرۆکی فراکسیۆنی برایەتی پێیوایە هەر یەک لە ڕاکان جبووری، پارێزگاری کەرکووک بە وەکالەت و بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لە کەرکووک لە پشت ئەو سکاڵایەوەن.

محەممەد کەمال، سەرۆکی فراکسیۆنی برایەتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "چاودێری دارایی و ئاسۆ مامەند و خەڵکانی دیکە لە پشت سکاڵاکەن، گوایە ئەو 12 ئەندامەی ئەنجوومەن مووچەیان وەرگرتووە و دەوامیان نەکردووە، ئەمە لە کاتێکدایە دەوامی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا لە هیچ شارێک لە عێراقدا وەک فەرمانبەر نییە، بەڵکو موکەلەفن بە ئیشی ئەنجوومەن و تەواجود و واژۆ بۆ ئامادەبوونیان نییە، تەنیا دەبێ پابەندی کۆبوونەوەکان بن، لە حاڵەتێکیشدا ئەگەر تا دوو کۆبوونەوەش ئامادە نەبێت ئاساییە، ببێت بە سێ کۆبوونەوە ئەوا بە نووسراوی فەرمی ئاگادار دەکرێتەوە".

محەممەد کەمال دەڵێت ئەوان لەوە نیگەرانن کە بەپێی مادە 340 لە یاسای سزادانی عێراقی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێ لەکاتێکدا ئەو مادەیە تایبەتە بە گەندەڵی.

لە مادە 340ی یاسای سزاکانی عێراقدا هاتووە: "سزا دەدرێ بە بەندکردن بۆ ماوەیەک کە نابێ لە حەوت ساڵ زیاتر بێ، هەر فەرمانبەرێک یان ڕاسپێردراوێک بۆ خزمەتی گشتی بە ئەنقەست زیانی گەیاند بە دارایی دەوڵەت یان بەرژەوەندی ئەو لایەنەی کاری تێدا دەکات، یان بە حوکمی کارەکەی پەیوەندی پێوە هەیە، یان بەو داراییەی ئەو کەسانەی لەبەردەستیان داناوە".

عەلی نامیق خورشید (عەلی ساڵەیی) کە یەکێکە لەوانەی سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە، دەڵێت: "ئەو سکاڵایەی تۆمار کراوە بە مەبەستی سیاسییە، چونکە ئێمە 12 ئەندامی ئەنجوومەنین لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە کە حکومەتی عێراق سوپای ناردە کەرکووک و حکومەتی لۆکاڵیی کەرکووک دەسەڵاتی نەما، ئێمە هەڵوێستمان وەرگرت و کەرکووکمان جێهێشت تا ئەوکاتەی دۆخەکە ئاسایی دەبێتەوە، بۆیە پارێزگاری سەپێنراو و جەماعەتەکەی لەبەر دەوامنەکردنمان سکاڵایان تۆمار کردووە، من چوومە پێش دادگا و ئیفادەی خۆم دا". عەلی ساڵەیی پێشتر یەکێتی بوو، بەڵام بە گوتەی خۆی ئێستا ئەندامێکی سەربەخۆیە.

> **دوور و نزیک پەیوەندیمان بەو سکاڵایەوە نییە**
>
> جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی یەکێتی لە کەرکووک

ڕەوەند مەلا مەحموود جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی یەکێتی لە کەرکووک ڕەتیکردەوە ئاسۆ مامەند پەیوەندی بەم سکاڵایەوە هەبێ و گوتی: "دوور و نزیک هیچ پەیوەندیمان بەم سکاڵایەوە نییە و دەستیشمان لەو بابەتەدا نییە، ئەگەر ئێمە خۆمان حوکمڕان بین لە شارەکەدا ئەوە بابەتێکی دیکەیە، بەڵام ئێستا خەڵکی داگیرکەر لێرەیە چۆن کاری وا دەکەین، ئەگەر ڕۆژێک ئاشکرا بێت یەکێتی دەستی لەم کارەدا هەیە، ئەوا ئێمە واز لە یەکێتی دێنین".

# 30 ئافرەتی ئێزدی بەرەوڕووی چەکدارانی داعش کراونەتەوە

> **ئەشواق حەجی:**
>
> **تاکە هیوام ئەوەیە ببینم داعشەکە لەسێدارەدراوە**

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو، ڤیدیۆی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەشواق حەجی کە ژنێکی ئێزدییە، لەگەڵ ئەو چەکدارە داعشەی کە دەستدرێژی کردبووە سەری و ئێستا دەستگیرکراوە، لە کەناڵێکی عێراقییەوە بڵاوکرایەوە. ئەشواق و خێزانەکەی داوای توندترین سزا بۆ ئەو داعشە دەکەن. نووسینگەی ڕفێنراوانی کوردی ئێزدیش باس لە دەیان کەیسی دیکە لە دادگاکانی عێراق و وڵاتانی دیکە دەکات کە قوربانییەکان ڕووبەڕووی تۆمەتبارە گیراوەکان کراونەتەوە.

ئەشواق، تەمەن 19 ساڵ، لەبارەی ئەو گیراوە داعشەوە قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی: "من نزیکەی 70 ڕۆژ لەلای ئەو داعشە بووم کە ناوی محەممەد ڕەشیدە، بەڵام بە ئەبوهومام ناسرابوو. ئەو کەسە منی لە نێو 150 کچی دیکە لە گرتووخانەی مووسڵ هێنایە دەرەوە. لەو 70 ڕۆژەی لەگەڵ ئەو بووم دەستدرێژی دەکردە سەرم و ناخۆشیی ئەو دونیایە نەما بەسەرمی نەهێنێ".

ئەشواق لە تەمەنی 14 ساڵیدا لەگەڵ شەش خوشک و هەشت برا و دایک و باوکی و کەسوکارەکانی لە 3ی ئابی 2014 لە کۆمەڵگای خانەسوور لە ڕۆژئاوای شنگال کەوتنە دەستی داعش. چەکدارەکەی داعشیش هەر لەو تەمەنەدا دەستدرێژی کردبووە سەری.

داعش لە ئابی 2014 هێرشی کردە سەر ناوچەی شنگال و هەڵمەتی کوشتار و ڕفاندنی کوردی ئێزدیی ئەو ناوچەیەی دەستپێکرد. بەگوێرەی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەو هێرشەدا نزیکەی 5000 نێرینەی ئێزدی کۆمەڵکوژکران و نزیکەی 7000 ژن و منداڵیش ڕفێنران، هەتا ئێستاش زیاتر لە 3000 کەس لەوانە شوێنبزرن.

حەجی حەمید، باوکی ئەشواق کە لەگەڵ کچەکەی چووبووە بەغدا، بە (ڕووداو)ی گوت: "تەنیا لە خێزانی خۆم هێشتا چارەنووسی پێنج کوڕ و کچێکم و نزیکەی 25 کەسی دیکە لە ژنبرا، برازا و کەسە نزیکەکانم دیار نییە"، داواش دەکات داعشەکان لە مەیدانێکی گەورەدا سزا بدرێن و قەرەبووی مادیی قوربانییەکان بکەن و خوێنی کەسوکاری ئەوان بەفیڕۆ نەچێ.

دەزگای هەواڵگریی عێراق مانگی ڕابردوو پەیوەندی بە ئەشواقەوە کردبوو تاوەکو لە دادگاییەکەی هەفتەی ڕابردوودا بەشدار بێ. ئەشواق لەبارەی دادگاییەکەوە دەڵێ: "زۆر حەزم دەکرد بگەمە دادگاکە و ئەوەی لە دڵی خۆمدا بوو ڕووبەڕوو پێی بڵێم. کاتێک گەیشتمە ئەوێ هەستم کرد هەر لە دەستی داعشدام، بەڵام هەرچی بەسەرمی هێنابوو، بە دوو تف کردمە ناو چاوی، زۆر ئارام بوومەوە، بەڵام هەر چاوەڕێم ئەو ڕۆژە ببینم کە لەسێدارە دەدرێ".



ئەشواق لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ چەکدارێکی داعش کە دەستدرێژی کردبووە سەری

حوسێن قائیدی، بەرپرسی نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێنراوانی ئێزدی لەدەستی داعش، دەڵێت ئەشواق تاکە کەس نییە شایەتی لەدژی گیراوەکانی داعش دابێ "هەتا ئێستا 30 حاڵەتی دیکەمان هەبووە. دادگایی داعشەکان لە مووسڵ، بەغدا و چەند وڵاتێکی دیکە بەڕێوەچووە و تێیدا کچ و ژنی ئێزدی چوونەتە دادگا و بەرامبەر تۆمەتباران وەستاون و شایەتییان داوە".

مانگی ئۆکتۆبەری ڕابردوو، دادگایی داعشێک لە ئەڵمانیا بەڕێوەچوو. بۆ ئەو دادگاییە ئافرەتێکی ئێزدی بەناوی شەزا سەلیم بەشار لە کوردستانەوە بەرەو ئەڵمانیا چوو، بۆ ئەوەی شایەتی بدات. قائیدی لەبارەی سزای داعشەکان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە "بەشێکیان سزایان بۆ دەرچووە و بەشێکیان دادگاییان بەردەوامە. ئەوەی لەسەر ئێمە بێ، دادگاییەکە لە هەر وڵات و شوێنێک بێ، هاوکاریی قوربانییەکان دەکەین و پشتگیریان دەکەین بچنە دادگا و شایەتی بدەن".

# ڕاگری کۆلیژێک بە بەهەدەردانی 261 ملیۆن دینار تۆمەتبار دەکرێ

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

بۆ بەدواداچوونی دۆسیەیەکی گەندەڵی لەسەر ڕاگری کۆلێژێکی زانکۆی دهۆک و چەند دۆسیەیەکی دیکە، لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان سەردانی دهۆک و زاخۆ و ئاکرێ دەکات. سەرۆکی زانکۆی دهۆک دەڵێت دۆسیەی ئەو ڕاگرە لە دەستەی دەستپاکییە. ئەندامێکی لیژنەی دەستپاکیش لە دهۆک دەڵێت ئەمساڵ نزیکەی 135 دۆسیەی گەندەڵی لە دهۆک تۆمار کراوە.

لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا زانکۆی دهۆک چەند بەڵگەنامەیەکی لەسەر ڕاگری کۆلێژێکی زانکۆکە دەستکەوت کە بەهەدەردانی سامانی گشتی بەدیاردەخات، ڕاگرەکە دەستبەجێ لە پۆستەکەی لادرا، مانگی ڕابردووش دۆسیەکەی ڕەوانەی دەستەی دەستپاکی کرا. کۆتایی هەفتەی ڕابردوو لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەو دۆسیەیە و چەند دۆسیەیەکی دیکە لە دهۆک بوون.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، ئەو ڕاگرە واژۆی سەرۆکی زانکۆی دهۆکی تەزویر کردووە و بەو هۆیەوە 261 ملیۆن دیناری بە نایاسایی وەرگرتووە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە زانکۆی دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ، چەند بەڵگەیەک لەسەر ڕاگرەکە دەست سەرۆکایەتی زانکۆی دهۆک کەوتن، ڕاگرەکە هەر زوو لە پۆستەکەی لادرا و کەسێکی دیکە لە شوێنی دانرا، مانگێک پێش ئێستاش زانکۆی دهۆک بەڵگەنامەکانی ڕادەستی بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوە لە نووسینگەی دەستەی دەستپاکی لە دهۆک کرد، ئەوانیش دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە، بەڵام لێکۆڵینەوەکان هێشتا تەواو نەبوون و دۆسیەکە ڕەوانەی دادگا نەکراوە".

> **ئەمساڵ 135 کەیسی گەندەڵی لە دهۆک تۆمار کراون**
>
> ئەندامێکی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان

د.ئەحمەد محەممەد، یاریدەری سەرۆکی زانکۆی دهۆک لەبارەی ئەو دۆسیەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "هەموو زانیارییەکانمان بە دەستەی دەستپاکی داوە، چاوەڕێی تەواوبوونی لێکۆڵینەوەکانی ئەوانین". سەبارەت بە ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکانیش، د.ئەحمەد وردەکارییەکانی ئاشکرا نەکرد و تەنیا گوتی: "ئەو ڕاگرە هەندێک دەسەڵاتی بەخۆی داوە، بەو هۆیەوە تووشی هەڵە بووە، بەڵام هێشتا تۆمەتەکانی بەسەردا ساغ نەبوونەتەوە".

لەیلا عەبدولجەبار، ئەندامی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت سەردانی ئێمە بۆ دهۆک تایبەت نەبوو بەو کەیسە، بەڵکو ئەو کەیسە بەشێک بوو لە هۆکاری سەردانەکەمان، ئێمە سەردانی هەر سێ ئۆفیسی دهۆک، زاخۆ و ئاکرێمان کرد، بۆمان دەرکەوت کە ئەوان هەرچەندە ئیمکانیەتێکی زۆر کەمیان لەبەر دەستە، بەڵام لە کارەکانی خۆیان بەردەوامن".

لەیلا عەبدولجەبار کە خەڵکی ئاکرێیە، هەروەها دەڵێت: "بەپێی ئەو زانیاریانەی لەبەر دەستی ئێمەدان، ئەمساڵ نزیکەی 135 کەیسی گەندەڵی لە سنووری پارێزگای دهۆک تۆمارکراون، 40 بۆ 45 دۆسیە یەکلایی کراونەتەوە".




## لە سلێمانی

# دوو کەس بەناوی بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنان مووچە و دەرماڵە وەردەگرن

**ڕووداو- سلێمانی**

بەپێی ڕاپۆرتێکی دیوانی چاودێریی دارایی، سەرەڕای لادانی بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی سلێمانی لە پۆستەکەی و دانانی بەڕێوەبەرێکی تازە، بەڕێوەبەری پێشوو تاوەکو ئێستا مووچە و دەرماڵەی بەڕێوەبەری گشتی وەردەگرێ.

ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی ژمارە (1624) لە ڕۆژی 2018/4/16 و بە فەرمانی دەستەی وەبەرهێنان ژمارە (1415) لە ڕۆژی 2018/5/16 بڕیاری داوە بە دانانی ئەندازیار عەزیز سەعید ڕەشید، لە پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی سلێمانی لە جیاتی بەڕێوەبەری گشتی پێشووی وەبەرهێنان (فەرمان غەریب سەعید) لەسەر میلاکی دەستە.

بەڵام بەپێی ڕاپۆرتێکی دیوانی چاودێری دارایی کە ئاراستەی پەرلەمان کراوە، تاوەکو 2019/8/8 بەڕێوەبەری گشتی پێشووی وەبەرهێنانی سلێمانی مووچە و دەرماڵەی لەسەر بودجەی ئاسایی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بۆ خەرجکراوە. تا ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێریش هیچ فەرمانێکی دەستهەڵگرتن لە کارەکەی لەنێو دۆسیەکەیدا نەبووە.

ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێری دارایی ئاماژەی بە نووسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی وەبەرهێنانی سلێمانی کردووە کە بە ژمارە 3858 لە 2018/10/22 ئاراستەی دەستەی وەبەرهێنانی کردووە، بەڵام ئاماژەی بە شوێن و کاری بەڕێز فەرمان غەریب سەعید نەداوە. لە نووسراوەکەی دەستەی وەبەرهێناندا هاتووە کە "ئێستا دوو مووچەی بەڕێوەبەری گشتی لەسەر بودجەی ئاسایی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان خەرج دەکرێ، لە کاتێکدا بەپێی میلاک یەک پلەی وەزیفی بەڕێوەبەری گشتی دیاری کراوە".

بەپێی ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێری دارایی، دەستەی وەبەرهێنان وەڵامی نووسراوەکەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی داوەتەوە و دەڵێت هەمان حاڵەت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی (هەولێر و دهۆک) هەیە و مووچەی بەڕێوەبەری گشتی وەردەگرن.

دیوانی چاودێری دارایی لە ڕاپۆرتەکەیدا داوای لە دەستەی وەبەرهێنان کردووە بەڕێوەبەری گشتیی پێشوو بگوازرێتەوە یان خانەنشین بکرێ، بۆ ئەوەی چیدی مووچە بۆ دوو کەس بەناوی بەڕێوەبەری گشتی خەرج نەکرێ.

ئەندازیار عەزیز سەعید ڕەشید، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی سلێمانی لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە پێشتر لەوبارەیەوە نووسراومان بۆ دەستەی وەبەرهێنان کرد، ئەوان وەڵامیان داینەوە کە ئەوە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانە، ئەو بەڕێوەبەرە گشتیانەی لە پۆستەکانیان نامێنن، مووچە و دەرماڵەکەیان بەردەوام دەبێ. ئەو حاڵەتە لە وەبەرهێنانی دهۆک و هەولێریش هەیە".

سەبارەت بە پۆستی ئێستای بەڕێوەبەری گشتی پێشووی وەبەرهێنانی سلێمانی، عەزیز سەعید گوتی: "ئەو لەوەتەی لە پۆستەکەی نەماوە معەوەمە، بەڵام زانیاریم هەیە دەبێ لە هەفتەی داهاتووەوە لە دەستەی وەبەرهێنان دەوام بکات".

# دوو باڵەکەی یەکێتی لەسەر 400 ئەندامی کۆنگرە ناکۆکن

زریان حاجی
ڕووداو– هەولێر

بەهۆی ململانێی نێو باڵەکانی یەکێتی، تا ئێستا کۆنفرانسی مەڵبەندەکان بۆ دەستنیشانکردنی 400 ئەندامی کۆنگرە نەکراوە، بۆیە ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی بە ئەستەمی دەزانێت بتوانن لە ماوەی ئەو پێنج ڕۆژەدا کۆنفرانسی سەرجەم مەڵبەندەکان بکەن، بەڵام ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێت: "کۆنفرانسی مەڵبەندەکان ئیشی سەعاتێکە".

هەرچەندە یەکێتی تا ئێستا بە فەرمی ڕاینەگەیاندووە کە کۆنگرەکەی دوادەخات، تەنانەت لە دوایین کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیش جەخت لە بەستنی کۆنگرە لە 7ی کانوونی یەکەم کرایەوە، بەڵام ئاماژەکان وای نیشاندەدەن کە زەحمەتە یەکێتی بتوانێ لەو ڕۆژەدا کۆنگرە ببەستێ.

یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە لە ساڵی 1975 دامەزراوە، تاوەکو ئێستا سێ کۆنگرە و دوو کۆنفرانس و پێنج پلینیۆمی بەستووە. دوایین کۆنگرەی یەکێتی لە 2010/6/1 بوو. دەبووایە لە مانگی ئاداری 2013 چوارەمین کۆنگرەی خۆی ببەستێ، بەڵام لەبری کۆنگرە لە 2013/10/10 پلینیۆمی بەست و دواتر بڕیار بوو لە 2018/3/7 کۆنگرە ببەستێ، بەڵام بەهۆی کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی کۆنگرەکە نەکرا. دواجار لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی لە ڕۆژی 2019/9/7 لە سلێمانی، بڕیار درا ڕۆژی 2019/12/7 چوارەمین کۆنگرەی خۆی ببەستێ.

ئامادەکارییەکانی یەکێتی بۆ کۆنگرە بە کۆنفرانسی کۆمیتەکان دەستپێیکرد، پاشانیش کۆنفرانسی مەکتەبەکان کرا، بەڵام لە کۆنفرانسی مەڵبەندەکان کە بڕیار بوو دووشەممەی ڕابردوو بکرێ، چەقی.

محەمەد وەتمان، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بڕیار بوو ڕۆژی شەممە 2019/11/30 کۆنفرانسی مەڵبەندەکان بکرێ، بەڵام هەندێک لە مەڵبەندەکان دیارە کارەکانیان تەواو نەکردووە، بۆیە دوو ڕۆژێک کۆنفرانسی مەڵبەندەکان دواخراوە تا لیستی ناوی بەربژێرەکانیان ڕێکبخەن".

لە کۆنگرەکانی پێشوودا، مام جەلال سکرتێری کۆچکردووی یەکێتی 120 ئەندامی بە تەزکیەی خۆی دەبردە کۆنگرە، ئێستا لەنێو یەکێتیدا قسە لەسەر ئەوە دەکرێ کێ ئەو 120 کەسە دەباتە کۆنگرە، محەممەد وەتمان دەڵێت "ئێستاش ئەو 120 کەسە هەر ماون و لە تێکۆشەر و خەباتگێڕەکانی یەکێتی پێکدێن کە لە هیچ مەڵبەند و مەکتەبێک نین، بە بڕیاری کاک کۆسرەت و مەکتەبی سیاسی دەبنە ئەندامی کۆنگرە".

هەر لەبارەی کۆنگرەکە مستەفا چاوڕەش ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی دەڵێت، هەرچەندە تا ئێستا هیچ بڕیارێک بۆ دواخستنی کۆنگرە نییە، بەڵام بە دووریشی دەزانێ لە وادەی خۆیدا بکرێ. چاوڕەش بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەگەر کۆنفرانسی مەڵبەندەکان لەم هەفتەیەدا تەواو نەبێ، ڕەنگە کۆنگرە چەند ڕۆژێک دوابکەوێت. تەنیا پێنج ڕۆژ بۆ کۆنگرە ماوە و لەوانەیە نەتوانرێت هەموو مەڵبەندەکان کۆنفرانسیان تێدا بکرێت".

بەڵام عەدنان موفتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، کۆنفرانسی مەڵبەندەکان بە گرفت نازانێ و دەڵێت: " لەم سێ چوار ڕۆژەدا کۆنفرانسی مەڵبەندەکانیش دەکرێ، چونکە کۆنفرانسی مەڵبەندەکان تەنیا چەند کاتژمێرێکی دەوێت، زیاتر لەیەک ڕۆژی ناوێ".

عەدنان موفتی کە بەنیاز نییە لەو کۆنگرەیە خۆی بەربژێر بکاتەوە، دەڵێت لەو کۆنگرەیە چەند گۆڕانکارییەک دەکرێن، لەوانە ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی نامێنێ و ئەنجوومەنێکی سەرکردایەتی فراوانتر دروست دەبێت کە وەک پەرلەمانی یەکێتی دەبێ". سەبارەت بە هەڵبژاردنی سکرتێریش، عەدنان موفتی گوتی: "من وەک خۆم پێم باشە هەڵبژاردنی گشتی بکرێت بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی، لەوێش سەرۆک و جێگر و ئەندامانی بەڕێوەبردن یان مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرێن".

کەسە نزیکەکانی باڵی کۆسرەت ڕەسوڵ و باڵی بنەماڵەی تاڵەبانی باسی دروستبوونی ململانێ لەسەر ئەو 400 کەسە دەکەن کە لە ڕێگەی کۆنفرانسی مەڵبەندەکانەوە دەبنە ئەندامی کۆنگرە.

سەرچاوەیەکی نزیک لە کۆسرەت ڕەسوڵ جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی هۆکاری دواکەوتنی کۆنفرانسی مەڵبەندەکانی بۆ کۆمەڵێک کێشە گەڕاندەوە و گوتی: "کۆمەڵێک کێشە دروست بووە و سەرقاڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەین، دەستی دەرەکیش هەیە کە دەیەوێت کێشە لە ناوخۆی هەرێم دروست بکات هاوشێوەی ئەوەی ئێستا لە بەغدا هەیە".

سەبارەت بەو ململانێیەی لەسەر 400 ئەندامەکەی مەڵبەندەکان دروست بووە، ئەو سەرچاوەیە گوتی: " لاهوور تاڵەبانی دەتوانێت هەندێک کێشە دروست بکات، بەڵام ناتوانێت ئەوەی لە 16ی ئۆکتۆبەر کردی، جارێکی دیکە بیکات و پێشی ناکرێت، ناشتوانن کاک کۆسرەت وەلا بنێن".

هەر لەوبارەوە سەرچاوەیەکی نزیک لە بنەماڵەی تاڵەبانی بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێستا لە نێوان کۆسرەت ڕەسوڵ و لاهوور شێخ جەنگی ناکۆکی لەسەر ئەو 400 ئەندامەی کۆنگرە هەیە، لاهوور شێخ جەنگی بەنیاز بوو لە سنوورەکانی چەمچەماڵ و کەرکووک و بەغدا و گەرمیان خەڵکێکی زۆر بباتە کۆنگرە، هەر ئەوەش بووەتە هۆی دواکەوتنی کۆنفرانسی مەڵبەندەکان".

ئەو سەرچاوەیە لەو باوەڕەدایە دواجار دوو باڵەکە لەسەر ئەو 400 ناوە ڕێکبکەون و گوتی: "بەبێ ڕێککەوتنی پێشوەختە ئەستەمە کۆنگرە دوابخرێ".

ئەحمەد قەدەفەری، ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی دەڵێت: "ئێمە نازانین گرفتەکان چین کە کۆنفرانسی مەڵبەندەکان بەو هۆیەوە دواخراوە، بەڵام ئێمە ئاگادار کراوینەتەوە کە ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو کۆنفرانسی مەڵبەندەکان دەکرێ".

عەدنان موفتی:

**لە کۆنگرە خۆم بەربژێر ناکەمەوە**

مستەفا چاوڕەش:

**زەحمەتە بتوانین لەو ماوەیەی بۆ کۆنگرە ماوە کۆنفرانسی مەڵبەندەکان بکەین**

# ئەم مانگە چوار حیزب کۆنگرە دەبەستن

ئاسۆ سەراوی
ڕووداو– هەولێر

بەستنی کۆنگرەی زۆربەی حیزبە سەرەکییەکانی کوردستان چەند ساڵێک دواکەوتووە ‌ﺀ هەمووشیان جەخت لەوە دەکەنەوە کە شەڕی داعش لە هۆکارە هەرە دیارەکانی دواخستنی کۆنگرەکانیان بووە. بەشێکیان بڕیاریانداوە لەم مانگەدا کۆنگرە ببەستن، تاکە حیزبێکیش کە بڕیاری پێشخستنی کۆنگرەی داوە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانە.

## پارتی خستییە 2020

پارتی دیموکراتی کوردستان، لە 16ی ئابی 1946 دامەزراوە ‌ﺀ تاوەکو ئێستا 13 کۆنگرەی بەستووە، یەکەمین کۆنگرەی لە 1946/8/16 لە شاری بەغدا بەستووە، دوایین کۆنگرەشی لە مانگی دیسەمبەری 2010 لە هەولێر بەست. پێنج ساڵی تەواو بەسەر وادەی بەستنی کۆنگرەی 14ی ئەو حیزبەدا تێپەڕیوە. د. ئاراس حەسۆ میرخان، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە بەستنی کۆنگرەی چواردەی پارتی بڕیاری لێدراوە، بەڵام مانگەکەی یەکلایی نەکراوەتەوە ‌ﺀ گوتی: "ئەمساڵ فریای بەستنی کۆنگرە ناکەوین، بەڵام بە دڵنیاییەوە ساڵی داهاتوو پارتی کۆنگرە دەبەستێ، سەرکردایەتی حیزبیش مانگەکەی دیاری دەکات".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی پارتی جەخت لەوە دەکاتەوە کە هیچ کاتێک حیزبەکەی لە بەستنی کۆنگرە نەترساوە، بەڵام بارودۆخی هەرێمی کوردستان ‌ﺀ عێراق بووەتە هۆی دواخستنی کۆنگرە ‌ﺀ گوتی: "هۆکاری هەرە سەرەکی دواخستنی کۆنگرە پەیوەندی بە شەڕی داعشەوە هەبووە".

## "خوا بەخێری بگێڕێ"

ڕەنگە کۆنگرەی هیچ حیزبێک هێندەی کۆنگرەی یەکێتی قسەی لەسەر نەکرێ، ئەمەش زیاد لە هۆکارێکی هەیە، ئەگەر بەشێکی پەیوەندی بە ململانێکانی نێو ئەو حیزبەوە هەبێت، ئەوا بەشێکی دیکەی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە یەکێتی لەکاتێکدا بڕیاری بەستنی کۆنگرەی چواری داوە، تاڵەبانی لە ژیاندا نەماوە و بۆ شوێنگرەوەی ئەویش تاوەکو ئێستا، کەسێک نییە هەموو سەرکردەکانی ئەو حیزبە لەسەری کۆک بن، ئەمەش وەک بەشێک لە سەرکردەکانی ئەو حیزبە باسی دەکەن، گرفتێکی گەورەی بەردەم کۆنگرەیە.

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەباری کاتی بەستنی کۆنگرەی حیزبەکەی بە (ڕووداو)ی گوت: "هیچ بڕیارێک بۆ دواخستنی کۆنگرە نییە، بەڵام پێشتریش گوتوومە خوا بەخێری بگێڕێ".

## گۆڕان کۆنفرانسی نیشتیمانی دەبەستێ

ڕەنگە بێ کێشەترین کۆنگرە ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان بێت کە بە کۆنفرانسی نیشتمانی ناسراوە، چونکە هیچ هەڵبژاردنێکی تێدا ناکرێت، بەڵام پەتای دواخستنی کۆنگرە ئەویشی گرتووەتەوە، ئەو بزووتنەوەیە کە لە 2009/7/25 دامەزراوە، لە 2012 کۆنفرانسی نیشتمانی بەستووە، دەبوو چوار ساڵ دواتر واتە لە 2016دا کۆنفرانسی نیشتیمانی ببەستێ.

نزار مەحموود، ئەندامی جڤاتی نیشتیمانیی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە هیچ ڕێگرییەک بۆ بەستنی کۆنفرانسی نیشتمانی نییە ‌ﺀ گوتی: "ئەگەر هەیە لە مانگی 12 کۆنفرانسی نیشتیمانی بکەین، دواتریش هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی گۆڕان بکرێت".

سەبارەت بە هۆکاری دواخستنی کۆنگرەش لەلای ئەوان گوتی: "شەڕی داعش هۆکاری سەرەکی بووە، لەلای ئێمە هیچ کاتێک هەڵبژاردنی کەسە یەکەمەکانی حیزب نەبووەتە کێشە، لە 14ی ئەیلوولی ئەمساڵ خەڵکی ئەوەی بینی کە چۆن لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا گۆڕان ڕێکخەر ‌ﺀ ئەندامانی خانەی ڕاپەڕاندنی هەڵبژارد، بۆیە ئێمە هیچ کاتێک لە بەستنی کۆنگرە نەترساوین".

## کۆنگرەی کۆمەڵ

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان کە لە 2001/5/31 دامەزراوە، لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تاوەکوئێستا عەلی باپیر ئەمیریەتی، تا ئێستا سێ کۆنگرەی بەستووە و دەبوو لە 2019/6/1 کۆنگرەی چوارەم ببەستێ. کۆمەڵ وەک بەشێکی حیزبە سەرەکییەکانی کوردستان کۆنگرەی دواکەوتووە، بەڵام چەند ساڵێک نا، بەڵکو چەند مانگێک.

ڕێبوار حەمەد، گوتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی لەبارەی دواخستنی کۆنگرەکەیان، بە (ڕووداو)ی گوت، هۆکاری دواخستنی کۆنگرەکەیان بۆ چەند مانگێک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، بەهۆی هەڵبژاردنی ساڵی ڕابردووی پەرلەمانی کوردستان نەیانتوانیوە ئامادەکاری باش بکەن بۆئەوەی لەکاتی خۆیدا کۆنگرە ببەستن ‌ﺀ گوتی: "ئێستا ئێمە بۆ کۆنگرە دەستمان بە ئامادەکاری کردووە، هەر کۆنفرانسی مەڵبەندەکان تەواو بێت، کاتی بەستنی کۆنگرە دیاری دەکەین، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانم بڵێم کۆتایی ئەمساڵ یان سەرەتای ساڵی داهاتوو کۆنگرەی چوارەم دەبەستین".

## یەکگرتوو کۆنگرەی پێشخست

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە 1994/2/6 دامەزراوە، تاوەکو ئێستا حەوت کۆنگرەی بەستووە ‌ﺀ دوایین کۆنگرەی لە کۆتایی مانگی 5ی 2016 بوو، دەبووایە لە مانگی 5ی 2020 کۆنگرەی هەشتەم ببەستێ، بەڵام بەهۆی ئەنجامەکانی ئەو حیزبە لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە ژمارەی کورسییەکانی لە 10 کورسییەوە بۆ پێنج کورسی کەم بووەوە، ڕۆژی 2018/10/25 لە کۆنفرانسێکدا لە شاری دهۆک بڕیاری پێشخستنی کۆنگرەیان دا.

شێرکۆ جەودەت، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەوان تاکە حیزبی دیاری کوردستانن پابەندی کاتەکانی بەستنی کۆنگرە بوون ‌ﺀ گوتی: "پشتیوان بەخوا کۆتایی ئەم مانگە کۆنگرەی هەشتەمی حیزب دەبەستین".




## یەکێتییەکانی بادینان:

# هەڵەی کۆنگرەی پێشوو دووبارە ناکەینەوە و لیست دروست دەکەین

ناسر عەلی
ڕووداو– دهۆک

ئامادەکارییەکان بۆ کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی لە بادینان بەردەوامن، دوای کۆنفرانسی کۆمیتەکان، مەڵبەندەکانی ئەو حیزبە لە دهۆک و مووسڵ و شنگال چاوەڕێی فەرمانی حیزبەکەیان دەکەن بۆ دەستپێکردنی کۆنفرانسی مەڵبەندەکان. هەرسێ مەڵبەندەکە خەریکی دروستکردنی کۆدەنگین بۆ ئەوەی نوێنەریان لە سەرکردایەتی داهاتووی یەکێتیدا هەبێ، بۆ ئەمەش لیستی خۆیان دەبێ.

دوو هەفتەیە لیژنەی باڵای کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی لە دەڤەری بادینان دەستی بە ئامادەکاری کردووە. لە کۆمیتەکانی سنووری دهۆک، مووسڵ و شنگال کۆنفرانسی کۆمیتەکان تەواو بوون، ماوەتەوە کۆنفرانسی مەڵبەندەکان.

کێبڕکێ بۆ گەیشتن بە سەرکردایەتی، لە نێو یەکێتییەکانی بادینان دەستپێیکردووە. بەڵام ئەوان دەڵێن نایانەوێ هەڵەی کۆنگرەی ڕابردوو دووبارە بکەنەوە.

لە کۆنگرەی سێی یەکێتیدا، بادینان تەنیا یەک نوێنەری لە سەرکردایەتی ئەو حیزبەدا هەبوو، ئەویش عارف ڕوشدی بوو، بەڵام دەنگی پێویستی بۆ سەرکردایەتی نەهێنابوو، بۆیە بە تەزکیەی مام جەلال بوو بە ئەندامی سەرکردایەتی، لەکاتێکدا 10%ی ئەندامانی کۆنگرەی سێ خەڵکی بادینان بوون. زۆری نەبرد عارف ڕوشدی لە یەکێتی هەڵگەڕایەوە و ئێستا ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسی پارتییە.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەو حیزبە، بەرپرسی مەڵبەندەکان دەبێ ئەندامی سەرکردایەتی بن، هەر ئەمەش یەکێتی ناچار کردبوو لە هەولێر و سلێمانییەوە ئەندامی سەرکردایەتی بۆ وەرگرتنی بەرپرسیارێتی مەڵبەندەکان بنێرێ.

عەلی مستەفا، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی چواری یەکێتی لە بادینان، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەمجارە لە بادینان کۆدەنگییەک هەیە، بەڵام نازانین سەردەگرێ یان نا، دوای کۆنفرانسی مەڵبەندەکان، کۆبوونەوەیەک دەکەین بۆ ئەوەی بزانین ئێمە دەتوانین چەند ئەندام سەربخەین بۆ سەرکردایەتی".

ئەگەرچی لە کۆنگرەی سێدا بادینییەکان 100 ئەندامیان هەبوو، بەڵام بەهۆی زۆریی کاندیداکانیان بۆ سەرکردایەتی هیچیان دەرنەچوون.

عەلی مستەفا کە خۆی یەکێک بوو لە کاندیداکان، دەڵێت: "ڕاستە لە کۆنگرەی ڕابردوودا ژمارەی کاندیداکانی بادینان زۆربوون، بەڵام هەڵەکە تەنیا ئەوە نەبوو، ڕکابەرییەکی توند لە نێوان سلێمانی و هەولێر و گەرمیان هەبوو، بەشێک لە باڵەکانی یەکێتی دەستیان خستە نێو ئەندامانی بادینان، ئێمە نەمانتوانی بەرگەی ئەو باڵبالێنە بگرین، هەر بۆیە کەسمان نەگەیشتینە سەرکردایەتی".

گوتیشی: "ئەمجارەش باڵەکان بەنیازی دەستێوەردانن، بەڵام ئەندامانمان ئەمجارە ڕژدن لەسەر ئەوەی بە یەکگرتوویی بچنە کۆنگرەوە، بۆ ئەوەی بتوانن چەند ئەندامێکی بادینان بۆ سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی سەربخەن".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، لە سنووری مەڵبەندەکانی دهۆک، مووسڵ و شنگال، نزیکەی 20 کەس بە تەمای سەرکردایەتین. عەلی مستەفا دەڵێت: "لەبەر ئەوەی یەکێتی درەنگ کۆنگرە دەبەستێ، ژمارەیەکی زۆر لە کادیرانمان تموحی سەرکردایەتییان هەیە، ئەگەر یەکگرتوو بین دەتوانین ئەندامان لە سەرکردایەتیدا هەبێ".

بەپێی ئەو پرۆژانەی بۆ کۆنگرەی یەکێتی هەن، ئەمجارە بادینییەکان ئەندامیان بۆ سەرکردایەتی مسۆگەرە. عەلی مستەفا ئاماژە بە ناوەڕۆکی پرۆژەکان دەدات و دەڵێت: "پرۆژەیەک هەیە کە ئەندامانی سەرکردایەتی بۆ دەڤەری بادینان بە کۆتا دابنرێن. بۆ ئەمەش دوو بیرۆکە هەیە، یەکەم: بۆ دهۆک سێ ئەندام و بۆ مووسڵ سێ ئەندام و بۆ شنگالیش دوو ئەندام. دووەمیش بۆ دهۆک دوو ئەندام و بۆ مووسڵ دوو ئەندام و بۆ شنگالیش یەک ئەندام هەبن".

لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا لە 3ی ئەیلوولی 2018، نزیکەی 17%ی دەنگەکانی یەکێتی لە دەڤەری بادینان بوون، یەکێتییەکانی بادینان گلەییان هەیە و دەڵێن هیچ وەزیرێکیان لە حکومەتدا نییە.

عەلی مستەفا دەڵێت نەک تەنیا جەماوەری یەکێتی، بگرە جەماوەری پارتیش هەمان گلەییان هەیە، سەرکردایەتی یەکێتیش هەتا ئێستا وەکو پێویست گرنگییان بە یەکێتییەکانی بادینان نەداوە، ئێمە هەم لە حکومەتی لۆکاڵی بادینان بێبەش بووین و هەمیش لە پۆستەکانی یەکێتی لە سەرکردایەتی و حکومەتیش بێبەشین، تەنانەت بەرپرسی مەڵبەندەکانمان خەڵکی سلێمانی و هەولێرن".

هۆگر سەلیم، کادری پێشکەوتووی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە سنووری قەزای ئامێدی بە ئومێدەوە دەڕوانێتە ئەم کۆنگرەیە و دەڵێت: "ئومێدی گەورەمان بەو کۆنگرەیە هەیە کە ئەندامی بادینان بگەنە سەرکردایەتی". ئەو پێیوایە بەشێک لە هۆکاری پشتگوێخستنیان پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە و دەڵێت: "بەرپرسەکانمان بێ هەڵوێست بوون، خەڵکمان کردووەتە نوێنەری خۆمان، کەچی بۆ ئۆتۆمبێلێک و پارچە زەوییەک خۆی بە حیزبی دیکە فرۆشت".

بەرپرسێکی یەکێتی لە بادینان:

**باڵەکانی یەکێتی وازمان لێناهێنن**

**20 کەس لە بادینان چاویان لە سەرکردایەتییە**

کادیرێکی یەکێتی:

**خەڵکمان کردە نوێنەری خۆمان بە ئۆتۆمبێلێک و پارچە زەوییەک خۆی فرۆشت**

# کورد لە بەغدا دەبنە دوو کوتلە

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق:
**پێویستە فراکسیۆنە کوردییەکان لە بەغدا یەکهەڵوێست بین**

ئەحمەد حاجی ڕەشید، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی:
**ئێمە گروپێکی 15 کەسیمان هەیە و هەڵوێستی تایبەت بەخۆمان دەبێ**

زریان حاجی
ڕووداو- هەولێر

ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، دەستلەکارکێشانەوەی د.عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراقی پەسەند کرد، بەمەش کابینەی عەبدولمەهدی بۆ ماوەی 30 ڕۆژ دەبێتە حکومەتێکی کاربەڕێکەر. بەرپرسانی کوردیش لە بەغدا لەو باوەڕەدان هەویری دانانی سەرۆکوەزیرانێکی نوێ ئاوێکی زۆر دەکێشێ.

عادل عەبدولمەهدی کە لە 2018/10/25 بوو بە سەرۆک وەزیرانی عێراق، لەژێر گوشاری خۆپیشاندەراندا لە ڕۆژی 2019/11/29 نامەی دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەران کرد، ئەنجوومەنی نوێنەرانیش لە دانیشتنی خۆیدا لە ڕۆژی 2019/12/1 داوای دەستلەکارکێشانەوەکەی پەسەند کرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا محەممەد حەلبووسی، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند "بە نووسراوی فەرمی داوا لە بەرهەم ساڵح، سەرۆککۆماری عێراق دەکەین بەپێی ماددەی 76ی دەستوور کەسێکی دیکە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت ڕابسپێرێت".

بەپێی ماددە 61ی دەستووری عێراق، بە پەسەندکردنی دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی لەلایەن پەرلەمانەوە، حکومەتی عێراق دەبێتە کاربەڕێکەر و سەرۆکوەزیران و کابینەکەی بەردەوام دەبن لە ڕاپەڕاندنی کارەکانی حکومەت تەنیا بۆ 30 ڕۆژ تاوەکو کابینەی نوێی حکومەت پێکدەهێنرێ و دەسەڵاتی کابینەکەش سنووردار دەبێت.

د.بەشیر حەداد، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "تا ئێستا هیچ جێگرەوەیەک بۆ عادل عەبدولمەهدی نییە، هەر ناوێکیش هەبێت، دەبێ کۆدەنگیی لایەنەکانی لەسەر بێ، ئەمە کارێکی ئاسان نییە، چونکە خۆپیشاندەران داوای گۆڕینی سەرلەبەری پرۆسەی سیاسییان کردووە، ئێمەش بەرژەوەندیی عێراق بە گشتی و بەرژەوەندیی کورد چییە، ئەوە دەکەین".

لە دوای 2003 کابینە یەک لە دوای یەکەکانی حکومەتی عێراق لەسەر بنەمای تەوافوق دامەزراون، بۆیە دانانی کەسێکی دیکە لە شوێنی عادل عەبدولمەهدی بە تەوافوقی کوتلەکان کارێکی ئاسان نابێ.

حەداد دەڵێت: "پێویستە سەرۆککۆمار داوا لە کوتلەی گەورەی پەرلەمان بکات کەسێک دەستنیشان بکات، بەڵام دەستنیشانکردنی کوتلەی گەورەش بۆخۆی کێشەیە، چونکە کوتلەی گەورە نییە، هەر دانانی عادل عەبدولمەهدیش بەهۆی ڕێکنەکەوتنی لایەنەکان بوو".

موسەنا ئەمین، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق، پێیوایە دەبێ لایەنەکان بەدوای دەموچاوێکی نوێدا بگەڕێن، چونکە خۆپیشاندەران دەموچاوە کۆنەکانی وەکو ئیبراهیم جەعفەری، نووری مالیکی و حەیدەر عەبادییان قبوڵ نییە و ئەوان پێشتر تاقیکراونەتەوە: "ئەوان دەموچاوێکی نوێیان دەوێت کە بەهێزبێت و بتوانێت ئەمنیەت بەرقەرار بکات و میلیشیاکان کۆبکاتەوە و گەندەڵکاران بداتە دادگا، هاوکات سەرپەرشتی هەڵبژاردنێکی پێشوەخت و تەندروست بکات کە سیاسییە کۆنەکان ناتوانن ئەمە بکەن".

لەدوای 2003 وە، عادل عەبدولمەهدی تاکە سەرۆکوەزیرانی عێراقە کە کورد بە وازهێنانی نیگەران بووە، چونکە ڕۆڵی هەبوو لە نەهێشتنی ئەو ناکۆکیانەی لە سەردەمی کابینەکانی نووری مالیکی و ئیبراهیم جەعفەری و حەیدەر عەبادی لە نێوان هەولێر و بەغدا دروست بوون.

ئێستا کورد ترسی هەیە بە نەمانی عادل عەبدولمەهدی، گرفت بۆ ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا دروست ببێ. بەڵام ئەحمەد حاجی ڕەشید، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی و ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، نەمانی عەبدولمەهدی بە گرفت نازانێ و دەڵێت: "کاریگەری دەستلەکارکێشانەوەکەی عادل عەبدولمەهدیش لەسەر هەرێمی کوردستان هەر ئەوەندەیە کە نەرم بوو لەگەڵی، ئەگەرنا هەرێم لەگەڵ دامودەزگا مامەڵە دەکات نەک شەخس".

هەر لەوبارەوە عەدنان موفتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی دەڵێت: "هەر حکومەتێک لە عێراق دروست ببێت، دەبێت بەم ڕێککەوتنەوە پابەند بێت، عادل عەبدولمەهدیش لە چوارچێوەی یاسا و دەستوور بترازێ، شتێکی زیادی بۆ هەرێمی کوردستان نەکردووە، دۆخی عێراقیش بە ڕۆیشتنی ئەو چاک نابێ".

هەفتەی ڕابردوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی یەکێتی و گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی کرد و داوای یەکڕیزی و یەکدەنگیی فراکسیۆنە کوردستانییەکانی لە بەغدا کرد.

ڤیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت: "بەرژەوەندیی خەڵکی هەرێمی کوردستان وا دەخوازێت کە ئێمە وەک فراکسیۆنە کوردییەکان لە بەغدا یەکهەڵوێست بین، داواکارییەکەی سەرۆکی هەرێمیش بۆ ئەو مەبەستە بوو کە کورد لە بەغدا یەکدەنگ بن".

بەڵام ئەحمەد حاجی ڕەشید ئەو یەکدەنگییە بە دوور دەزانێ و دەڵێت: "ئێمە گروپێکی 15 کەسیمان دروستکردووە کە لە پەرلەمانتارانی گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی و نەوەی نوێ و هاوپەیمانی نیشتمانی پێکهاتوون، بۆ پرسەکانی حکومەت و پەرلەمان هەڵوێستی تایبەت بە خۆمان دەبێ".

لەبارەی داواکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بۆ یەکدەنگیی کورد لە بەغدا کە ئاخۆ گروپە 15 کەسییەکە داواکە ڕەتدەکەنەوە، ئەحمەد حاجی ڕەشید گوتی: "مەرج نییە، ئەگەر بزانین بەرژەوەندی کوردستانی تێدایە دەرگامان بۆ هەموو گفتوگۆیەک کراوە دەبێت".

کوێستان محەممەد، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:

# زۆربەی پرۆژەکانی قەرزی بچووک فەشەلیان هێناوە

گۆڕانکاریمان لە ڕێنماییەکانی قەرزی بچووکدا کردووە

سەرۆکی حکومەت لیژنەیەکی باڵا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی شەڵتەرەکان پێکدێنێ

زریان حاجی
ڕووداو- هەولێر

کوێستان محەممەد، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگترین ئەو خاڵانە باس دەکات کە لە کارنامەی وەزارەتەکەیدا جێی بۆ کردوونەتەوە، لەوانەش پرۆژە یاسای کار، هەموارکردنەوەی یاسای خانەنشینی و یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی کە پێیوایە بە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانە ڕەوشی کرێکاران لە کوردستان باشتر دەبێ.

کوێستان محەممەد کە لەسەر پشکی گۆڕان ئەو پۆستەی لە کابینەی نوێدا وەرگرتووە، لە هەڤپەیڤینێکدا تیشک دەخاتە سەر پرۆژەکانی وەزارەتەکەی، لەوانەش قەرزی بچووک کە لەدوای قەیرانی داراییەوە ڕاگیراوە. ئەو دەڵێت "هەر لە سەرەتاوە هەوڵمان داوە ڕێنماییەکانی پێدانی قەرزی بچووک دەستکاری بکەین، چونکە بەپێی بەدواداچوونی ئێمە زۆربەی ئەوانەی قەرزی بچووکیان وەرگرتووە، پرۆژەکانیان فەشەلی هێناوە".

هەروەها دەڵێت کە داوایان لە حکومەتی هەرێم و بانکی ناوەندیی عێراق و چەند ڕێکخراوێک کردووە پارە بخەنە سندوقی قەرزی بچووکەوە.

وەزیری کار ئاماژە بە ڕێنماییە نوێیەکانی پێدانی قەرزی بچووک دەکات و دەڵێت: "نابێت بڕی قەرزەکە لە 15 ملیۆن دینار زیاتر بێ. هەروەها دەبێت لە ماوەی شەش ساڵدا بدرێتەوە، ساڵی یەکەم کە قەرزەکە وەردەگیرێت هیچ پارەیەک نادرێتەوە، بەڵام لە ساڵی دووەمەوە مانگانە کوژمەیەک پارە بەپێی بڕی قەرزەکە وەردەگیرێتەوە. هەروەها ئەوانەی قەرزەکە وەردەگرن دەبێ تەمەنیان لە نێوان 16 بۆ 35 ساڵ بێ".

سەبارەت بە کاتی دەستپێکردنەوەی پرۆژەی قەرزی بچووک، کوێستان محەممەد دەڵێت تا ئێستا کاتەکەی دیار نییە، چاوەڕێی ڕێککەوتنی بەغدا و هەولێر و پەسەندکردنی بودجە دەکەن.

بەپێی ڕووپێوییەکانی دەستەی ئامار، ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان بەراورد بە کاتی قەیرانی دارایی 4.5% کەمی کردووە، ساڵی ڕابردوو ڕێژەی بێکاری 9% بووە لە هەرێمی کوردستان.

وەزارەتی کار، لە ڕێگەی حەوت سەنتەری بەکارخستنەوە کار بۆ بێکاران دەدۆزێتەوە. بەپێی ئاماری وەزارەتی کار، ساڵی ڕابردوو 2401 بێکار داوای کاریان کردووە، سەنتەرەکانیش 1193 دەرفەتی کاریان دۆزیوەتەوە، پەیوەندیان بە 1259 بێکارەوە کردووە، 664 بێکار بە کارەکان ڕازی نەبوون. 146 کەسیش وەڵامیان نەداوەتەوە، 123 کەس خۆیان کاریان دزیوەتەوە و تەنیا 326 کەس چوونەتە سەر کار.



کوێستان محەممەد ئاماژە بە بەرنامەی وەزارەتەکەی دەکات بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری و دەڵێت: "ئێمە یاسای کارمان بۆ حکومەت ناردووە تا هەموار بکرێتەوە، جگە لەوە بەڕێوەبەرێتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتیمان هەیە کە ڕۆژانە سەردانی کۆمپانیا و ڕێستۆرانت و ئوتێل و مارکێت و مۆڵەکان دەکەن تا بزانن ئەو شوێنانە پێویستیان بە چەند دەستی کار هەیە و لەلای خۆیان تۆماری دەکەن، ڕۆژانەش خەڵکی بێکار لەڕێی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەوە کاری بۆ دەدۆزرێتەوە".

ساڵی 2011 یاسای ماف و ئیمتیازی تایبەت بە کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوو، ئەگەرچی یاساکە چەندین دەستکەوتی باشی بۆ کەمئەندامان تێدایە، بەڵام کەمئەندامان گلەییان لە جێبەجێنەکردنی یاساکە هەیە.

کوێستان محەممەد دەڵێت: "ئێمە کار لەسەر دوو شت دەکەین: یەکەم ئەنجوومەنی شیاندنی کەمئەندامانمان هەیە. تا ئێستا دوو کۆبوونەوەمان کردووە و لە دوایین کۆبوونەوەدا دوو لیژنە دروستکراون بۆ بەدواداچوونی ئەو مادە و بڕگانەی یاساکە کە تا ئێستە جێبەجێ نەکراون. لیژنەی دووەم تایبەت کراوە بە دانیشتن لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی لەسەر شانیانە بۆ کەمئەندامانی بکەن". خاڵی دووەمیش کە ئیشی لەسەر دەکەن بە گوتەی کوێستان محەممەد، هەموارکردنەوەی یاساکەیە. هەمواری یاساکە ئامادە کراوە و لە ڕۆژانی داهاتوودا ڕەوانەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێ بۆ ئەوەی ئەوانیش بینێرن بۆ ئەنجوومەنی دادوەری تا سەرنج و تێبینی خۆیانی لەسەر بدەن، پاشان ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێ.

یاسای کەمئەندامان هەموار دەکەینەوە

لە یەکەم ڕۆژی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، وەزیری کار لەگەڵ سەرۆکی حکومەت سەردانی شەڵتەرێکی ئافرەتانیان کرد. کوێستان محەممەد دەڵێت شەڵتەرەکان کێشەیان زۆرە، داواکاری هەر چوار شەڵتەرەکەیان خستووەتە بەردەم سەرۆکی حکومەت، ئەویش بەڵێنی پێداون لیژنەیەکی باڵا بۆ بەدواداچوونی کێشەی شەڵتەرەکان دروست بکات کە بریتین لە خراپی و بچووکیی شوێنەکان، کەمیی بودجە، نەبوونی ئۆتۆمبێل، کەمیی ستاف و پاسەوان.

د.دارا ڕەشید، ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری هەرێمی کوردستان بۆ (ڕووداو):

# 74 ملیار دینار بۆ بودجەی مانگانەی پێشمەرگە دانراوە

ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق پرۆژە یاسای بودجەی 2020ی پەسەند کردووە

لە سەرەتای ساڵەوە ڕۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی سۆمۆ دەکەین



ڕووداو- هەولێر

بەرلەوەی بەرەو بەغدا بەڕێبکەوێ، میوانی (ڕووداو) بوو. د.دارا ڕەشید، وەزیری پلاندانانی هەرێمی کوردستان کە ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری هەرێمی کوردستانە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ بەغدا لەسەر پرسی بودجە و وزە، دەڵێت ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق پرۆژە یاسای بودجەی گشتیی عێراقی بۆ ساڵی 2020 پەسەند کردووە و بەشی هەرێمی کوردستانیش لە پرۆژەکەدا جێگیرکراوە. هەروەها دەڵێت لە سەرەتای ساڵی نوێوە هەرێمی کوردستان 250 هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی کۆمپانیای سۆمۆ دەکات.

دوایین کۆبوونەوەی شاندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەنجوومەنی ئابووریی عێراق بوو کە پێکدێن لە وەزیری دارایی، نەوت و پلاندانان. دارا ڕەشید وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت ڕێککەوتنەکەیان قۆناغی باشی بڕیوە، ئەوەی جێگەی خۆشحاڵیی ئەوانە "ڕۆژی شەممەی ڕابردوو ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندی داوە پرۆژەی بودجەی 2020 بنێرێتە پەرلەمان". واتە پێش قبوڵکردنی دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لەلایەن پەرلەمانەوە کە دوای پەسەندکردنی دەستلەکارکێشانەوەکە حکومەت دەبێتە کاربەڕێکەر و دەسەڵاتی ناردنی پرۆژە یاسای بۆ پەرلەمان نابێ.

بە گوتەی ناوبراو، دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی کاریگەری لەسەر یاسای بودجە نابێ، چونکە حکومەتی داهاتووش پابەند دەکرێ بە جێبەجێکردنی یاسای بودجەی گشتیی عێراق.

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە بڕیاری دا لاپەڕەیەکی نوێ لەگەڵ بەغدا بکاتەوە و وەک نیازپاکیش ئامادەیی خۆی نیشاندا کە ڕۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی کۆمپانیای سۆمۆ بکات، لە بەرامبەریشدا بەغدا شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بدات.

د.دارا ڕەشید دەڵێت: "لە کۆبوونەوەی ڕابردووش جێگیرمان کرد کە لە 2020/1/1ـەوە 250 هەزار بەرمیل نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆ بفرۆشین. لە بەرامبەردا هەرێمی کوردستان شایستە داراییەکانی خۆی بەگوێرەی دەستوور وەردەگرێ".

سەبارەت بە پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق کە دەگوترێ 900 ملیۆن دۆلارە، د.دارا دەڵێت ڕەنگە زیاتریش بێ، چونکە لە کۆی داهاتی عێراق پشکی ئێمە 12.67%ی بودجەیە. ئەگەر نەفەقاتی سیادی کەم بکرێتەوە کە ئێمە هەوڵی کەمکردنەوەی دەدەین، پشکی هەرێمی کوردستان زیاتر دەبێ.

بودجەی عێراق بۆ ساڵی 2020 بە 145 تریلیۆن دینار خەمڵێنراوە. 45%ی بۆ نەفەقاتی سیادی و حاکیمە دەڕوات. لەوەی کە دەمێنێتەوە 12.67%ی دەدرێتە هەرێمی کوردستان.

لە یاسای بودجەی گشتیی عێراقدا بۆ ساڵی 2019 مانگانە 68 ملیار دینار بۆ بودجەی پێشمەرگە دانرابوو، بەڵام خەریکە ساڵ تەواو دەبێ و بەغدا یەک دیناری بۆ پێشمەرگە نەناردووە. د.دارا دەڵێت: "ئێمە هەوڵدەدەین پێش ئەوەی ساڵی دارایی 2019 تەواو ببێ، ئەو پارەیەی پێشمەرگە وەربگرین. بۆ بودجەی ساڵی 2020یش لەبەر ئەوەی بودجەی بەرگری زیادی کردووە، بودجەی پێشمەرگە لە 68 ملیار دینارەوە زیادی کردووە بۆ 74 ملیار دینار".

ئەگەر بودجە پەسەند نەکرا یان دواکەوت پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چییە؟ د.دارا ڕەشید دەڵێت: "ئاساییە پەسەندکردنی بودجە دوابکەوێت، لەو باوەڕەشدا نین دوابکەوێ. بەڵام ئێمە مەبدەئیەن ڕێککەوتووین لە یاسای بودجەی 2020 کێشەمان نابێ. ئەگەریش بودجە دواکەوت چەند چارەسەرێک هەیە، ڕەنگە لەگەڵ حکومەتی عێراق لەسەر سیغەیەک ڕێکبکەوین". لەوانەش وەک ئەو گوتی، خەرجکردنی بەشێکی بودجە تاوەکو بودجەکە پەسەند دەکرێ.

بودجەی وەبەرهێنان بەستراوەتەوە بە خەرجکردنی ئەو بودجەیە بۆ پارێزگاکانی عێراق، واتە ئەگەر لەوێ خەرج نەکرێ لێرەش خەرج ناکرێ، لە کاتێکدا پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئارامن.

د.دارا ڕەشید لەوبارەیەوە دەڵێت: "ئێمە پێشتر قسەمان لەسەر ئەو بابەتە کردووە. لە خەرجیی فیعلی عێراق ئەوەندەت دەداتێ کە خەرج کراوە، نەک تەرخانکراوە. بۆ نموونە ئەمساڵ بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان 2.7 ترلیۆن دینار دانراوە. ئەو پارەیە خەیاڵییە ئەگەر بتوانین وەریبگرین هەرێمی کوردستان دەبێ بە شتێکی دیکە. لە بەغدا دەنگێکی باش هەبوو کە داوای دەکرد هەرێمی کوردستان شایستە داراییەکانی خۆی بدرێتێ، ئەو بۆ خۆی چۆنی دابەش دەکات بیکات".

سەبارەت بە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانیش، وەزیری پلاندانان گوتی: "970 ملیار دینار بۆ بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی عێراق دانراوە کە 12.67%ی بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێ".

**بودجەی عێراق و پشکی هەرێمی کوردستان:**

- 154 ملیار دینار بودجەی خەمڵێنراوی عێراق بۆ ساڵی 2020
- %45 بودجەی سیادی
- %55 بودجەی تەشغیلی و وەبەرهێنان
- 10 ترلیۆن دینار، پشکی هەرێمی کوردستان
- 568 ملیار دینار پشکی پێشمەرگە لە بودجەی بەرگری
- 342 ملیار دینار پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی وەبەرهێنان
- 123 ملیار دینار پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان

مەلا بەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بۆ (رووداو):

# داوا دەکەم لە جیاتی سکرتێر ناوەندی رابەرایەتی یەکێتی دروست بکرێ

لەم قۆناغەدا باوەڕم بە کەسی یەکەم بۆ یەکێتی نییە

بە پارە هەڵڕشتن و پیلان دارشتن کۆنگرەی هەڵسانەوە نابێت

ئاسان نییە کەس لەناو یەکێتی بتوانێ کەسی یەکەم بێت

هێزی چەکداری پەراگەندە زەرەری زۆری لە یەکێتی داوە


(فۆتۆ: رووداو)

رەنج سەنگاوی
رووداو- سلێمانی

بڕیارە رۆژی حەوتی کانوونی یەکەمی 2019، کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی نیشتمانی ببەسترێ، بەڵام لێپرسراوی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێت کە دڵنیا نییە کۆنگرە لە وادەی خۆیدا ببەسترێ، لەبەر ئەوەی ئامادەکارییەکان تەواونەکراون، جەخت لەوەش دەکاتەوە کە بە هەندێک میکانیزم پارە بۆ راکێشانی کادر رژێنراوە.

مەلا بەختیار سەبارەت بە ئەگەری بەستنی کۆنگرە لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا دەڵێ: "من خۆم دڵنیا نیم لە کاتی خۆیدا ببەسترێ". رەتیشیکردەوە کە تاکە هۆکارەکەی ئەوە بێ چارەنووسی سەرۆکوەزیرانی عێراق نادیارە یان مەلا بەختیار خۆی حەزی لە بەستنی کۆنگرێ نەبێ و گوتی "من خواخوامە سبەینێ بچمە هۆڵی کۆنگرەوە، من لە هیچ کۆنگرە و کۆنفرانسێک نەسڵەمیومەتەوە".

## لیژنەی ئارامکردنەوە

سەبارەت بە هۆکاری دواخستنی کۆنگرە، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی گوتی: "نیوەی کۆنفرانسی کۆمیتەکان تەواو بووە، دەستنیشانکردنی هەندێک لە نوێنەرانی کۆنگرە لە مەکتەبەکان کراوە و ماوەتەوە کۆنفرانسی مەڵبەندەکان کە لە هەمووی گرنگترە بۆ دیاریکردنی ئەندامانی کۆنگرە. ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە لە مەکتەبی سیاسی لیژنەیەک بەناوی "لیژنەی ئارامکردنەوە" پێکهێنراوە، ئەوەش بۆ "چارەسەری هەندێک کێشەی هەڤاڵان و ئەم هەڵبژاردنانە" دروستکراوە.

رۆژی هەینیی رابردوو، عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە ئەوەش دوای نزیکەی دوو مانگ لە خۆپیشاندان و کوژرانی 400 کەس، رۆژی یەکشەممەش پەرلەمانی عێراق دەستلەکارکێشانەوەکەی پەسەند کرد.

وادیارە ئەو پەرەسەندنە نوێیەی عێراق بێ کاریگەری نەبووە لەسەر ئەوەی بیر لە دواخستنی کۆنگرەی یەکێتی بکرێتەوە. مەلا بەختیار لەوبارەوە گوتی: "ئەوەندەی من دەیبیستمەوە، لە مەکتەبی سیاسی گوتوویانە دۆخی عێراق تێکچووە و کێشەمان هەیە لە مەسەلەی هەڵبژاردنەکاندا و مەسەلەی ئەو گوشارانەی بۆ دیاریکردنی ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە هەیە، بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی گوتوویانە دوایبخەین باشە".

> بەبێ کۆنگرە سەپاندنی هیچ کەسێکم قەبووڵ نییە

## پرۆژەکانی نێو کۆنگرە

یەکێک لەو فاکتەرانەی وایکردووە کۆنگرە دوابخرێ، ئەوەیە هیچ لایەنێک لە پرۆژەکانی خۆی بۆ ناو کۆنگرە دڵنیا نییە، لەو کاتە کەمەش کە ماوە ئەستەمە لایەنەکان بتوانن پێش چوونە ناو کۆنگرە دڵنیایی پێویست بۆ پرۆژەکانیان بەدەستبهێنن.

لێپرسراوەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەوبارەوە دەڵێ: "من دڵنیایی ئەوە دەدەم، هیچ لایەک و هیچ پرۆژەیەک لەو پرۆژانە لە خۆی دڵنیا نییە بێتە ناو کۆنگرەوە و هەموو کۆنگرە دەنگی بۆ بدات، نەک من، بەڵکو هیچ کەسێک دڵنیا نییە، هەر بۆیە پاساو بۆ ئەوە دەدۆزرێتەوە کە جارێ کۆنگرە نەبەسترێ".

سەبارەت بەوەش کە ئەگەر کۆنگرە دوابخرێ کەی دەبەسترێ، مەلا بەختیار دەڵێ: "نازانم، بڕیار نییە دوابخرێ، بەڵام من وایدەبینم دوادەخرێ، چەند دوادەخرێ، ئەویش نازانم".

## هەڵڕشتنی پارە

بەرپرسەکەی یەکێتی دەڵێت کۆنفرانسی کۆمیتەکان "٪90ی سەرکەوتوو بوو"، بەڵام جەخت لەوە دەکاتەوە کە "تا ئێستا پارە هەڵڕشتن هەیە". ئەو رای وایە "بە پارە هەڵڕشتن و پیلان دارشتن کۆنگرەی هەڵسانەوە ناکرێ". سەبارەت بە هۆکاری ئەو پارەهەڵڕشتنەش، مەلا بەختیار دەڵێ: "هەندێک پارە لابەلا بە بەردەوامی دراوە، ئێستاش دەدرێت بۆ کڕینی ویژدانی کادیر، بۆ ئەوەیە کادیر بەو ئاراستەیە ببردرێت کە ئەو کەسە تەکەتولانە دەیانەوێ. من ئەمەم پێ خراپە".

> مەکتەبی سیاسی لیژنەیەکی بە ناوی "ئارامکردنەوە" پێکهێناوە

مەلا بەختیار کە ناوە راستەقینەکەی حیکمەت محەممەد کەریمە، کێشەی لەگەڵ خەرجکردنی پارە لە کۆنفرانسەکان نییە، بەڵام پێیوایە ئەو پرۆسەیە دەبێ بە میکانیزمێکی گونجاو بکرێ و دەڵێ "من پێموایە هەموو پێداویستییەکانی کۆنفرانسەکان ئەرکی ئیدارەی گشتییە جێبەجێی بکات... دەبێت ئیدارەی گشتی ئەو کارە بکات".

## جێگرەوەی تاڵەبانی

ئەوە یەکەم کۆنگرەی یەکێتییە دوای کۆچی دوایی مام جەلال، سکرتێری گشتیی پێشووی یەکێتی نیشتمانی ساز بکرێ. لە کۆنگرەی پێشووی یەکێتیدا لە 2010، سکرتێری گشتی بۆی هەبوو 120 ئەندامی کۆنگرە بێ هەڵبژاردن بەرێتە کۆنگرەوە. پرسیارێک کە دێتە ئاراوە ئەوەیە ئاخۆ ئێستا جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی هەمان دەسەڵاتی هەیە؟

کاربەدەستە باڵاکەی یەکێتی لەوبارەوە بە (رووداو)ی گوت: "ئەم گفتوگۆیە (لەسەر پرسی ئەو 120 ئەندامەی کۆنگرە) بەردەوامە، بەڵام تا ئێستا

> هیچ کەسێک لە پرۆژەکەی خۆی لە کۆنگرە دڵنیا نییە

ئەوەندەی من زانیاریم هەبێ، بڕیاریان داوە ئەو 120 کەسە دابەش بکەن بەسەر برادەرانی مەکتەبی سیاسی، جێگری سکرتێری گشتی و هەندێک لە ئۆرگانەکان و هەندێک لە کادیرە کۆنەکان، کادیرە سەرەکییەکانی یەکێتی کە بەڕاستی یەکێتی لەسەر شانی ئەوان لە مێژوودا هەڵساوەتەوە، ئێستا ناکرێ (ئەو کەسە) لەبەر ئەوەی ناچێتە هەڵبژاردنی کۆمیتەکان نەیهێنێت بۆ کۆنگرە".

> دڵنیانیم کۆنگرە لە کاتی خۆیدا ببەسترێ

مەلا بەختیار نایشارێتەوە کە "ئیشکالیەتی زۆر لە ریزەکانی یەکێتی سەبارەت بەم پرسە هەیە". بۆ ئەوەش نموونەی سەرۆکی زانکۆکان دەهێنێتەوە و دەڵێ: "سەرۆکەکانی زانکۆ چی لێدەکەیت؟ ئاخر مەعقولە سەرۆکەکانی زانکۆ نەیەن بۆ کۆنگرە؟ بەرپرسێکی پۆل کە شەش مانگە بووە بە یەکێتی و بتوانێت دەربچێ، بەڵام سەرۆکی زانکۆ نەهێنیت، یان کۆمەڵێک پرۆفیسۆر نەهێنی؟ کۆمەڵێک تێکۆشەر لەساڵی 1977 و 1978ـەوە ئەوەی کە کراوە کردوویانە، ئێستا مافیان نەدەیتێ بێنە هەڵبژاردن؟".

کۆچی دوایی مام جەلال ئەو پرسەشی هێناوەتە ئاراوە کە کێ پۆستی یەکەمی یەکێتی وەردەگرێ، یان ئەسڵەن ئەو پۆستە چی بەسەردێ. لێپرسراوەکەی یەکێتی دەڵێت: "بەداخەوە" پۆستی یەکەم زۆرترین رکابەریی لەسەرە، بەڵام بە ئاسانیشی نازانێ "کەسێک (لەناو یەکێتی) بتوانێ کەسی یەکەم بێت".

مەلا بەختیار لەگەڵ ئەوەیە "ناوەندی رابەرایەتی" لە یەکێتیدا دروست بکرێ، کە یارمەتیدەر بێ بۆ ئەوەی هەندێک لە کێشەکان چارەسەر بکات و هەم یەکێتی بتوانێ ئەو قۆناغە تێپەڕێنێ و "ئەوپەڕی 3 بۆ 4 ساڵی دیکە کۆنگرەیەکی دیکە ببەستین". ئەوە یەکەمجارە کاربەدەستەکەی یەکێتی لەبەردەم میدیادا ئەو پێشنیارەی خۆی بدرکێنێ.

ئەو لەبارەی پەیکەر و ئەرکەکانی ئەو ناوەندەوە گوتی: "لەگەڵ ئەوەم ناوەندێک هەبێ بە ناوی ناوەندی رابەرایەتی، 3 یان 5 یان ئەوپەڕەکەی 7 کەس بێت، لە کۆنگرە گفتوگۆ لەسەر ژمارەکەی بکرێت، خانەکانی دیاریکراو بن و هەر یەکێک لەو هەڤاڵانە سکرتێری کاروبارێک لە کاروبارەکانی یەکێتی بێت، هەر کەسێکیش لەمانە 2 یان 4 یان 6 ئەندامی سەرکردایەتی لەبەردەست بێ، بۆ ئەوەی ببن بە لیژنەیەک بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکەکان لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن".

> بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی داوای دواخستنی کۆنگرەیان کردووە

سەبارەت بە هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو ناوە، مەلا بەختیار بە (رووداو)ی گوت: "یەکەم شت من دەستەواژەی سەرۆکم هەر قەبووڵ نییە، ئەمە تەجاوەزی تەقالیدی یەکێتییە لە ژیانی حیزبایەتیدا، جوان نییە بۆ ئێمە... دەمێنێتەوە سەر سکرتێر، جێگری سکرتێر و ناوەندی رابەرایەتی لەسەر سکرتێر و جێگرەکانی سکرتێریش ئێستا کێشەمان هەیە، ئەوەندەی من بتوانم لەناو کۆنگرەدا ئەو چارەسەرە پێشنیار دەکەم، کە ناوم ناوە ناوەندی رابەرایەتی".

جەختی لەوەش کردەوە کە "من هەر خۆم باوەڕم بە کەسی یەکەم نییە لەو قۆناغەدا، (بۆیەش) ناوەندی رابەرایەتیم باسکرد".

## دوورکەوتنەوەی مەلا بەختیار

لێپرسراوی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی ماوەی ساڵێک و چەند مانگێکە لە کۆبوونەوەکان دوورکەوتووەتەوە، بەڵام وەک خۆی دەڵێ "دوورکەوتنەوەم پێ باشتر بوو، من هەمیشە گوتوومە دوورکەوتوومەتەوە، بەڵام زیخێک ناخەمە کانیاوی یەکێتی"، هەر لەوبارەوە دەڵێت: "حەساسیەتم لەگەڵ هیچ کەسێکی مەکتەبی سیاسی نییە"، سەبارەت بە هەڵوێستی خۆیشی ئەگەر کەسێ بە سکرتێر هەڵبژێردرا، دەڵێ: "کۆنگرە دەنگی پێبدات، ئەگەر فریا بکەوم یەکەم کەس دەبم دەچم دەست دەکەمە ملی و دەڵێم پیرۆزت بێ، بەڵام بێ کۆنگرە سەپاندنی هیچ کەسێکم قەبووڵ نییە".

لە ساڵی 2016 لەناو یەکێتیدا ناوەندێک بەناوی "ناوەندی بڕیار" دروستکرا کە مەلا بەختیار پێیوایە "ناوەندی بڕیار هەر لە بنەڕەتەوە ناوێکی هەڵە بوو"، چونکە "یەکێتی مەکتەبی سیاسی هەیە بڕیار دەدات.

> ناکرێ کەسێک شەش مانگە بووەتە یەکێتی، بچێتە کۆنگرە، بەڵام سەرۆکی زانکۆیەک نەچێ

سەرکردایەتی هەیە بڕیار دەدات، ئەنجوومەنی ناوەندی هەیە بڕیار دەدات"، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە "ئەوەی من دەیڵێم ناوەندی بڕیار نییە، بەڵکو ناوەندی رابەرایەتییە".

هەتا ئێستا دیار نییە کۆنگرەی یەکێتی بڕیار لەسەر چ میکانیزمێک دەدات بۆ دیاریکردنی کەسی یەکەمی حیزبەکە و ئەو ناوەی لە ئۆرگانەکە دەنرێ. بەڵام لێپرسراوەکەی مەکتەبی سیاسی جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەگەر پێشنیارەکەی لە کۆنگرە قەبووڵ نەکرا، ئەوە "زۆرینەی کۆنگرە دەنگ بە چی بدات، با من کەمینەش بم و لەگەڵیشی نەبم، بڕیاری کۆنگرە جێبەجێ دەکەم".

یەکێک لە بژارەکان دیاریکردنی کەسی یەکەم یان سکرتێری گشتیی حیزبە. مەلا بەختیار پێیوایە ئەگەر کار گەیشتە ئەوەی کۆنگرە لەسەر دیاریکردنی کەسی یەکەم یەکلابووەوە، ئەوە ئەو کەسە "دەبێ مەبدەئی بێت" چونکە "ئەوەی بووەتە مایەی کێشە لەناو یەکێتیدا، ئەوەیە مۆراڵی حیزبایەتی لاواز بووە، خۆشەویستی بۆ حیزبایەتی لە نێویدا لاواز بووە، لەناو یەکێتیدا پەیڕەوی ناوخۆ جێبەجێ ناکرێ".

## کوڕانی کۆسرەت و تاڵەبانی

لە ئەیلوولی 2017، بەرهەم ساڵح، جێگری دووەمی سکرتێری گشتیی یەکێتی جیابوونەوەی خۆی راگەیاند و (هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری) پێکهێنا و رایگەیاند کە ئەو هاوپەیمانییە لە هەڵبژاردنەکانی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا بەشداری دەکات. بەڵام لە تشرینی یەکەمی 2018 وەک بەربژێری یەکێتی بۆ پۆستی سەرۆککۆماری عێراق پێشنیار کرا و لە کۆتاییشدا بە 2019 دەنگ لەبەرامبەر 22 دەنگ شکستی بە فوئاد حوسێن هێنا کە ئێستا وەزیری دارایی عێراقە.

> لەنێو یەکێتیدا پارە و چەکدار رۆڵ دەبینێ کە من هیچیانم نییە

مەلا بەختیار لەبارەی پەیوەندییەکانی خۆی و دکتۆر بەرهەم دەڵێ: "پەیوەندییەکی ئاساییە".

سەبارەت بە پێشکەوتنی کوڕی سەرکردەکان لە یەکێتیدا، مەلا بەختیار دەڵێ: "ئێستاش کوڕی مام جەلال، کوڕی کاک کۆسرەت یان کوڕی هەر کەسێک لەئارادا بێت، بەپێی تێکۆشانی خۆیان حەقی خۆیانە پێشبکەون، بەڵام من لەگەڵ تێکۆشەری عیزامی نیم، لەگەڵ تێکۆشەری عیسامیم، واتە ئەو کەسانەی کە پشت بە توانا و عەقڵ و مێژووی خۆیان دەبەستن و خوێندنەوەی وردی خۆیان دەکەن بۆ مێژوو".

بەڵام لێپرسراوەکەی یەکێتی پێیوایە ئەوە دەبێ بە رێکاری خۆی بکرێ کە کۆنگرەیە "کۆنگرە دەنگیان بۆ بدات بۆ نا. کۆنگرە نەک لەبەر ئەوەی کوڕی فڵانە کەسن، بەڵکو لەبەر ئەوەی کادیری یەکێتین، ئەندامی یەکێتین، لە بوارێک لە بوارەکاندا ماندوون و و مافی خۆیانە ئەوان بێن و خۆیان کاندید بکەن".

بەو حاڵەشەوە مەلا بەختیار لەبارەی هەڵوێستی خۆی لەبارەی کوڕ و خێزانی مام جەلال دەڵێت: "من هەموو تەمەنی سیاسی خۆمم لەگەڵ مام جەلال بردووەتەسەر، ئێستا بەنیاز نیم ساڵانی ئایندەی سیاسیم لە گۆڕەکەدا ئازاری مام جەلال بدەم. بە نیازیش نیم رۆژێک لە رۆژان بچووکترین زەرەر لە

> بە مام جەلالم گوت نابێت هەر بەرپرسێک 300 بۆ 400 چەکداری هەبێ

> 600 ملیار دۆلار لە عێراق دزراوە

کوڕی مام جەلال یان خێزانی مام جەلال بدەم، ئەمە هەرگیز ناکەم".

## گەنجە تاڵەبانییەکان

لە چەند ساڵی رابردوودا لاهور شێخ جەنگی و بافڵ تاڵەبانی رۆڵی گەورەیان لە بڕیارەکانی یەکێتیدا هەبووە، پلە و پێگەی ئەوانیش دوای کۆنگرە یەکێک لە رۆژەڤە سەرەکییەکانی ئێستای کوردستانە. بەرپرسەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی پێیوایە ئەگەر ئەوان بۆ مەکتەبی سیاسی یان سەرکردایەتی یان پۆستی باڵاتر دەربچن "بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەرکەکانیان دیاری دەکرێ، ئەوکات دەبێ باشتر لە ئێستا دەستبەکار ببن".

مەلا بەختیار لەبارەی پێگەی خۆیشی لەناو یەکێتیدا دەڵێ: "خۆتان دۆخی نێو یەکێتی دەزانن، دۆخی نێو یەکێتی هێزی چەکداری رۆڵ دەبینێ، پارە رۆڵ دەبینێ، من نە هێزی چەکدارم هەیە و نە پارە". وەک خۆی بە (رووداو) دەڵێ، بە مام جەلالیشی گوتووە کە "نابێت هەر بەرپرسێک 300 بۆ 400 چەکداری هەبێ... من لەشکری عەقڵ و فیکر و فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیم هەیە، خەڵک ئەمەی قەبووڵە، مەمنوونم، قەبووڵی نییە، ئەوە کودێتا بە من ناکرێ".

کاربەدەستە باڵاکەی یەکێتی نایشارێتەوە "هێزی چەکداری پەراگەندە" زەرەرێکی زۆری لە یەکێتی داوە و دەڵێ: "ئێستا یەکێتی بۆ ناتوانێ کێشەکانی چارەسەر بکات؟ لەبەرئەوەی جەمسەرەکانی هەموو

> 368 ملیار دۆلاری عێراق بردراوەتە بەریتانیا

هێز و ئیمکانیەتیان هەیە، ئەمە لە نێوانماندا ئاڵۆزاندوویەتی".

کۆنگرەی یەکێتی و ئەنجامەکانی کاریگەریی راستەوخۆیان لەسەر پێگە و پەیوەندییەکانی ئەو حیزبە دەبێ. مەلا بەختیار لەبارەی پێگەی یەکێتییەوە دەڵێ، جاران هێزە نێودەوڵەتییەکان "پێیاندەگوتین ئێوە میحوەری چارەسەرەکانن... بەداخەوە ئێستا ئەو قسەیە بە یەکێتی ناگوترێ".

## ئەوەی عێراق راپەڕینە

ماوەی دوو مانگە لە بەغدا و ناوچەکانی خوارووی عێراق خۆپیشاندانە کە دیارترین ئاکامی دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی بوو. مەلا بەختیار دەڵێ پێش دەستبەکاربوونی، بەنیاز بووە بەیاننامەیەک دەربکات و تێیدا بڵێ کە نایەوێ پۆستی سەرۆکوەزیران قەبووڵ بکات، بەڵام مەلا بەختیار وەک یەکەمین کەس پێیگوتووە "بەیاننامە دەرنەکەیت".

بەو حاڵەشەوە لێپرسراوەکەی مەکتەب سیاسیی یەکێتی پێیوایە عەبدولمەهدی دەبوو "دوای شەش مانگ کە نەیانهێشت بە دڵی خۆی کابینەکەی دروستبکات، واز بهێنێ و بڵێ من ناتوانم سەرۆکوەزیرانی ئەم هەموو باند و فشار و کێشمەکێشە بم".

کۆتاییهێنان بە گەندەڵیی دارایی یەکێک لە دروشمە سەرەکییەکانی خۆپیشاندانە، بەرپرسەکەی یەکێتی لەبارەی قەبارەی گەندەڵییەکانی عێراق دەڵێ: "نەک 450 ملیار دۆلار، بەڵکو 600 ملیار

> تەنیا لە سێکتەری کارەبای عێراقدا 100 ملیار دۆلار دزراوە

دۆلار دزراوە، لەم پارەیە 368 ملیار دۆلاری بردراوە بۆ بەریتانیا، تەنیا لە سێکتەری کارەبا 100 ملیار دۆلار دزراوە".

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵێکی زۆری داوە بە دوورەپەرێزییەوە مامەڵە لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی عێراق بکات، بە جۆرێک کە داواکانی خۆپیشاندەرانی بە رەوا زانیوە، بەڵام جەختی لەوەش کردووەتەوە کە کێشەکان کەسی نین، بەڵکو بەهۆی سیستەمێکی ناکارامەیە. مەلا بەختیار لەبارەی هەڵوێستی هەولێرەوە دەڵێ: "منیش لە جیاتی جەنابی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکوەزیران بوومایە هەتا دەمتوانی پۆزەتیڤ دەبووم و نەدەبوومە بەشێک لە کێشەکان"، بەڵام ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە "وەکو ئیحتیاتی سیاسی" پێویستە خوێندنەوەیەکی وردتر هەبێ بۆ قۆناغی دوای عادل عەبدولمەهدی.

زەیتی عەفرین بەناوی زەیتی تورکیا بە ئەورووپا فرۆشراوە

# تورکیا و ئۆپۆزسیۆنی سووری زەیتی عەفرین تاڵان دەکەن

> چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا زەیتی عەفرین دەدزن و هەناردەی تورکیای دەکەن
>
> جێگری سەرۆکی جەهەپە:

> لە 300 کارگەی بەرهەمهێنانی زەیت لە عەفرین تەنیا 150 کارگەیان ماون

> چەکدارانی ئۆپۆزسیۆن بۆ هەر دار زەیتوونێک ساڵانە 2 دۆلار لە خاوەنەکەی وەردەگرن



بەپێی ئامارە نافەرمییەکان زیاتر لە 20 ملیۆن دار زەیتوون لە عەفرین هەن

**رووداو- هەولێر**

جارێکی دیکە (زەیتی عەفرین) دەبێتە رۆژەڤی پەرلەمانی تورکیا. دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بۆ یەکەمجار دان بەوەدا دەنێن کە بازرگانیی نایاسایی بە زەیتی عەفرینەوە کراوە. پەرلەمانتارانی جەهەپە و هەدەپە دەڵێن: "داهاتی بە قاچاخبردنی زەیت دیار نییە" و "بە لۆژیکی (غەنیمەت) بازرگانی بە زەیتەوە دەکرێت".

بەپێی ئامارە نافەرمییەکان زیاتر لە 20 ملیۆن دار زەیتوون لە عەفرین هەن. تاوەکو داگیرکردنی ئەو شارۆچکەیە لە سەرەتای ساڵی 2018، بەرهەمهێنانی زەیت و دروستکردی سابوون لە پاشماوەی زەیتوونی هاڕدراو، داهاتی سەرەکی دانیشتووانەکەی بووە. زۆربەی زەیتوونی عەفرین لە جۆری (زەیتیە) کە لەڕووی پێکهاتەوە بە یەکێک لە باشترین جۆرەکانی زەیت دادەنرێ.

## بازرگانیکردن بە زەیتوونی عەفرینەوە

دوای داگیرکردنی عەفرین لەلایەن تورکیا و چەکدارانی ئەوەی پێیدەگوترێ "سوپای نیشتمانیی سووریا" کە تورکیا پشتگیرییان دەکات، بە قاچاخبردنی زەیتی عەفرین بۆ تورکیا بووە رۆژەڤی میدیای جیهانی و تورکی. لە 16ی کانوونی یەکەمی 2018 دا پێگەی ئەلمۆنیتۆر لە راپۆرتێکیدا بڵاویکردەوە کە دزینی زەیت و زەیتوون لە دوای داگیرکردنی عەفرین زیانی 100 ملیۆن دۆلاری بە ناوچەکە گەیاندووە. هەروەها ماڵپەڕی (ODA TV . com) لە 7ی شوباتی 2019 لە راپۆرتێکیدا، لە زاری سیاسەتوانانی ئیسپانی و ئیتاڵییەوە دەڵێت: "تورکیا بە ڕێگای نایاسایی زەیتی بەدەستکەوتووە و ئەم زەیتەی وەکو بەرهەمی تورکی بە وڵاتانی ئەورووپا فرۆشتووە". لە 23ی ئاداری 2019 شدا دەنگی ئەڵمانیا بەزمانی تورکی لە راپۆرتێکیدا ئاشکرای کرد کە لە ماوەی 4 مانگدا 13 تۆن زەیت لە عەفرین بە نایاسایی رەوانەی تورکیا کراوە.

سەرەڕای راپۆرتی میدیاکان، بەرپەرسانی تورک هەموو جارێک نکۆڵییان لەو زانیارییانە کردووە تا کۆبوونەوەی لیژنەی بودجە لە پەرلەمانی تورکیا لە رۆژی 19ی تشرینی دووەمی 2019. لە گفتوگۆکانی لیژنەکەدا بۆ یەکەمجار بەرپرسانی تورکیا دانیان بەوەدا نا کە لە ڕێگای چەکدارانی سوپای نیشتمانیی سووریاوە زەیتی عەفرین رەوانەی تورکیا کراوە. گفتوگۆکە کاتێک دروست بوو کە ئۆناڵ چەڤیکئۆز، جێگری سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) گوتی: "ئەندامانی سوپای نیشتمانیی سووریا زەیتی عەفرینیان دزیوە و بە ڕێگای نایاسایی هاوردەی تورکیا کراوە". لە وەڵامی ئەم قسانەدا ئۆغور

> شتێک نییە بە ناوی دزین، زەیت و زەیتوونی سووریا لەڕێی تورکیاوە هەناردە دەکرێ
>
> وەزیری دەرەوەی تورکیا:

ئایدەمیر پەرلەمانتاری پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکپارتی) گوتی: "بەڵێ زەیت هاوردەی تورکیا دەکرێت، ئەمە قەبوڵ دەکەین". بەڵام مەولود چاوشئۆغڵو وەزیری دەرەوە کە لە کۆبوونەوەی تاوتوێکردنی بودجەی 2019 — 2020 ئامادە بوو، گوتی: "زەیتوون و زەیتی سووریا لە ڕێگای تورکیاوە دووبارە هەناردە دەکرێتەوە. داهاتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکانی. واتە لێرەدا دزیکردن یان شتێکی لەوجۆرە لەئارادا نییە. ئەمە بەشێکە لە کەمپینی رەشکردنی تورکیا".

## ئۆپۆزسیۆن چۆن دەست بەسەر زەیتی عەفریندا دەگرێت؟

بەر لە داگیرکردنی عەفرین 300 کارگەی بەرهەمهێنانی زەیت لە عەفرین هەبوون، بەڵام دواتر بەشێک لە کارگەکان تاڵانکران و ئێستا تەنیا 150 کارگە کاردەکەن. بەگوێرەی قسەی رۆژنامەڤانی عەفرینی (شوکری دەدۆ) کە لە حەلەب نیشتەجێیە، لە سایەی سیاسەتی میلیشیا ئیسلامییەکان 60%ی داهاتی ساڵانەی عەفرین بەفیڕۆ دەچێت.

(دەدۆ) بە (رووداو)ی گوت: "میلیشیاکان بەشێکی زۆر ئەو زەیتوونە دوای لێکردنەوەی دەدزن، ژمارەیەک لە کێڵگەکانی زەیتوون دوای داگیرکردنی عەفرین بەبیانووی ئەوەی خاوەنەکانیان سەر بە یەپەگەن، دەستیان بەسەردا گیراوە، سەپاندنی سەرانە لەلایەن ئەنجوومەنی لۆکاڵی، دەستبەسەرداگرتنی زەیت بە بیانووی ملکەچنەبوون بۆ یاسا، گورزی کوشندەی لە داهاتی زەیتوون لە عەفرین داوە".

بەگوێرەی قسەی شوکری، ساڵانە نزیکەی 3 ملیۆن تەنەکە زەیت لە عەفرین بەرهەمدەهێنرێ. ئەو دەڵێت ئێستا "تیمێکی تورک سەرپەرشتی بە هەرزان کڕینی زەیتی زەیتوون دەکەن".

هەر لەوبارەوە (ئەحمەد قتمە) کە ئەویش خەڵکی عەفرینە، دەڵێت: "لەگەڵ پێگەیشتنی زەیتوون، کەسوکاری گرووپە چەکدارەکان روو دەکەنە رەزەکانی زەیتوون، بڕێکی زۆر زەیتوون دەدزن و دەیفرۆشنەوە".

بەگوێرەی قسەکانی ئەو بۆ (رووداو)، دوای داگیرکردنی عەفرین "میلیشیاکان لەنێوان خۆیاندا عەفرینیان بەسەر چەند کەرتێکدا دابەشکردووە. هەر چەند میلیشیایەک کەرتێکیان بەرکەوتووە، دەستیان بەسەر بەشێک لە کێڵگەکانی زەیتووندا گرتووە و بە مەزەندەی خۆیان باج و سەرانە دەسەپێنن".

دەشڵێت: "بۆ هەر دار زەیتوونێک ساڵانە دوو دۆلار لە خاوەنەکەی وەردەگیرێت. جگە لەوەی لەسەر خاوەن رەز پێویستە زەیتوونی خۆیان لە کارگەی ئەو گرووپە چەکدارە بکەنە زەیت کە لەناوچەکەدا باڵادەستە".

ئەحمەد قتمە دەڵێت ئەو زیانەی ساڵی رابردوو بەر جووتیارانی زەیتوون کەوتووە نزیکەی 100 ملیۆن دۆلار بووە، لەبارەی زیانی 2019ش دەڵێت: "رانەگەیەندراوە چونکە ناتوانرێ زانیارییەکان لەبارەی دزی، دەستبەسەرداگرتن و بەهەدەردان لە ناوەندێک کۆبکرێتەوە".

قتمە باس لە بڕینی داری زەیتوون لەلایەن میلیشیا ئیسلامییەکانەوە دەکات و دەڵێت: "لە چەند گوندێک دار زەیتوون دەبڕن و لە شوێنی دیاریکراودا دەیکەنە خەڵووز". هەروەها دەڵێت: "میلیشیای سوڵتان سولەیمان بە بیانووی پاراستنی زەیتوون لە دزی و تاڵانی،

> چاوەڕوان دەکرێ ئەمساڵ 40 هەزار تۆن زەیت بە قاچاخ بهێنرێتە تورکیا
>
> سەرۆکی کۆمەڵەی بەرهەمهێنەرانی زەیت و زەیتوونی تورکیا:

سەرانەیەکی 300 دۆلارییان لەسەر جووتیارانی کورد لە شارەدێی (شیە) داناوە، هەروەها چەند جووتیارێکیان سزا داوە و پارەیان لێ سەندوون بە بیانووی ئەوەی داهاتی راستەقینەی زەیتوونەکەیان شاردووەتەوە".

قتمە ئاشکرای کرد لە وەرزی ئەمساڵدا بازاڕەکانی عەفرین پڕە لە زەیت، چونکە ڕێگای چوونی زەیت بۆ شارەکانی دیکە سووریا داخراون "بەم شێوەیە ئەوانەی شەریکی تورکیان، هەوڵدەدەن بازاڕی زەیت قۆرخ بکەن، بۆ ئەوەی بە هەرزان لە بەرهەمهێنەرانی بکڕن. پێشتر نرخی تەنەکەیەکی زەیت 19 هەزار لیرەی سووری بوو، ئێستا 12 هەزار لیرەیە".

## زەیتی عەفرین جووتیارانی تورکیای تووڕە کردووە

بەرهەمی ساڵانەی تورکیا لە زەیت 200 هەزار تۆن دەبێ کە زیاتر لە ناوچەی (ئەنتاکیا) هەیە. پێنج ساڵە سێکتەری زەیت لە تورکیا بە دەست کێشەی کەمیی بەرهەم و دابەزینی نرخەوە دەناڵێنێ. بۆیە هێنانی زەیت لە عەفرینەوە بۆ تورکیا بە ڕێگای قاچاخ، وەکچۆن زیان لە خەڵکی عەفرین دەدات، زیان بە جووتیارانی تورکیاش دەگەیێنێ.

عەلی کوردشاد، سەرۆکی کۆمەڵەی بەرهەمهێنەرانی زەیت و زەیتوون لە ئەنتاکیا باس لە دابەزینی نرخی زەیتوون دەکات لەکاتێکدا هێشتا دوو مانگ بەسەر دەستپێکردنی وەرزی بەرهەمهێنانی زەیتووندا تێنەپەڕیوە. ئەو دابەزینی نرخ بۆ دوو هۆکار دەگەڕێنێتەوە: "هەندێک ناوەند بانگەشە دەکەن کە ئەمساڵ زەیت زۆرە، ئەمەش کاریگەری لەسەر دابەزینی نرخ هەیە. دووەمیان زەیتێکی زۆر لە سووریاوە بە قاچاخ هێنراوەتە تورکیا. پێشبینی دەکەین لەسەرەتای وەرزەوە تا ئێستا 7 — 8 هەزار تۆن زەیت هاتبێت. هێشتا لە ئەنتاکیا و سووریا وەرزی داوەشاندنی زەیتوون بەردەوامە. ئەگەر ڕێوشوێنی پێویست نەگیرێتەبەر چاوەڕێ دەکرێت 30 -40 هەزار تۆن زەیتی دیکە بێتە تورکیا".

هەر لەوبارەوە جەلال جێڤلەک، سەرۆکی پێشووی ژووری کشتوکاڵی ئەنتاکیا بە (رووداو)ی گوت: "هاوردەکردنی زەیت لە سووریاوە کاریگەری خراپی لەسەر بازاڕەکانی تورکیا دەبێت. لەم 10 ساڵەی دواییدا لە سووریا وەبەرهێنانێکی بەرچاو لە چاندنی زەیتووندا کراوە. بەرهەمی ساڵانەی زەیتوون دەگاتە 150 هەزار تۆن. نزیکەی 100 هەزار تۆن پێداویستی ناوخۆی سووریای پڕ دەکردەوە. ئەوەی دەمایەوە رەوانەی ئیسپانیا و ئیتاڵیا دەکرا، بەڵام دوای جەنگی ناوخۆی سووریا، ئیتاڵیا و ئیسپانیا زەیت لە سووریا ناکڕن، بۆیە ئێستا ئەم زەیتە بە قاچاخ دەهێنرێتە تورکیا".

ئەم پیشەوەرە باسی چۆنیەتی گواستنەوەی زەیت لە عەفرینەوە بۆ تورکیا دەکات و دەڵێت: "ئەم زەیتە بە دەبەی پلاستیکی 40 -50 کیلۆیی یان بە تەنەکەی 18 کیلۆیی لەناو ئەو ترێلانەدا دەشاردرێنەوە کە لە بازگەکان کۆنترۆڵ ناکرێن. هەندێکجاریش پێویست بە شاردنەوەیان ناکات، لە سنووری هاتای دەگوازرێتەوە بۆ ناو کارگەکانی زەیت لەم ناوچەیە. ئەم زەیتە قاچاخە بەناوی بەرهەمهێنەرەکانی ناوچەکە پسوولەی ساختەی بۆ دروست دەکەن، وەکو بەرهەمێکی تورکی دەفرۆشرێ".

دوای ئەوەی بەرپرسانی تورکیا دانیان بەوەدا نا کە زەیتی عەفرین بە ڕێگای نایاسایی دێتە تورکیا، دوور نییە ئەم مەسەلەیە جارێکی دیکە ببێتە رۆژەڤی میدیای جیهانی کە ئەمەش حکومەتی تورکیا تەنگاو دەکات.

عەبدولسەمەد ئوجامان، سەرۆکی ژووری کشتوکاڵی ئامەد بە (رووداو)ی گوت: "ئەو کەسانەی لە عەفرین دەستیان بەسەر ماڵی کورددا گرتووە، بۆ بازرگانیکردن بە زەیت و زەیتوونی عەفرین لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ڕێککەوتوون. باس لە هێنانی 30 هەزار

> تورکیا بە لۆژیکی "غەنیمەت" مامەڵە لەگەڵ زەیتی عەفرین دەکات
>
> سەرۆکی ژووری کشتوکاڵی ئامەد:

تۆن زەیتوون دەکرێت. ئەم بڕە بە لۆژیکی غەنیمەت دەستی بەسەردا گیراوە و هێنراوەتە تورکیا. ئەم ڕێککەوتنە هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە. دەوڵەت ناتوانێ ڕێککەوتن لەگەڵ چەند گرووپێکی چەتە بکات کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دانپێدانراو نییە. لەبەر ئەوەی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئەم مەسەلەیە خراپ بەسەر دەسەڵاتدا دەشکێتەوە، بۆیە پێشبینی دەکەم هەوڵی بە یاساییکردنی بدەن".

## "هاوردەکردنی زەیت.. پێشێلکردنی سەروەریی سووریایە"

ئۆناڵ چەڤیکئۆز، پەرلەمانتار و جێگری سەرۆکی (جەهەپە) لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە (رووداو)ی گوت: "کۆمپانیای هاوپیشەیی بۆ متمانەپێکراوانی کشتوکاڵی ئاگادارە کە لە هەرێمی عەفرینەوە زەیت هاوردەی تورکیا کراوە. زانیاری هەیە کە ئەم زەیتەی هاوردەکراوە بە 41 کۆمپانیای بازرگانی فرۆشراوە. بەبیانووی (نهێنیی بازرگانی) نرخی کڕین و فرۆشتنی زەیتەکە ئاشکرا ناکەن. هەروەها یەکێتی ناوەندی هەرەوەزی بازرگانی رایگەیاندووە کە بۆ وەرزی بەروبوومی ساڵی 2019 — 2020 لە پلانیاندا هەیە زەیت لە سووریاوە هاوردە بکەن. لە ساڵی 2018 دا 26 هەزار تۆن زەیت لە سووریاوە بەشێوەی نایاسایی هاوردەی تورکیا کراوە".

ئەو پەرلەمانتارەی جەهەپە دەشڵێت: "لەبەر ئەوەی پرۆسەی (هاوردەکردن) بە رەزامەندی دەوڵەتی سووریا نییە، هەروەها لەبەر ئەوەی خەڵکی ناوچەکە دەربەدەر کراون، ئەم پرۆسەیە بە پێشێلکردنی سەروەریی سووریا لە قەڵەم دەدرێ".

## "بە لۆژیکی غەنیمەت مامەڵە لەگەڵ زەیتی عەفرین دەکرێت"

تولای حەمیدئۆغڵو، ژنە پەرلەمانتاری هەدەپە و ئەندامی لیژنەی بودجە لە پەرلەمانی تورکیا، دانپێدانانی بەرپرسانی تورک پەیوەست بە بازرگانیکردن بە زەیت و زەیتوونی عەفرین وەکو "غەنیمەتی شەڕ" ناودەبات.

تولای بە (رووداو)ی گوت: "باس لە هێنانی 52 هەزار تۆن زەیت دەکرێت کە دەکاتە نزیکی 250 هەزار تۆن زەیتوون. بەڵام تا ئێستا ژمارەیەکی وردمان لەبەردەست نییە. دەسەڵات تەنیا چەند رۆژێکە هێنانی زەیت و زەیتوونی قەبوڵ کردووە. بۆ ئەوەی ژمارە فەرمییەکان بزانین پرسیارمان ئاراستەی لایەنە فەرمییەکان کردووە، بەردەوامیش دەبین لە ئاراستەکردنی پرسیار، تا ئەو کاتەی دەگەینە راستییەکان".

ئایا حکومەت هەوڵی بەیاساییکردنی ئەم مەسەلەیە دەدات؟ تولای دەڵێت: "بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەیە بە یاسایی بکات، دەسەڵات لەناو گێژاوێکدایە. ناچارە بەڵگەی ئەو قسانەی کە گوایە زەیتوون و زەیت بە رەزامەندیی خاوەنەکانی هاتووەتە تورکیا و هەقەکانیان بۆ دەگەڕێتەوە، پشتڕاست بکاتەوە. ئێمە دەزانین کە ناتوانن ئەمە بکەن. ئێمە لە بەدواداچوونمان بەردەوام دەبین بۆ ئەوەی بزانین بەگوێرەی چ پێوەرێک ئەم زەیتە لە عەفرینەوە هاتووە".

سەبارەت بە داهاتی ئەم بازرگانییەش، ئەو پەرلەمانتارە دەڵێت: "دیار نییە داهاتی ئەم بازرگانییە بۆ کوێ چووە. لە بودجەدا دیاری نەکراوە. ئایا چووەتە قاسەی دەوڵەت؟ ئەگەر چووەتە قاسەی دەوڵەت ئەم پارەیە لە قاسەی دەوڵەتدا چی بەسەر هاتووە؟ ئەگەر نەچووەتە قاسەی دەوڵەت بۆ کوێ چووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە دیار نییە".

## عەزیز محەممەد، لە هەڤپەیڤینێکدا بەر لە کۆچی دوایی:

# پەشیمانم لە دروستکردنی بەرە لەگەڵ حیزبی بەعس

**بەشی پێنجەم و کۆتایی**

عەزیز محەممەد، کەسایەتی دیاری سیاسیی عێراق و کوردستان و سکرتێری پێشووتری حیزبی شیوعی عێراق، ساڵی 2000 هاوکارمان سیروان ڕەحیم لە ستۆکهۆڵم ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ کردووە، بەو مەرجەی دوای مردنی بڵاوبکرێتەوە. عەزیز محەممەد لە دوایین بەشی ئەم هەڤپەیڤینەدا باسی بەشێک لە ژیانی تایبەتی خۆی دەکات، لەوانەش هاوسەرگیرییەکەی، خوێندنەوە و هەندێک لە حەز و ئارەزووەکانی و پرسی ژن.

هەڤپەیڤین: سیروان ڕەحیم
رووداو- ستۆکهۆڵم

**رووداو: وەکو بیستوومە ئێوە زۆر دەخوێننەوە، زۆرتان حەز لە خوێندنەوەیە؟**

**عەزیز محەممەد:** بوختانیان پێکردووم (بە پێکەنینەوە).

**رووداو: زۆرتر چ دەخوێننەوە؟**

**عەزیز محەممەد:** ماددەکە مێژوویی بێت، فیکری بێت، ڕۆشنبیری بێت، گشتی بێت.. هەرچی بەر چنگم بکەوێت. ئەدەب بێت، بۆیە دەڵێم ئەدەب، چونکە کاتێک لە زیندان بووم عەرەبییەکەم لەڕێی خوێندنەوەی ئەدەبەوە تۆزێک باش بوو. زمانی ئەدەب تەشویقی کردم. ئێستاش هەر شتێکم چنگ بکەوێ دەیخوێنمەوە.

**رووداو: ماوەی چەند ساڵ لە زیندان مانەوە؟**

**عەزیز محەممەد:** 10 ساڵ و ڕەنگە کەمتر لە مانگێک، لە مانگی 10ی 1948 تاوەکو مانگی 9ی 1958، هێشتا ماوەی حوکمەکەم تەواو نەکردبوو، 5 ساڵم مابوو، بەهۆی شۆڕشەوە ئازاد کراین.

**رووداو: ئەو ماوەیە لە چ زیندانێک بووی؟**

**عەزیز محەممەد:** لە کوت بووم، لە نوگرە سەلمان بووم، لە بەغدا بووم، پاشان لە بەعقوبە. ئەوسا زیندانییەکانیان دەگواستەوە، مانمان دەگرت، لەو زیندانەوە بۆ ئەو زیندان دەگوازراینەوە، لە نوگرە سەلمان بۆ کوت و لە کوتەوە دەیانگێڕاینەوە بۆ نوگرە سەلمان.

**رووداو: ئەوکاتەش هەر بەهۆی حیزبی شیوعییەوە بوو؟**

**عەزیز محەممەد:** بەڵێ.

**رووداو: ئایا بە خۆشەویستی ژیانی خێزانیتان پێکهێناوە لەگەڵ کافیە خان؟**

**عەزیز محەممەد:** بەڵێ، لە نۆی حوزەیرانی 1960 هاوسەرگیریمان کرد.

**رووداو: چەند منداڵتان هەیە؟**

**عەزیز محەممەد:** سێ (دوو کچ و کوڕێک)، کچە گەورەکەم ناوی فێنکە، کچەکەی دیکەم ناوی شیرینە، کوڕەکەشم ناوی ئاراسە.

**رووداو: پێش ئەوەی لەگەڵ کافیەخان ببنە هاوژین، کەسێک هەبووە لە ژیانی تۆدا خۆشتویستبێ؟**

**عەزیز محەممەد:** ڕاستییەکەی پرۆژەی دیکەم هەبوو، بەڵام سەری نەگرت.

**رووداو: دونیای سیاسەت و ئەڤینداری چۆنە؟**

> خۆشترین یادگاری ژیانم ئازادبوونم بوو لە بەندیخانە

**عەزیز محەممەد:** لێت ناشارمەوە، سیاسی جار جارە بە عەقڵ دەیەوێت دڵداری بکات. کە بە مێشک بیر لە دڵداری بکەیتەوە زۆر تام و چێژی نامێنێ، ئەوەت خۆشبوێ یان ئەوە، ئایا ئەوەیان بەرگەی سیاسەت دەگرێ یان نا، لە حاڵەتی ئیختیفا چۆن دەبێت. ئیتر لەو بابەتانە. ڕەنگە مرۆڤێکی سیاسی نەتوانێت بیر لەوە نەکاتەوە، چونکە پێشی هەموو شتێک ئەو فکرەیەی لە مێشکیەتی ئەوی خۆشویستووە. بێگومان قوربانیش مانای نییە ئەگەر تۆ بە شتێکی پووچ قوربانی بدەی، قوربانی ئەوەیە کە بە شتێکی بەرز قوربانی بدەی، ئەوسا بە قوربانی دەژمێردرێت.

**رووداو: کە لەگەڵ کافیەخاندا ئاشنابوون، هەر خۆشەویستی ڕۆڵی بینی یان نزیکبوونی فکریش؟**

**عەزیز محەممەد:** خۆی حیزبی بوو، تەفاهوممان کرد.

**رووداو: لە ژیانی ژن و مێردایەتی و ژیانی خێزانداریدا، ئەو ماوەیەی کە بەیەکەوە بوون، تەفاهوم و گونجان لە ماڵدا دوور لە سیاسەت وەکو ژن و مێردێک چۆن بووە؟**

**عەزیز محەممەد:** ئێمە هیچ کێشەیەکی بنچینەییمان نەبوو. قسەی ناشرین لە دەمی هیچمان بەرامبەر بەوەی دیکە نەهاتووەتە دەرەوە، تەنانەت لە حاڵەتی تووڕەبوونیشدا. بەشێوەیەکی زۆر ئاسایی ژیاوین، بەڵام ئەوەی کە ئاسایی نەبوو ئێمە ژیانێکی ئاسایی نەژیاین.

لە کافیەم گوێ لێبووە، لاموایە شیرینمان بوو یان ئاراس، دەڵێ بۆیە کەیفم پێهات چونکە خەڵک زانییان من مێردم هەیە. ئەو مامۆستا بوو، خەڵک لایان وابوو تەڵاق دراوە. پەیوەندیمان زۆر ئاسایی بوو. تەنیا شت ئەوە بوو کە لێک دوور بووین. تەنانەت منداڵەکانیشمان چەندین ساڵ لێمان دوورکەوتنەوە، دوو کچم هەبوو، ئێستا خەڵکەکە لێرە کێشەی هەیە کە کچی هەیە، بەڵام ئێمە کچەکانمان ئازاد کرد چوونە ئەڵمانیا بخوێنن، هەردووکیشیان گەنج بوون، پاشان هەردووکیان مێردیان کرد.

**رووداو: لە ماوەی ژیانی خێزانداریدا هەمووی ماوەی چەند پێکەوە بوون؟**

**عەزیز محەممەد:** ئەو ماوەیەی کە بەرەمان لەگەڵ بەعس پێکهێنا، من لە بەغدا بووم و ئەویش لە سلێمانی مامۆستا بوو. لە ماوەی بەرەدا 4 بۆ 5 ساڵ پێکەوە بووین. ئەگینا هەموو یەکتر بینینەکانمان وەکو دیدار بووە.

**رووداو: پیاوی سیاسی لە ئەزموونی تایبەتی ئێوەوە، لە خەیاڵ یان لە هەندێک لە بارەکاندا ڕۆمانتیک بێت لەگەڵ ژنێکدا دانیشێ و شیعری بۆ بڵێت، یاخود دڵداری لەگەڵ بکات و بە زمانێکی دیپلۆماسی قسەی لەگەڵدا نەکات؟**

**عەزیز محەممەد:** خۆزگە شاعیر بوومایە. من بەشبەحاڵی خۆم لەو بابەتە خۆم وا دادەنێم. بەس حیزب بتەوێت و نەتەوێت قاڵبێک بۆ مرۆڤ دادەنێ و ئەستەمە لێی دەربچی. ڕەنگە هەوڵبدەی نەختێک قاڵبەکە گەورەتر بکەی، بەڵام نابێ لێی دەربچی.

> سیاسی جار جارە دەیەوێت بە عەقڵ دڵداری بکات کە تام و چێژی نییە

**رووداو: قەت بەشداری شەڕتان کردووە، ڕاستەوخۆ لە شەڕێکی چەکداریدا؟**

**عەزیز محەممەد:** نەخێر.

**رووداو: حەزت لە خواردنەوە هەیە؟**

**عەزیز محەممەد:** حەزم لێیبوو، ئێستاش حەزم لێیەتی، بەڵام ئێستا تاقەتی خواردنەوەم کەمە، ڕەنگە جار جارە فرێک یان دوو فڕ بخۆمەوە، ڕەنگە پێکێک بخۆمەوە، بەڵام کە نەخۆمەوە ساڵێک و دوو ساڵ و سێ ساڵ بیری لێناکەمەوە، بە تەنیا قەتم نەخواردووەتەوە و ناشیخۆمەوە.

**رووداو: ئەی جگەرە؟**

**عەزیز محەممەد:** لە زیندان لە ئابی 1957 وازم لێهێنا. زۆر سوودمەند بووم، بە تایبەتی لەو کاتەی لە کوردستان دەڕۆیشتم و هەوراز و نشێوم دەبڕی، بە زمانی خۆم نەڵێم پیادەیەکی زۆر باشم.

**رووداو: لەگەڵ خواردن چۆنی؟**

**عەزیز محەممەد:** خواردن هەرچی بێت دەیخۆم.

**رووداو: بۆ خۆتان دەزانن خواردن دروست بکەن؟**

**عەزیز محەممەد:** بەشی خۆم دەتوانم خواردن دروست بکەم.

**رووداو: جیا لە پیادەڕۆیی، شتێکی دیکە هەیە تۆ حەزی لێبکەی، لەوانە سوارچاکی، مەلە؟**

**عەزیز محەممەد:** مەلەزان نیم، بە گەورەییش مرۆڤ ئەستەمە ببێتە مەلەزان، بێگومان زۆرجار لەسەر دەریا بوومە و هەوڵمداوە نەختێک لەسەر ئاو بمێنمەوە، بەڵام مەلەوان نیم. سەبارەت بە سوارچاکی، ئێمە کەی سوار بووینە، جار جارە وڵاخمان بەکاردەهێنا. لە ماوەی پێشمەرگایەتی زۆربەی جار من سوار نەدەبووم، کەلوپەلی خۆم بەخۆم هەڵدەگرت و سواریش نەدەبووم، باریشم گران نەدەبوو.

**رووداو: چی هەیە لە ژیانی سیاسی ئێوەدا، یادگارییەک کە هەرگیز لەبیرت نەچێتەوە؟**

**عەزیز محەممەد:** ئەمە شتێکی ڕێژەییە، ڕەنگە لەوەوە دەستپێبکات ڕۆژێک لە ڕۆژان لە سەرەتای کارکردن و چالاکیتدا، بەیانێک بڵاوبکەیتەوە و ببێتەوە لاتوایە چەند قەڵاتت فەتح کردووە، چەند دانەیەک لەو بەیانەت لە چەند شوێنێک بڵاوکردووەتەوە، ئەمە شتێکی خۆشە. بەڵام بە نسبەت ئێمە کە لە زیندان بووین و هەواڵی شۆڕش هات و بڕیاری ئازادبوونمان درا، بێگومان شتێکی زۆر زۆر خۆش بوو.

**رووداو: ئەی لە بڕیارێک کە پەشیمان بن، یاخود شتێک کە ئێوە کردبێتتان و ئێستا خۆزگە بخوازی نەتکردبایە؟**

> قسەی من کاریگەری زۆری لەسەر دروستکردنی بەرەی بەعس و شیوعی هەبوو

**عەزیز محەممەد:** شتێکمان باسکرد، ڕەنگە ئەمە یەکێک لەوانە بێت، چونکە خۆم لەوانەبووم کە ڕازی بووم.

**رووداو: کامەیان؟**

**عەزیز محەممەد:** هی جەبهە لەگەڵ حیزبی بەعس، خۆم لەوانە بووم کە ڕازی بووم، لێشت نهێنی نەبێت ڕەنگە ڕەزامەندی من کەم یان زۆر کاریگەری لەسەر ڕەزامەندی یەکێکی دیکەش هەبووبێت. ڕەنگە ئەگەر من ڕازی نەبوومایە نەڕۆیشتبایە، سیاسەت یەکجار مومارەسە دەکرێت. سیاسەت وەکو شەترەنج نییە پیاو جووڵە بە چەند سەربازێک بکات و مەلیکی پێ نەکوژرێت، پاشان بڵێ بەلایەکی دیکەدا بڕۆین. سیاسەت یەکجار مومارەسە دەکرێت، ئەگەر سەرنەکەوتی تەنیا ئەزموونەکەت بۆ دەمێنێتەوە.

**رووداو: دەتوانن بە چەند زمان بخوێننەوە و قسە بکەن؟**

**عەزیز محەممەد:** بە کوردی و عەرەبی.

**رووداو: ئەی ڕووسی؟**

**عەزیز محەممەد:** ڕووسی ناخوێنمەوە، ڕووسی بەشە سیاسییەکەی تێدەگەم بخوێنمەوە، بەڵام من ئێستا هەر بە کوردی و عەرەبی دەخوێنمەوە.

**رووداو: کاتێک ژیانی خێزانیت پێکهێنا هەستی دایکت چی بوو؟ دوای ژیانی ئاوارەیی و زیندانیی تۆ و کارکردنی ئەو؟**

**عەزیز محەممەد:** کە ژنم هێنا دایکم نیگەران بوو. کافیە ڕۆڵێکی باشی بینی کە من لێی ڕازی ببم. دایکم سەرەتا نەختێک هەستێکی وای هەبوو کە شتێکی لێ سەندرابێت، چونکە جگە لە من کەسی دیکەی نەبوو. ئێش و ئازارێکیش کە بینیویەتی لە پێناوی من بینیویەتی. مێردی بەجێهێشت لەبەر من، لەبەر هیچی دیکە نەبوو. لە غەریبایەتیش مرد و هەر لەوێش ناشتمان، بەڵام پاشان کە منداڵمان بوو ئەو مەسەلەیە نەما.

**رووداو: کاتێک دایکت کۆچی دوایی کرد تۆ لە بەغدا بووی؟**

**عەزیز محەممەد:** بەڵێ کە مرد بە دیارییەوە بووم.

**رووداو: بە نەخۆشی مرد؟**

**عەزیز محەممەد:** بەڵێ، تەمەنیشی باش بوو، لاموایە تەمەنێکی باش ژیا، تووشی جەڵتەی مێشک بوو. کافیە و خوشکی کافیە بەسەرییەوە دانیشتبوون بە بەردەوامی، بەڵام ئەوەندی نەخایاند، مرد. ئێمەش لەگەڵ حکومەتی بەعس بەرەو ئەو دڵەڕاوکێیە دەڕۆیشتین، دایکیشم چی وای تێدا نەمابوو، پیر بوو. زۆر بەباشی بە خاک سپێردرا و خەڵکێکی زۆریش ئامادەبوون.

**رووداو: قسەم لەگەڵ کافیە خان کرد، گوتی باسی عەشقێکی دیکەی نەکرد لەوەپێش؟ گوتم نا.. شتی وا هەبووە؟ گوتی پێموابێت هەیبووە...**

**عەزیز محەممەد:** بوختانم پێدەکات (بەپێکەنینەوە). لە مەسەلەی ژندا ئێستا هەرە باشەکانمان ڕەگێکی دووڕوویی تێدایە، دیدێکی نێرینەیی تێدایە. پێموابێت لە ساڵی 1944 — 1946 باشم لەبیر نییە خوشکێکمیان بە زۆر بەمێرد دا کە لە دایکی خۆم نەبوو. بە بۆچوونی خۆم هەر بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە هیچ کێشەی تێدا نییە، شەوێک لای مێردەکەی مایەوە و گەڕایەوە، هێندەی پێنەچوو مرد. جا لەسەر ئەو مەسەلەیە کاتی خۆی زۆر لە باوکم نیگەران بووم. زۆر زۆر توندوتیژیش بووم، بێگومان تازە گاگۆڵەم دەکرد لە مەسائیلی سیاسی، پاش ئەوەی چوومە ناو سیاسەت و ئەوانە قەزیەکە نەختێک هێمن بووەوە. هەستم بەوە کرد، تاوەکو ئێستاش هەستم وایە ژن ستەمی زۆری لێدەکرێت، بەتایبەت لە پرسەکانی تایبەت بەخۆی و لە هەڵبژاردنی هاوسەر و زۆر شتی دیکە، لەکاردا و لەناو ماڵدا، لە دەرەوە و زۆر بۆنەی دیکە لە پێش ئارەزووی دەوەستن، بۆیە ڕەنگە ئەوە زۆر کاریگەری لەسەرم هەبووبێ.

زۆرجار بەراورد لە نێوان هێزی پیاو و لاوازیی ژن دەکرێت لەڕووی جەستەییەوە، دەڵێن دەبێت ژن ماسولکە و دەست و بازووی وەکو پیاو بێت ئینجا

> بە زۆر بەشوودانی کچ زینایە ئەگەر زینا هەبێ



دەبێت یەکسان بێت لەگەڵ پیاو. جا کێ دەڵێت ئەوسا وەکو ژن دەمێنێتەوە! واتە نابێتە ژن. خاڵی بەهێزیی ژن زۆرن، خۆ هەر تەنیا ماسولکە و دەست و بازوو نییە.

با بێینە سەر خۆشەویستی، میللەتی کورد عیبادەتی خۆشەویستی دەکات، ئەو هەموو چیرۆک و بەیت و حەیران و لاوکانە، زۆربەی لەسەر خۆشەویستییە، خەجێ و سیامەند و لاس و خەزاڵ و مەم و زین ...تاد، بەڵام بەمەرجێک ئەوەی ژنەکەیە کچی من نەبێت، خوشکی من نەبێت. ئەوە دووڕوویی کۆمەڵگایە، ئێمە حەقیقەتی خۆمان ناژین، ئەوەی لە دڵمانە و ئەوەی لە سکمانە غەیری ئەوەیە کە دەیڵێین. ساڵی 1945 کابرایەک هەبوو کەریمی ناو بوو. لە گوندەکەی کچێکی خۆشویست ناوی ستی بوو. دیارە کچەکە جوان بووە، ئاغای گوندیش دڵی بە کچەوە بووە. کچەکە ڕەدووی کەریم کەوت و هاتنە دێیەکی نزیکی هەولێر، پێموابێت باداوە بوو. گەمارۆ دران، هەواڵیان بۆ کاربەدەستی گوندەکە نارد کە دەریانبکات. دیارە ئەویش بێدەسەڵات بوو، دەریکردن. کەریم و ستی کوژران. ئەو ڕۆژەی تەرمی ئەو دووانە هێنرایە هەولێر تەقریبەن هەولێر هەژا، ئێستاش گەلێک گۆرانی لەسەر کەریم و ستی هەن. بەس کچ و خوشک و خزمی من نەبوو، من بە ڕێزەوە تەماشای دەکەم، بەڵام دوور نییە ئەگەر خوشکی من بووایە، دەبوو منیش هاوبەشی بکەم لە کوشتنی. جا ئەو دووڕوویە هەیە.

> لەگەڵ هاوژینەکەم تەنیا 5 ساڵ لەسەریەک پێکەوە بووین

ئێستا لە هەندێک شوێنی کوردستان تیزاب بەکاردەهێنن، بیستم لە ماوەی دوو بۆ سێ ساڵ نزیکەی 700 بۆ 800 ژن کوژراون لە هەندێک ناوچەی کوردستاندا بە تۆمەتی زۆر باتڵ، یەعنی چی کچێک بچێت لە شایی برای دوو پێچ شایی بکات پاشان بچن بیکوژن یان لووتی ببڕن! هەرچەندی لێی بکۆڵییەوە تەماشای دەکەی ژن زۆر مەغدوورە. کچ لەسەر لانک مارە دەکەن. خزمێکی خۆم کچی خۆی داوەتە برازاکەی، کچی برایەکەشی بۆ کوڕەکەی هێناوە، پێمگوت ئێوە بۆ وادەکەن؟ گوتی ئاساییە کوڕی باشن، گوتم یەعنی چی باشە؟ بۆ نموونە بە بابم دەگوت ئەگەر هەزار بەهەشت هەبێت تۆ جێگەت بەهەشت نییە، گوتی بۆ؟ گوتم تۆ ئینسانێکت فەوتاند، مەبەستم ئەو خوشکەم بوو. گوتی باشە چۆن قسەی باب دەشکێنی کە من دەمەوێت بە مێردی بدەم! بیدەمە سەگێک دەبێت پێی ڕازی بێت، گوتم بۆ تۆ لەگەڵ فلان دەخەوی ئەوەی کە پێیاندا؟ من پێموایە ئەو جۆرە بەشوودانە زینایە، ئەگەر زینا هەبێت.

حەقیقەتی کۆمەڵگاکەمان ئاوایە دەبێت هەوڵی گۆڕینی بدەی، بەڵام من هەمیشە ئەو قسەیە دەکەم، ئەگەر بتەوێ شتێک بگۆڕی دەبێ تێیبگەی. مرۆڤ دەبێت لە کۆمەڵگاکەی تێبگات و دەبێت هەوڵ بدات

> شارستانیەت دڵۆپ دڵۆپ کۆدەبێتەوە، مرۆڤ بە بڕیار نابێتە شارستانی

ئاراستەی کۆمەڵگاکەی بگۆڕێت، بێگومان ئەوە ئەرکی ڕۆژێک و دوو ڕۆژ و ساڵێک و دوو ساڵ و 10 ساڵ و 20 ساڵ نییە، ئەمە شتێکی حەیاتییە. هەموو جارێ دەڵێم شارستانیەت دڵۆپ دڵۆپ کۆدەبێتەوە، مرۆڤ بە بڕیار ناتوانێت ببێتە شارستانی، هەزار جار بڕیار بدات کە دەماری جووت بوو دەگەڕێتەوە سەر بنەچەی خۆی.

بزووتنەوەی ئەنسار ژمارەیەکی باش ژنیان لەگەڵدابوو. دەست و بازوویان هەڵماڵیوە و قژ و کەزی و ئەوانەیان بەردابووەوە، ئێ باشە ئەگەر کچێک بچێت چەک هەڵبگرێت بەشداری لە شۆڕش بکات، ئەی بۆ لە شتی دیکە بەشداری نەکات!

بە بڕوای من ژن لە وڵاتی ئێمە و وڵاتانی دیکە پەراوێزخراوە، نەزیرە زەینەدین، کچێکی لوبنانییە، باوکی کابرایەکی وەکو قازی و ئەوانە بووە، لە دەوروبەری 1922 — 1926 دوو کتێبی نووسیوە، یەکێکیان لەسەر (السفور والحجاب)، ئەوەی دیکەیان لەسەر (الفتاة والشیوخ)، ئەوانەی وەڵامیان لەسەر سفور و حیجاب داوەتەوە زۆر هەوڵیانداوە تەشهیری پێبکەن، لە کتێبی دووەم وەڵامی ئەوانە دەداتەوە. زۆر سەرسامی بووم چونکە کچە گەنجێکی 20 ساڵی بە زمانێکی عەرەبی ڕوون و ڕەوان لەبەردەم ئەو هەموو سەر بە مێزەرانە دەوەستێتەوە.

کاتی خۆی لە عێراق، وەزیری بەرگریی عێراق، بڕیاری دا ئەگەر ئافرەتێک زیاد لە پێویست قاچی بەدەرەوە بێت، بۆیاغی بکەن، جا وەرە کابرایەک سەتڵێکی بۆیاغی هەڵگرتووە و فڵچەیەکی پێیە کچێکیش لەولاوە دێت ئاگای لە هیچ نییە، قاچی بۆیاخ بکەن بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کراسی کورت لەبەر نەکات. جا ئەوە هەمووی سووکایەتییە بە هەستی ئافرەت. سووکایەتییە بە کۆمەڵگا. کاتی خۆی جەواهیری هۆنراوەیەکی زۆر نایابی لەسەر ئەوە نووسی و گوتی شەرەف ئەوەیە چما؟ کە هەموو ڕۆژێک شەرەف پێشێل دەکرێت لەلایەن ئەوانەی باسی شەرەف دەکەن. بۆیە من بەشبەحاڵی خۆم زۆر نیگەرانم لەوە.

> هەر شتێکم چنگ بکەوێ دەیخوێنمەوە

> زمانی ئەدەب تەشویقی کردم

> 10 ساڵ لە زیندان بووم

> بە خۆشەویستی هاوسەرگیریم کرد

> خۆزگە شاعیر بوومایە

> قەت بەشداریم لە شەڕدا نەکردووە

> بە باوکم دەگوت ئەگەر هەزار بەهەشتیش هەبێت تۆ نایبینی

ڕووداو
ژمارە ( 581 ) - دووشەممە 2019/12/2






## ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا 20% زیادیکردووە

**ڕووداو - هەولێر**

لە دوو مانگی ڕابردوودا بەهۆی ڕەوشی باشووری عێراق و خۆپیشاندانەکان، ڕەوتی ئابووریی نێوان عێراق و تورکیا گواستراوەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان و ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل تەنیا دەروازەی بازرگانیی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان و عێراق بەڕێژەی سەدا 20 زیادیکردووە. سەرەڕای بوونی چەندین کێشەی سیاسی و ئەمنی لە 10 ساڵی ڕابردوودا، تورکیا و هەرێمی کوردستان بەدرێژایی ئەو ماوەیە دوو هاوبەشی بازرگانیی سەرەکیی یەکدیبوون و حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستانیش پلانی هەیە لە هەموو بوارێکدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا بەهێزتر بکات. قەبارەی بازرگانیی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا لە ساڵی 2013 دا گەیشتە لووتکە و بەرزبووەوە بۆ 12 ملیار دۆلار.

# پرۆژەکانی پەلەوەر لەژێر هەڕەشەی داخستندان



کێڵگەکانی پەلەوەر لە هەر وەجبەیەکدا 22 ملیۆن مریشک بەرهەمدێنن

(فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی زیادبوونی ژمارەی پرۆژەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر و کەمبوونەوەی خواست لە شارەکانی عێراق و لێشاوی هاوردەی مریشکی بەستووی وڵاتان، نزیکەی دوو مانگە خاوەن کێڵگەکانی پەلەوەر لەسەر زەرەر دەڕۆن، بە جۆرێک دەڵێن لە فرۆشتنی کیلۆیەک مریشک 400 دینار زەرەر دەکەن.

وەزارەتی کشتوکاڵ بەنیازی دامەزراندنی ئەنجوومەنێکە بۆ ئەوەی تێچووی بەرهەمهێنانی مریشک کەمبکاتەوە و جۆرێک لە ڕێکخستن بۆ

> **خاوەن کێڵگەکانی پەلەوەر:**
> لە فرۆشتنی هەر کیلۆیەک مریشک 400 دینار زەرەر دەکەین

دانانەوەی جووجەڵە و خستنەڕووی بەرهەم دیاری بکات و پاڵپشت بە یاسای پاراستنی بەرهەمی خۆماڵیش، هاوردنی مریشک سنووردار بکات.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، 1،527 پرۆژەی مۆڵەتدراوی بەخێوکردنی پەلەوەری گۆشت لە هەرێمی کوردستان هەن (493 لە هەولێر، 288 لە دهۆک، 602 لە سلێمانی، 114 لەگەرمیان و 30 لە هەڵەبجە). تێکڕای وزەی بەرهەمهێنانیان لە هەر وەجبەیەکدا دەگاتە نزیکەی 22.365.345 مریشک، ئەگەر ساڵانە هەر پرۆژەیەک تەنیا 4 وەجبە مریشک بەخێو بکات و تێکڕای کێشی سافیی مریشکە بەرهەمهاتووەکان بە 2 کیلۆ بخەمڵێنین و 10%ی ڕێژەی مردنی لێدەربکەین، بەرهەمی ساڵانەیان دەگاتە نزیکەی 161 هەزار تۆن.

بەپێی داتاکان، ئێستا نزیکەی 80%ی پرۆژەکان لەکاردان، بۆیە بەرهەمی ساڵانەی ئەم پرۆژانە بە نزیکەی 129 هەزار تۆن گۆشت دەخەمڵێنرێت. ئەمە جگە لەوەی نزیکەی 500 پرۆژەی بێ مۆڵەتیش هەن کە بەرهەمی ساڵانەیان دەگاتە نزیکەی 36 هەزار تۆن، واتە تێکڕای بەرهەم دەگاتە 165 هەزار تۆن.

وەزارەتی کشتوکاڵ پێویستیی ساڵانەی تاکی بۆ گۆشتی مریشک بە 23.9 کیلۆ دیاریکردووە، بەپێی داتاکانی دەستەی ئامار، کۆتایی ئەمساڵ ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دەگاتە نزیکەی 6 ملیۆن و 34 هەزار کەس کە ساڵانە پێویستیان بە نزیکەی 144 هەزار تۆن گۆشتی مریشک هەیە، بەم پێوەرە بێت هەرێمی کوردستان پێویستی بە مریشکی هاوردە نییە.

حەیدەر فەرحان، سەرۆکی ئەنجوومەنی پیشەسازیی پەلەوەر لە هەرێمی کوردستان دەڵێت: "بەهۆی خۆپیشاندانەکانی عێراق، خواست لەسەر کڕینی مریشک کەمبووەتەوە، خاوەن پرۆژەکان ناچارن مریشکەکانیان لە کوردستان بخەنە بازاڕەوە، بەهۆی زۆریی خستنەڕووش ماوەی نزیکەی دوو مانگە نرخی مریشک لە هەرێمی کوردستان بەڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە، خاوەن پرۆژەکان لە فرۆشتنی هەرکیلۆیەک گۆشتی مریشک نزیکەی 400 دینار زەرەر دەکەن".

حەیدەر فەرحان پێیوایە ئەگەر ڕەوشی عێراق هەروا بمێنێتەوە، ڕەنگە چەندین کێڵگەی پەلەوەر دابخرێن. ئەو دەڵێت سکاڵای خاوەن پرۆژەکانیان

> **خاوەن کێڵگەیەکی پەلەوەر:**
> بەخێوکردنی مریشک وەکو قومار وایە

گەیاندووەتە لای وەزیری کشتوکاڵ، ئەویش بەڵێنی پێداون کە ئەنجوومەنی باڵای پیشەسازیی پەلەوەر دابمەزرێنێ.

حەیدەر فەرحان کە بە ناوی نوێنەری خاوەن کێڵگەکانی پەلەوەر چووەتە لای وەزیری کشتوکاڵ، داواشی لێکردووە سنوورێک بۆ هاوردنی مریشکی بەستوو دابنرێ، چێشتخانەکان، نەخۆشخانەکان، پێشمەرگە و بەندیخانەکان ناچار بکرێن مریشکی دەواجنەکانی کوردستان بکڕن. دامەزراندنی پرۆژەی نوێ مەرجدار بکرێت، لەبەرامبەریشدا ئەوان پابەند دەبن بەو نرخەی حکومەت دیاری دەکات.

فیراس سدیق، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ دەڵێت: "مەبەست لە دامەزراندنی ئەم ئەنجوومەنە پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ و گەشەپێدانیەتی تا ئەو ئاستەی پێویستمان بە مرشکی هاوردە نەمێنێ".

گوتیشی: "خواست و حەزی خەڵک بۆ بەکارهێنانی گۆشتی مریشک گۆڕاوە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم خواستە پێویستە پێداچوونەوە بەخستنەڕووی گۆشتی مریشک بەشێوازی جیاواز بکرێت، بۆ نموونە لە شاری هەولێر بەدەیان تۆن مریشک بەشێوەی کینتاکی و شێوەی دیکە بەکاردەبردرێت، بۆیە ئەگەر هەوڵ بۆ گۆڕینی خستنەڕووی مریشک بەشێوەی جیاواز نەدەین، ناتوانین بڕیار لەسەر کەمکردنەوەی مریشکی هاوردە بدەین".

سەرەڕای ناجێگیریی نرخ و سکاڵای بەردەوامی خاوەن پرۆژەکانی پەلەوەر لەسەر ساغنەبوونەوەی بەرهەمەکانیان، ساڵ بە ساڵ ژمارەی پرۆژەکان لەزیادبووندان، بە جۆرێک لە شەش ساڵی ڕابردوودا 412 پرۆژەی پەلەوەر لە هەرێمی کوردستان دامەزراون.

حەیدەر فەرحان دەڵێت: "لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەهۆی قەیرانی دارایی و لاوازیی دەرفەتی وەبەرهێنان و بەڵێندەرایەتی لە زۆربەی سێکتەرەکاندا، خەڵکێکی زۆر ڕوویان لە دانانی پرۆژەی پەلەوەر کرد. جگە لە پرۆژە تۆمارکراوەکان زیاتر لە 500 پرۆژەی بێ مۆڵەتیش لە هەرێمی کوردستان هەن، بۆیە پێمانوایە بەرهەمی ساڵانەی پرۆژەکانی پەلەوەری دەگاتە 200 هەزار تۆن".

حاجی سەعدی ساڵح، خاوەنی پرۆژەیەکی پەلەوەرە لە دەوروبەری هەولێر، لە هەر وەجبەیەکدا 10 هەزار مریشک بەرهەم دێنێ و دەڵێت: "بەهۆی بێ بازاڕی بە ناچاری سەرجەم مریشکەکانم بە زەرەر بە بازرگانانی عەرەب فرۆشت، لە یەک وەجبەدا 5 ملیۆن دینارم زەرەر کرد".

بەبڕوای ئەم خاوە پرۆژەیە، درێژەکێشانی دابەزینی نرخی گۆشتی مریشک بۆ زیاتر لە دوو مانگ لە هەرێمی کوردستان بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە، یەکەمیان خۆپیشاندانەکانی عێراق و دووەمیش لەو ماوەیە بازرگانان مریشکێکی زۆری بەستوویان هاوردە کردووە.

سەرەڕای ئەو زەرەرەی حاجی سەعدی کردوویەتی، بەڵام کۆڵی نەداوە و جووجەڵەی تازەی داناوە و دەڵێت "ئێمە ناتوانین دەستبەرداری پیشەکەمان بین، کارەکەشمان وەک قومار وایە، جارێک زەرەر دەکەین، جارێک قازانج".

هەرێمی کوردستان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆ، گۆشتی مریشکی بەستوو لە تورکیا، ئۆکراینا، جۆرجیا، بەرازیل، ئەمەریکا، فەرەنسا، هۆڵەندا و چەند وڵاتێکی دیکەوە هاوردە دەکات.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی کەرەنتینی کشتوکاڵ، ساڵانە 70 تاوەکو 85 هەزار تۆن مریشک هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت.

حوسێن حەمەکەریم، گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت: "بڕیاری دروستکردنی ئەنجوومەنی باڵای پیشەسازیی پەلەوەر دراوە کە سەرۆکەکەی وەزیری کشتوکاڵ دەبێ، ئێستا خەریکی دیاریکردنی نوێنەرانی ئەنجوومەنەکەین. ئەنجوومەنەکەش هەر دوو مانگ جارێک کۆدەبێتەوە".

حوسێن حەمەکەریم پێیوایە دامەزراندنی ئەم ئەنجوومەنە هەنگاوێک دەبێت بۆ کەمکرنەوەی هاوردە و پشتبەستن بە بەرهەمی خۆماڵی و دیاریکردنی نرخی مریشک و پێداچوونەوە بە ڕێنماییەکانی دروستکردنی پرۆژە پەلەوەرییەکان.

## پیشەسازیی پەلەوەر لە هەرێمی کوردستان:




## بەرهەمی دار قەزوانەکان لە کورتی داوە

# لە سلێمانی و هەڵەبجە ساڵانە 200 تۆن بنێشتی کوردی بەرهەم دێت

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

لە دەستپێکی وەرزی هاوینی هەموو ساڵێکدا، سەلاح قادر و هاوڕێکانی بۆ لێدانی کوچەلە لە قەدی دار قەزوانەکان و کۆکردنەوەی بنێشتە تاڵ لێیان، ڕوو دەکەنە چیاکانی دەوروبەری گوندەکەیان، ئەوان هەم چێژ لە کۆکردنەوەی ئەم بەرهەمە خۆڕسکە وەردەگرن، هەمیش داهاتێکی باشیان لێی دەستدەکەوێت.

داری قەزوان یان دارەبەن، یەکێکە لە دارە خۆڕسکەکانی چیاکانی کوردستان. ئەم دارە لە زۆربەی چیاکان هەیە، بەڵام زیاتر خەڵکی ناوچەکانی هەڵەبجە، هەورامان، پێنجوێن، شارباژێڕ و قەڵادزێ سوودی لێ وەردەگرن، ئەویش بۆ دەستکەوتنی قەزوان بۆ خواردن و دروستکردنی تەسبیح، هەروەها دەستکەوتنی بنێشتە تاڵ کە لە بازاڕ بە "بنێشتی کوردی" ناسراوە.

وەرزی کۆکردنەوەی بنێشت لە ناوچەی هەورامان و هەڵەبجە لە کۆتایی حوزەیرانەوە دەستپێدەکات. سەرەتا دار قەزوانەکە لە چەند شوێنێک بریندار دەکەن، دواتر کوچەڵە (کە لە قوڕی تایبەت دروست دەکرێ) بە دامێنی برینی دارەکەوە دەلکێنرێ. برینەکە شیلەیەکی لێ دەردەچێ و بەهێواشی دەڕژێتە نێو کوچەلەکان. پاشان برینی دارەکە خۆی سارێژ دەبێت.

شیلە کۆکراوەکە دەخرێتە نێو مەنجەڵێک و بڕێک ئاوی تێدەکرێ، نزیکەی 45 دەقە لەسەر ئاگر دادەنرێ. بەر لەوەی بڵق بدات، ئاوێکی ساردی بەسەردا دەکرێ و بنێشتەکەی لێ جیادەکرێتەوە، ئاوەکەشی دەکرێتە دەبە و لە گیادەرمانییەکان وەکو چارەسەری گرێی گەدە دەفرۆشرێ.

لە پارێزگای هەڵەبجە زیاتر بنێشتی گوندەکانی هاوار، بۆیین، گریانە بەناوبانگە و زۆربەی خەڵکەکەی بەو پیشەیەوە خەریکن.

سەلاح قادر محەممەد، خەڵکی گوندی بۆیینی هەڵەبجە، دەڵێت: "لەبەر ئەوەی گوندەکەمان بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنەکەی باخ و ڕەزی نەبووە، بۆیە لەکۆنەوە کۆکردنەوەی بنێشت یەکێک بووە لە

> **خاوەنی کارگەیەکی بنێشت:**
> ساڵانە بایی 1.5 ملیار دینار بنێشت لە جووتیاران و بازرگانان دەکڕینەوە

پیشە سەرەکییەکانی خەڵکی گوندەکەمان. جگە لە گوندەکانی ئەم ناوچەیە بۆ بنێشت دەچینە ناوچەی پێجوێن و سۆران و بادینانیش".

داری قەزوان زیاتر لە ناوچە شاخاوییەکان دەڕوێت و شوێنەکەی کوێستانە. هەتا کەش گەرم نەبێت ئەم دارە شیلەی لێدەرناچێت، بۆیە لە ناوچەی هەڵەبجە و هەورامان لە کۆتایی حوزەیرانەوە دەستدەکرێت بەم کارە و مانگێک تاوەکو مانگ و نیوێک دەخایەنێت.

سەلاح قادر دەڵێت: "لەچیاکانی باڵانبۆ و شنروێ و ناوچەی هەورامان و چیاکانی دەروبەری گوندەکانی هاوار، بۆیین، گریانە بە هەزاران داری قەزوان هەن، ئەگەر دارەکان باش هەڵبببەسترێن تەنیا دارەکانی ئەم ناوچەیە ساڵانە نزیکەی 200 تۆن بەرهەم دەدەن".

سەلاح بۆ گەشەپێدانی پیشەکەی ماوەی ساڵێکە کارگەیەکی بۆ بەرهەمهێنانی بنێشتی کوردی بەناوی بۆیین لە پارێزگای هەڵەبجە داناوە، کارگەکە بەپێی خواستی بازاڕ ڕۆژانە 6 بۆ 10 کرێکار کاری تێدا دەکەن.



سەلاح دەڵێت: "مانگانە 500 کیلۆ بنێشت بەپێی خواستی کڕیار بە قەبارەی 5 گرامی و 10 گرامی و 25 گرامی بۆ بازاڕ ئامادە دەکەین، بنێشتەکەش بەبێ زیادکردنی هیچ مەوادێک و بە سروشتی خۆی دەیخەینە بازاڕ، بۆیە بنێشتەکەی ئێمە 100% سروشتییە".

بە گوتەی سەلاح، خواستێکی زۆر لەسەر بنشێتەکەی هەیە و ساڵانە 5 تۆن بنیشت دەفرۆشێ کە بایی نزیکەی 125 ملیۆن دینار دەبێ. لەوبارەوە گوتی: "بەگوێرەی قەبارەکان ئێمە بەشێوەی کۆ کیلۆیەک بنێشت بە نزیکەی 26 هەزار دینار بە بازرگان و جوملەفرۆشەکان دەفرۆشین، ئەوانیش بە نزیکەی 50 هەزار دینار دەیفرۆشنەوە، بەشێکی لەناوخۆ ساغ دەبێتەوە و بەشێکی هەناردە دەکرێت".

> کارگەکەی زاخۆ بەهۆی لێشاوی بنێشتی تورکی داخرا

سالم عەلی نازدار، خاوەنی پێشەنگایەکی فرۆشتنی بنێشت و بەرهەمە خۆماڵییەکان لە پارێزگای هەڵەبجە، ساڵانە تۆنێک بنێشت دەفرۆشێت، خۆشی لە وەرزی کۆکردنەوەدا هەموو ساڵێک بەشداری دەکات، پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ بازرگان و جوملە فرۆشەکانی بنێشتی کوردی هەیە. ئەو دەڵێت: "پێشتر کە بنێشتی کوردی پارەی باشی دەکرد، خەڵکێکی زۆر پێوەی خەریک بوو، ساڵانە لەسەر ئاستی کوردستان نزیکەی 800 تاوەکو 1000 تۆن بنێشت بەرهەم دەهات، بەڵام ئێستا بەرهەمی دارەکان کەمی کردووە و بەهۆی کاریگەریی دابەزینی بەهای تومەنیش نرخی بنێشتی هاوردە زۆر دابەزیوە، ئێستا لەو باوەڕەدام ساڵانە هەر 500 تۆن بنێشت بەرهەم بێت".

سالم عەلی دەڵێت: بنێشتی ئێرانی و چینی کاریگەری زۆری لەسەر فرۆشی بنێشتی کوردی هەبووە و بەو هۆیەوە 40%ی فرۆشیان دابەزیوە و نرخیش بەگوێرەی دابەزین و بەرزبوونەوەی تومەن دەگۆڕێت، بۆ نموونە ساڵی ڕابردوو کیلۆیەک بنێشت تا 12 هەزار دینار دابەزی، ئەمساڵ کیلۆی 18 تاوەکو 20 هەزار دینار دەکات، دەبەیەک ئاوی بنێشتیش بە 750 تاوەکو 1000 دینار دەفرۆشن.

لە پارێزگای سلێمانی چەند بازرگانێک هەن بەشێوەی کۆ بنێشت لە ناوچەکان دەکڕنەوە و بە کارگەکانی دەفرۆشنەوە. بەختیار محەممەد ئەمین کە یەکێکە لەو بازرگانانە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ساڵانە 20 تاوەکو 30 تۆن بنێشتی کوردی بە کاڵی لە جووتیارانی قەڵادزێ و شارباژێڕ و پێنجوێن و هەڵەبجە دەکڕمەوە، 80%ی بە کارگەکان و ئەوەی دیکەشی بە بازرگان و خەڵکی دەفرۆشین، ئەمساڵ بایی 500 ملیۆن دینار بنێشتی کوردیم فرۆشتووە".

گوتیشی: "چەند بازرگانێکی دیکەش لە سلێمانی ئەو کارە دەکەن، ساڵانە بەشێوەیەکی گشتی 70 بۆ 100 تۆن بنێشت لە بازاڕەکە دەفرۆشرێت و ئەگەر خواستی زیاتریش هەبێت لە بازرگانانی ئێرانی دەکڕینەوە، بەڵام بەرهەمی خۆماڵی خواستی زیاتری لەسەرە، چونکە تامی خۆشترە".

جگە لە کارگەکەی سەلاح، کارگەی دیکەش لە دەربەندیخان و ڕاپەڕین و چەند ناوچەیەکی دیکە هەیە، کارگەیەکی پێشکەوتووش لە پارێزگای سلێمانی هەیە کە لقێکی لە بەغدایە.

حاجی یاسین ڕەفیق کە لە سلێمانی و بەغدا خاوەنی دووکارگەی بەرهەمهێنانی بنێشتی کوردییە بەناوی وان، دەڵێت: "ساڵانە 80 تۆن بنێشتی کاڵی کوردی بەگوێرەی نرخی بازاڕ بە بەهای ملیارێک و 200 تاوەکو ملیارێک و 500 ملیۆن دینار لە بازرگانان و جووتیاران دەکڕینەوە، بە 30 تاوەکو 40 تام و قەبارەی جیاواز لە شارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق دەیفرۆشین".

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان یەک کارگەی بەرهەمهێنانی بنێشتی ئاسایی هەیە، ئەویش لە شاری زاخۆیە و لە ساڵی 2000وە کاری دەکرد، بەڵام سێ مانگ بەر لە ئێستا بەهۆی لێشاوی بنێشتی تورکی و بیانی داخرا.

دلۆڤان مەهدی، بەڕێوەبەری کارگەی ئەمین دەڵێت: "ڕۆژانە 3.5 تۆن بنێشتمان بەرهەمدەهێنا، 110 هەزار کارتۆن بنێشتمان دەفرۆشت، بەڵام بەهۆی لێشاوی هاوردەی بنێشتی تورکی و ئێرانی سێ مانگ بەر لە ئێستا کارگەکەمان داخست".

# 250 هەزار بەرمیلەکە ڕادەستی بەغدا بکرێ؟



محەممەد شێخ فاتیح

"هەرێمی کوردستان نەوتەکە ڕادەستی بەغدا بکات باشە یان نەیکات؟"، ئەمە ئەو پرسیارەیە کە ماوەیەکە خەڵکی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، جا بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بە لۆژیکی بدەینەوە، پێویستمان بە ڕێگەیەکی ماتماتیکییە، بۆ ئەمەش بودجەی ساڵی 2019 دەکەینە نموونە.

پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی ساڵی 2019 بریتی بوو لە 9.8 تریلیۆن دینار، واتە مانگانە 816 ملیار دینار. لێرەدا گرنگە جیاوازی بکەین لە نێوان پشک لە بودجە لەگەڵ شایستەی دارایی، چونکە شایستەی دارایی گەورەترە لە بەشە بودجە. شایستەی دارایی بریتییە لە: بەشە بودجە + مووچەی پێشمەرگە + قەرزەکان.

مانگانە 453 ملیار دینار لە بەغداوە بۆ هەرێمی کوردستان دێت کە دەبێت ئەمە لە 816 ملیار دینارەکە دەربکەین و دەمێنێتەوە 363 ملیار دینار.
816-453 = 363 ملیار دینار.

هەروەها بڕیار وابوو مانگانە لە بەغداوە 68 ملیار دینار مووچەی پێشمەرگە بێت، ئەگەر ئەوەش لەگەڵ مووچەی پێشمەرگە کۆبکەینەوە کە 68 ملیار دینارە، دەکاتە 431 ملیار دینار. (363 ملیار دیناری بەشە بودجە)+ (68 ملیار دیناری بودجەی پێشمەرگە) = 431 ملیار.

بەگوێرەی دوایین داتاکان، هەرێمی کوردستان ڕۆژانە بە تێکڕا 490 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنێت، پێشبینیش دەکرێت بەهاتنی ساڵی 2020 بەرز بێتەوە بۆ سەرووی 500 هەزار بەرمیل نەوت.



هەرێمی کوردستان ڕۆژانە بە تێکڕا 490 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنێت

جا بەگوێرەی ڕاپۆرتی کۆمپانیای دیلۆیت کە هەرێمی کوردستان تێکڕا هەر بەرمیلێک نەوتی بە 54.197 دۆلار فرۆشتووە، ئەگەر 54 کەڕەتی 250 هەزار بەرمیل و کەڕەتی 30 ڕۆژی بکەین و بیکەین بە دیناری عێراقی، ئەوا دەکاتە 488 ملیار دینار.

ئەم هەموو کۆ و جارانە بۆ ئەوە بوو بڵێین، ئەگەر هەرێمی کوردستان نەوت ڕادەست نەکات، ئەوا نزیکەی 490 ملیار دینار داهاتی دەبێت، بەڵام ئەگەر ڕادەستی بەغدای بکات، ئەوا لە بەرامبەردا 425 تا 430 ملیار دینار وەردەگرێت، کەواتە لە ڕووی داراییەوە زەرەر دەکات، بەڵام لە چەند ڕوویەکەوە قازانج دەکات:

1- دەرگای گفتوگۆ بۆ چەند دۆسیەیەکی دیکە دەکاتەوە لەگەڵ بەغدا.

2- ئەگەری هەیە چەند چانسێکی دیکەی دەستبکەوێت، وەک پشک لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، پێدانی پشک لەو قەرزەی وڵاتانی کۆمەکبەخش دەیدەن بە عێراق کە پشکی هەرێمی کوردستان لەو قەرزانە 9 ملیار دۆلارە و عێراق نەیداوە و ڕەنگە بیدات.

3- ناردنی مووچەی پێشمەرگە، چونکە تا ئێستا هیچ بڕە پارەیەک لە بەغداوە نەهاتووە بۆ مووچەی پێشمەرگە کە دەکاتە 816 ملیار دینار.

4- پشکی هەرێمی کوردستان لە خەرجییەکانی حاکیمە

5- پێدانی شایستەی دارایی جووتیاران و دوانەخستنی.

6- دۆسیەی داهاتی گومرگەکان و باج کە تا ئێستاش زۆر ڕوون نین، چونکە نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراق پێیانوایە 35%ی داهاتی دەروازە سنوورییەکانی عێراق دەچنە دەستی گرووپە چەکدارەکان و ناگەڕێنەوە بۆ حکومەت.

7- ئەوە سەرباری چەند پرسێکی سیاسی، وەک ناوچە کێشە لەسەرەکان و چەندین بابەتی دیکە.

هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2010دا بۆ یەکەمجار سەربەخۆ نەوتی هەناردە کرد و لە بەندەری جەیهان نەوتەکەی ڕادەستی بەغدا دەکرد، هەرچەندە ئەو قۆناغە کە تا ساڵی 2014 بەردەوام بوو، سەرەتای ئاڵۆزییەکانی هەولێر و بەغدا بوو، لەهەمانکاتدا، بەهۆی ناردنی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانەوە ژیان و گوزەرانی خەڵک و ئابووریی کوردستان لە بووژانەوەدا بوو.

بەڵام لە دوای ساڵی 2014ەوە هەرێمی کوردستان هەم سەربەخۆ نەوتی دەنارد و هەم سەربەخۆش دەیفرۆشت، ئیدی بە ڕوونی ئاڵۆزییەکان دەرکەوتن کە بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و ناکۆکییە سیاسییەکان لە نێوان هەولێر و بەغدا لە دەرهاویشتە نەرێنییەکانی بوون .

ئێستا ئەگەر هەرێمی کوردستان نەوتەکەی یان داهاتی نەوتەکەی ڕادەست بکات، سەرەتای قۆناغێکی نوێیە، چونکە هەم بڕێک لە نەوتەکەی ڕادەست دەکات، هەم بەشێکیشی بە سەربەخۆ دەفرۆشێت، بەوەش مۆدێلێکی نوێی سیاسەتی وزە دەستپێدەکات. بەدیوێکدا وابەستەبوونی خۆی دووپات دەکاتەوە بە بەغداوە، بەدیوی دووەمیشدا سەربەخۆ نەوتی خۆی دەفرۆشێت و ئەو کڕیارانەی کە چەند ساڵێکە بە هەزار فەلاکەت پەیدای کردوون، هەروەها ئەو هاوبەشانەی وزە کە بە هەر جۆرێک بووە ماونەتەوە لەگەڵی، هەر بەردەوام دەبن، بۆیە لێرەدا هەرێمی کوردستان دەیەوێت نە شیش بسووتێ و نە کەباب.

هەروەها لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا هەوڵدراوە بەتەنیا پەنا ببرێتە بەر چارەسەری سیاسی، بەڵام ڕەنگە باشترین بژاردە بۆ ساڵی 2020 بریتی بێت لە چارەسەری یاسایی، تەکنیکی، ئینجا سیاسی، چونکە هیچکام لەو ڕێگایانە بەتەنیا ناتوانن گەرەنتی ڕێککەوتنێکی بێ کێشە بکەن، نە دۆخی سیاسی و سیاسییەکانی عێراق هی ئەوەن گرەویان لەسەر بکرێ، نە یاسا هێندە سەروەر و بەهێزە، نە لایەنی هونەری و تەکنیکیش بە تەنیا هیچی پێدەکرێت.

بۆ ئەوەی تەمومژ نەهێڵێن، با لە گۆشەیەکی دیکەوە باسی پشکی هەرێمی کوردستان بکەین لە بودجەی عێراق:

1- عێراق ڕۆژانە 4.5 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمدێنێت

2 - 3.5 ملیۆن بەرمیل هەناردە دەکات و لە سەرووی 90%ی بودجەکەی پشت بەنەوت دەبەستێ.

3 - یەک ملیۆن بەرمیلەکەی دیکە لەناوخۆدا بەکاردەهێنێت کە پشکی هەرێمی کوردستان 170 هەزار بەرمیلە ئەگەر 17% بێت، یان 126 هەزار بەرمیلە ئەگەر 12.6% بێت.

4 - واتە 22%ی نەوتەکەی لەناوخۆدا خەرجدەکات، 78%یشی دەکاتە بودجە

5- پشکی هەرێمی کوردستان لەو 78% ـە دەدرێت.

6- خەرجی سیادی 45%ی بودجە پێکدێنێ، بەوەش ئەوەندەی دیکە پشکی هەرێمی کوردستان کەمدەبێتەوە .

7- واتە هەرێمی کوردستان 12.6%ی 55% وەردەگرێت، کە بڕێکی زۆر کەمە و 5%ی بودجەکە دەکات.

ئێستا هەرێمی کوردستان ڕۆژانە نزیکەی 500 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدێنێت، دەتوانین بیکەین بە سێ بەشەوە (250+125+125) کوردستان دەتوانێت 250 هەزار بەرمیل ڕادەستی بەغدا بکات، هەروەها مادام حکومەتی عێراق 22%ی نەوتی بەرهەمهێنراو لە ناوخۆدا بەرهەمدەهێنێت، کەواتە هەرێمی کوردستانیش دەتوانێت ئەوە بکات کە دەکاتە 110 هەزار بەرمیل (ئەمەیان 125 هەزار بەرمیلەکەی یەکەمە) بەڵام هەرێمی کوردستان ڕۆژانە نزیکەی 30 هەزار بەرمیل نەوت لەناوخۆدا بەکاردێنێت، ئەویدی دیکەی دەکاتە داهات بۆ مووچە و هەقدەستی کۆمپانیاکانی نەوت، هەروەها 125 هەزار بەرمیلەکەی دیکەش دەداتە کۆمپانیاکانی نەوت.

ئەوەی کە دیار و ڕوونە، ئەوەیە کە لەم قۆناغەدا واباشە هەرێمی کوردستان گوشاری زۆر لەسەر ئەو لایەن و کەسایەتییە سیاسییانە دروستنەکات کە هاوپەیمانین، بۆ ئەوەی نەبنە قوربانیی جێبەجێکردنی داواکانی کورد و شەقامی عێراقییان لێ تووڕە نەبێت. لەبەر ئەوەی ڕایەکی دیار هەیە باس لەوە دەکات نەرمی نواندنەکانی عەبدولمەهدی لە بەرامبەر داواکانی کورد، هەرچەندە داوا ئاسایی و یاسایی بوون، بەڵام یەکێک بوون لەو هۆکارانەی لایەنە سیاسییەکانی تووڕە و دڕدۆنگ کردووە، هەر بۆیە ڕادەستکردنی 250 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا کەمێک لەو گوشارانە کەمدەکاتەوە.

## حەوت سوودی ڕادەستکردنی نەوت بە بەغدا:

- کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ بۆ چەند دۆسیەیەکی دیکە لەگەڵ بەغدا
- گەڕانەوەی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان و پشکی ئەو قەرزەی وڵاتانی کۆمەکبەخش دەیدەنە عێراق
- پێدانی مووچەی پێشمەرگە
- پشکی هەرێمی کوردستان لە خەرجییەکانی حاکیمە
- پێدانی شایستەی دارایی جووتیاران و دوانەخستنی
- داهاتی گومرگەکان و باج
- پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان و چەند پرسێکی دیکە

# ڕووسیا و سعودیە بە مەرج و داواکارییەوە دەچنە کۆبوونەوەی ئۆپێک

شرۆڤەکارێکی نەوت:

**سعودیە چیدی بە تەنیا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئۆپێک کەم ناکاتەوە**



کۆبوونەوەی ئۆپێک بۆ درێژکردنەوەی ماوەی ڕێککەوتنەکەیان و بڕی ئەو نەوتەیە کە کەمی دەکەنەوە

ڕووداو- هەولێر

ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینیی داهاتوو، کۆبوونەوەی وەزیرانی نەوتی ئۆپێک و 10 وڵاتە هاوپەیمانەکەیان لە ڤیەننا بەڕێوەدەچێ کە ئامانج لێی تاوتوێکردنی دۆخی بازاڕەکانی نەوتی جیهان و باسکردن لە ئەگەری درێژکردنەوەی ماوەی ڕێککەوتنی دابەزاندنی بەرهەمی نەوتە، بەڵام ڕووسیا بە مەرجێکی نوێوە دێتە کۆبوونەوەکانەوە لە کاتێکدا سعودییەکانیش داوای پابەندبوون بە ڕێککەوتنەکە دەکەن.

لە سێ ساڵی ڕابردوودا ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک) و 10 وڵاتی دیکە ڕێککەوتنێکیان جێبەجێ کردووە کە ئامانج لێی گەڕاندنەوەی هاوسەنگییە بۆ خستنەڕووی نەوت و داخوازیی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا، ئەوەش بۆ ئەوەی نرخەکانی نەوت هاوسەنگ ببنەوە، بەڵام لەو ماوەیەدا ڕووسیا بە پێچەوانەی ئەندامانی ئۆپێک گازی کۆنسێندەیتیشی لەگەڵ بەرهەمی نەوت حیساب کردووە. گازی کۆنسێندەیت بەرهەمێکە کە لەکاتی دەرهێنانی غازی سروشتیدا دەردەهێنرێ.

لە ساڵانی ڕابردوودا ئەو سیاسەتە هیچ کێشەیەکی بۆ ڕووسیا دروست نەدەکرد، بەڵام ئێستا ڕووسیا دەستی بە کۆمەڵێک پرۆژە لە جەمسەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سیبیریا کردووە و بۆڕی غازی سروشتیش بۆ چین دەکاتەوە، هەر بۆیە چاوەڕێ دەکات بەرهەمی کۆنسێندەیتی بەرزبێتەوە.

ژمارەیەک سەرچاوەی ئۆپێک و ڕووسیا بە ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی بەریتانییان ڕاگەیاندووە کە لەگەڵ بەرزبوونەوەی بەرهەمی غازی سروشتی و گازی کۆنسێندەیت، ڕووسیا چیدی ناتوانێت پابەندی ئەو پشکە بێ کە لە ڕێککەوتنەکەدا بۆی دیاریکراوە. ڕووسیا دەیەوێ لە ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک و هاوپەیمانەکانیدا بمێنێتەوە کە بە ڕێککەوتنی ئۆپێک پڵەس ناوی دەرکردووە، بۆیەش بە دوای ڕێگەچارەیەکدا دەگەڕێ.

یەکێک لە سەرچاوەکان دەڵێ: "هیچ گومانی تێدا نییە ڕووسیا لە کۆبوونەوەکەی مانگی کانوونی یەکەمدا کێشەی کۆنسێندەیت بەرز دەکاتەوە، چونکە بەرهەمی غازی سروشتیی ئەو وڵاتە خەریکە بەرزدەبێتەوە".

لە سەرەتای مانگی تەمووزی ئەمساڵ، ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی بڕیاریان دا ڕێککەوتنی دابەزاندنی ئاستی بەرهەمهێنان هەتا ئاداری 2020 درێژ بکەنەوە. بەگوێرەی بڕیارەکە، ئۆپێک و 10 وڵاتەکەی دیکە دەبووایە 1.2 ملیۆن بەرمیل لە بەرهەمی ڕۆژانەیان کەمبکەنەوە کە ڕووسیا 228 هەزار بەرمیلی بەردەکەوێ لە ڕۆژێکدا.

ئۆپێک لە کۆبوونەوەکەی داهاتوویدا دوو بژاردە تاوتوێ دەکات، یەکەمیان درێژکردنەوەی ماوەی ڕێککەوتنەکەیە و ئەوەی دیکەیان بەرزکردنەوەی بڕی ئەو نەوتەیە کە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکەدا دەبێ دایبەزێنن. سعودیە یەکێک لەو وڵاتانەیە کە پشتگیرییەکی بەهێزی درێژکردنەوەی ماوەی ڕێککەوتنەکەی کردووە، بۆ ئەوەی هەم ڕێگە لە کورتهێنانی بودجە بگرێ و هەم نرخی پشکەکانی ئارامکۆ بەرزبکاتەوە.

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو، ئەلێکساندەر نۆڤاک، وەزیری وزەی ڕووسیا ڕایگەیاند کە لەوانەیە لە کۆبوونەوەکەی ئۆپێک پڵەسدا باسی دەستکاریی پشکی وڵاتان لە ڕێککەوتنەکە بکرێ، بەڵام زانیاری زیاتری نەخستەڕوو. یەکێک لە پرسیارەکان کە بە کراوەیی ماوەتەوە ئەوەیە ڕووسیا لە بەرامبەر ئەو داوایەدا بە کام مەرجی ئۆپێک ڕازی دەبێ، درێژکردنەوەی زۆری ڕێککەوتنەکە یان بەرزکردنەوەی ئاستی دابەزاندنی بەرهەمی نەوت.

سەرچاوەیەکی دیکە لەبارەی بایەخی پرسی گازی کۆنسێندەیتەوە دەڵێ: "ئەستەمە بتوانی ڕێژەی بەرهەمهێنانی غازی سروشتی بەرزبکەیتەوە و لە هەمانکاتدا ڕێژەی کۆنسێندەیت بەرز نەبێتەوە. چونکە کۆنسێندەیت لە بنەڕەتدا لە غازی سروشتییەوە دێ نەک لە نەوتەوە. ئەگەر بتەوێ لە کاتی بەرزکردنەوەی بەرهەمی غازی سروشتیدا ڕێژەی کۆنسێندەیت کەم بکەیتەوە، ئەوە کاریگەری خراپ لەسەر کێڵگەکان دادەنێ".

ڕووسیا لەگەڵ سەرانی ئۆپێکدا ڕێککەوتبوو تێکڕای بەرهەمی ڕۆژانەی لە 2019 بۆ 11.18 ملیۆن بەرمیل دابەزێنێ، بەڵام بەپێی داتاکانی تۆڕی میدیایی (بلوومبێرگ)، بەرهەمی نەوتی ئەو وڵاتە لە تشرینی یەکەمی ئەمساڵ 11.56 ملیۆن بەرمیل بووە لە ڕۆژێکدا، لە کاتێکدا تێکڕای بەرهەمی نەوتی ڕووسیا لە 2019 نزیکەی 11.52 ملیۆن بەرمیل بووە لە ڕۆژێکدا، بەو پێیەش ڕووسیا 70 هەزار بەرمیل زیاتر لەوەی بەرهەمهێناوە کە بەڵێنی دابوو.

## سعودیە: تاقەتی فێڵمان نەماوە

بەدرێژایی یەک ساڵی ڕابردوو، سعودیە چاوپۆشی لەو وڵاتانە کردووە کە پابەندی بەڵێنەکانی خۆیان لە ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەم نابن، لەو ماوەیەدا سعودیە قەرەبووی پێشێلکارییەکانی کردووەتەوە و بەوەش وایکردووە ڕێککەوتنەکە کاریگەری لەسەر نرخەکانی نەوت لە بازاڕەکانی نەوت هەبێ.

لە مانگی ئەیلوولی ئەمساڵەوە گۆڕانکاریی گەورە لە پێکهاتە و دامەزراوەکانی کەرتی وزەی سعودیەدا کراوە، لەوانەش گۆڕینی وەزیری نەوت کە ئێستا ئەو پۆستە دراوەتە عەبدولعەزیز بن سەلمان. ئەوە یەکەمجارە بن سەلمان بە سیفەتی وەزیر لە کۆبوونەوەیەکی ئۆپێکدا بەشداری دەکات و چاوەڕێ دەکرێ لە کۆبوونەوەی ئەمجارەدا هۆشداری بە پێشێلکاران بدات.

پێشێلکارانی سەرەکیی ڕێککەوتنەکە بریتین لە عێراق، نایجیریا و کازاخستان. عێراق بەڵێنی دابوو ڕۆژانە لە 4.51 ملیۆن بەرمیل زیاتر بەرهەم نەهێنێ، لە کاتێکدا بە درێژایی یەک ساڵی ڕابردوو نزیکەی 4.8 ملیۆن بەرمیلی بەرهەمهێناوە. کازاخستان دەبووایە 1.86 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم بهێنێ، کەچی نزیکەی 1.95 ملیۆن بەرمیلی بەرهەم هێناوە، نایجیریاش کە دەبووایە 1.68 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم بهێنێ، زیاتر لە 1.8 ملیۆن بەرمیلی بەرهەمهێناوە.

**عێراق، نایجیریا و کازاخستان ڕێککەوتنەکەی ئۆپێکیان پێشێل کردووە**

پێشتر سعودیە ناچار بوو دڵی ئەندامانی ئۆپێک ڕابگرێ، لەبەر ئەوەی نەیدەویست کێشە بۆ ڕێککەوتنەکە دروست بێ. بەڵام ڕۆژی پێنجی کانوونی یەکەم، واتە ڕۆژی کۆبوونەوەکەی ئۆپێک، سعودیە نرخی پشکەکانی ئارامکۆ دەخاتەڕوو، بۆیە چیدی وەک جاران پێویستی بەوە نامێنێ بە هەموو نرخێک بەرگری لە ڕێککەوتنەکە بکات.

سعودیە پێشتر بەڵێنی دابوو ئاستی بەرهەمی وڵاتەکەی بۆ 10.3 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزێنێ، بەڵام پێشێلکاری وڵاتانی دیکە و هەوڵی ریاز بۆ پاراستنی کاریگەریی ڕێککەوتنەکە بووە هۆی ئەوەی ڕۆژانە 700 هەزار بەرمیل کەمتر لەو بڕە بەرهەم بهێنێ کە بەڵێنی دابوو.

ئامریتا سێن، شرۆڤەکاری نەوت لە کۆمپانیای ڕاوێژکاریی ئێنێرجی ئەسپێکتی بەریتانی، بە (بلوومبێرگ) دەڵێ: "سعودیە هەڵوێستێکی توندتر لە جارانی هەیە، ریاز دەیەوێ ئەوە ڕوون بێ کە چیدی ئامادەنین بە تەنیا ئاستی نەوتی ئۆپێک کەم بکەنەوە".



## لە سلێمانی ئافرەتێکی بەساڵاچوو دەکوژرێ

**ڕووداو- سلێمانی**

پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاند ڕۆژی 2019/11/29 تەرمی ژنێکی بەساڵاچوویان لە سلێمانی دۆزیوەتەوە کە بە چەقۆ کوژراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هۆکاری کوشتنەکەی دیار نییە. سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلیمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ژنەکە لەدایکبووی 1953 ـیە و ماڵی لە تاسڵووجە بووە، لەگەڵ مێردەکەی ژیاوە و مێردەکەشی باری دەروونی تەواو نییە، ئەوەندەی دەزانین بە چەقۆ کوژراوە و تاوەکو ئێستا نازانین هۆکارەکەی چییە". گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی گوتیشی: "نازانین کێشەی کۆمەڵایەتییە یان هەر هۆکارێکی دیکە، خەریکی لێکۆڵینەوەین لە ڕووداوەکە و دواتر زانیارییەکان دەخەینەڕوو".

### کچەکە لە شەڵتەر بووە و دراوەتەوە دەست کەسوکاری

# کچێک دوای کوژرانی خۆشەویستەکەی شوێنبزر دەکرێ

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای کوژرانی پیاوێک لە زاخۆ، چارەنووسی ئافرەتێکیش دیار نییە کە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ئەو پیاوە هەبووە. خزمێکی نزیکی ئەو ئافرەتە دەڵێت براوەتە دەرەوە. پۆلیسیش هیچ لەبارەی چارەنووسی نازانن.

حەنان، تەمەنی 19 ساڵە و دانیشتووی گەڕەکی زاخۆی نوێیە لە قەزای زاخۆ، پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کەسێک هەبووە بەناوی (ئیدریس) کە تەمەنی 32 ساڵ بووە و دوو ژن و نۆ منداڵی هەبوو. ئیدریس دوو جار چووبوو بۆ خوازبێنیی حەنان، بەڵام باوکی ڕازی نەبووبوو کچەکەی سەربەهەوێ شوو بکات.

دوای ئەوەی ئیدریس بێ ئومێد دەبێ لەوەی کچەکەی بدەنێ، شەوێک کە خێزانی کچەکە خەوتبوون، پێکەوە هەڵاتبوون، کاتێک خێزانی کچەکە دەزانن کچەیان لەگەڵ ئیدریس ڕۆیشتووە، سکاڵای لەسەر تۆمار دەکەن.

پێشتر کەسێکی نزیکی ئیدریس بە (ڕووداو)ی گوتبوو: "کەس نەیدەزانی ئیدریس بۆ کوێ چووە، ڕۆژێکیان لە ناکاو لەگەڵ کچەکە پەیدا بوونەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی بە تۆمەتی ڕفاندنی کچەکە سکاڵای لەسەر تۆمار کرابوو، پۆلیس ئیدریسی دەستگیر کرد و کچەکەشی گەڕاندەوە ماڵی باوکی، پاشان سوڵحی عەشایەری کرا و ئیدریس کە هەشت مانگ بوو لە زیندان بوو، ئازاد کرا".

ئیدریس شوفێری بارهەڵگر بووە، بە گوتەی کەسە نزیکەکەی، ئەو ڕۆژە لەبەردەرگای ماڵەکەی خەریکی شووشتنی ئۆتۆمبێلەکەی بووە، لەو کاتەدا باوکی کچەکە هاتووەتە بەردەمی و دەستڕێژی گوللەی لێکردووە و 14 گوللەی لێداوە.

سیامەند محەممەد کە شایەتحاڵی ڕووداوەکەیە، پێیوایە ئازادکردنی ئیدریس بە پلانی کەسوکاری کچەکە بووە: "ئیدریس چەند ڕۆژێک پێش ڕووداوەکە ئازاد کرا، پێدەچێ کەسوکاری کچەکە مەبەستیان کوشتنی بووبێ، بۆیە سکاڵاکەیان لەسەر کشاندەوە، دیارە ویستوویانە لە زیندان بێتە دەرەوە و بیکوژن".

> دوای 22 ڕۆژ لە کوژرانی ئیدریس هێشتا بکوژەکەی دەستگیر نەکراوە

دوای کوژرانی ئیدریس، دەنگۆیەک هەیە کچەکەش کوژرابێ. ناسیاوەکەی ئیدریس گوتی: "کەسوکاری کچەکە دەڵێن ئێمە کچەکەی خۆمان کوشتووە، بۆیە کوڕەکەی ئێوەشمان کوشت، بەڵام هیچ بەڵگەیەک نییە کە کچەکە کوژرابێ. بەگوێرەی زانیاریی ئێمە کچەکە نێردراوەتە دەرەوەی وڵات".

دوای تێپەڕبوونی 22 ڕۆژ بەسەر کوژرانی ئیدریس، تا ئێستا بکوژەکەی دەستگیر نەکراوە.

عەقید سەعدی عومەر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای زاخۆ بە (ڕووداو)ی گوت: "تا ئێستا نەمانتوانیوە تاوانبارەکە دەستگیر بکەین، بۆ شوێنێکی نادیار هەڵاتووە، خانەوادەکەشی لە ماڵی خۆیان نەماون، بەڵام ناوی تاوانبارەکەمان داوەتە هەموو بازگە و بنکەکان".

(هـ،ن) کە کەسێکی نزیکی ماڵی حەنانە بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای ئەوەی ئەو کچە لەگەڵ ئیدریس هەڵات و پاشان گەڕانەوە، بردرایە شەڵتەرێکی ژنان و چوار مانگ لەو شەڵتەرە مایەوە، دواتر کەسوکارەکەی بەڵێننامەیان پڕکردەوە کە هیچی لێ ناکەن.

> تا بەڵگەمان نەدەنێ کە کچەکەی خۆیشیان کوشتووە سوڵحیان لەگەڵ ناکەین
>
> **برایەکی کوژراوەکە:**

بەڵام لەو ڕۆژەوەی لە شەڵتەر دەرهێنراوە کەس نەیبینیوە".

(ە) گوتیشی: "باوک و براکانی حەنان دەڵێن کچەمان ناردووەتە لای خزمێکمان لە دەرەوە. ئەوان سکاڵاکەشیان لە دژی ئیدریس کشاندەوە، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک لە هاتنە دەرەوەی ئیدریس لە بەندیخانە، باوکی حەنان ئیدریسی کوشت و هەڵات".

(ە) باوەڕ ناکات حەنان کوژرابێ و دەڵێت ئەگەر کوژرابا تا ئێستا تەرمەکەی دەدۆزرایەوە.

بەڵام برایەکی ئیدریس کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێت: "دوای کوژرانی براکەم، بنەماڵەی ئەو کچە چەند کەسێکیان نارد بۆ ماڵی ئێمە، بە باوکمیان گوتبوو ئەوان کچەکەی خۆیان کوشتووە، بۆیە ئیدریسیشیان کوشت، ئێمە داوای بەڵگەمان لێکردن، بەڵام گوتیان تەرمەکەمان شاردووەتەوە. ئێمەش پێمانگوتن تا تەرمەکە نەبینین سوڵحتان لەگەڵ ناکەین".

ڕائید شڤان شەعبان، بەرپرسی نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە زاخۆ کە دۆسیەی حەنان لەلای ئەوان بووە، دەڵێت: "کەسوکاری حەنان بە تۆمەتی ڕفاندنی کچەکەیان سکاڵایان لەسەر ئیدریس تۆمار کرد. دوای گەڕانەوەیان ئیدریس بۆ ماوەی هەشت مانگ دەستگیرکرا و حەنانیش لە ترسی ئەوەی کەسوکارەکەی بیکوژن، بردرایە شەڵتەر. بەڵام دوای چوار مانگ خێزانەکەی بەڵێنیان دا کە هیچ شتێک لە کچەکەیان ناکەن و کچەکەیان بردەوە، لەو کاتەوە ئێمە ئاگادارنین و نازانین ئەو کچە چی بەسەرهاتووە".

دوای ئەوەی (ڕووداو) پەیوەندی بە ڕائید شڤانەوە کرد، بەڵێنی دا بەدوای دیارنەمانی ئەو کچەدا بچن کە ئایا کوژراوە یان وەکو کەسوکارەکەی دەڵێن بردراوەتە دەرەوەی وڵات.

# ئافرەتێکی دانیشتووی بنەسڵاوە دوو هەفتەیە ونە

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

ئافرەتێکی دانیشتووی قەزای بنەسڵاوەی سەر بە شاری هەولێر، ماوەی دوو هەفتەیە لە ماڵ دەرچووە و نەگەڕاوەتەوە. کەسوکاری دەڵێن هیچ کێشەیەکی نەبووە، لەو ڕۆژەوەی ونیش بووە، لە زۆر شوێن بەدوایدا گەڕاون، بەڵام هیچیان دەستنەکەوتووە.

ئەیهان عەلی، تەمەنی 21 ساڵە و دانیشتووی قەزای بنەسڵاوەیە، سەعات 2:30ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی 2019/11/18 لە ماڵ دەرچووە و نەگەڕاوەتەوە. ئەیهان لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری کەرکووکە، ساڵ و نیوێکە شووی بە کوڕێکی دانیشتووی بنەسڵاوە کردووە.

کامەران محەممەد، خەزووری ئەیهان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ساڵێک و شەش مانگە کوڕەکەم هاوسەرگیری لەگەڵ ئەیهان کردووە. منداڵیان نییە، لە نهۆمی دووەمی خانووەکەی ئێمە لەگەڵ کوڕەکەم دەژیان هیچ کێشەیەکیان نەبوو. نازانین بۆ کوێ چووە، دەترسین شتێکی بەسەرهاتبێ".

کامەران دەڵێت ئەیهان ئەو ڕۆژە نانی بەیانی و نیوەڕۆشی لەگەڵ مێردەکەی خواردبوو، پاشان چووەتە ژوورەکەی خۆی، بەڵام دواتر دیار نەماوە.

کامەران گوتی: "دەوروبەری سەعات 2:30ی دوای نیوەڕۆ بوو، هاوژینەکەم تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی ئەیهان دیار نییە. هەموو شوێنێکی ئەو ماڵە بەدوایدا گەڕاوم لە ماڵ نییە".

کامەران دەگەڕێتەوە ماڵەوە و یەکەمجار هەواڵی بووکەکەی لە دراوسێکانی دەپرسێ، بەڵام ئەوان دەڵێن نەیانبینیوە، پاشان دەچێتە گەراجی پاس و تاکسییەکانی کەرکووک، لەو باوەڕەدا بووە چووبێتەوە کەرکووک، بەڵام لەوێش هیچ زانیارییەکی دەستنەکەوتووە.

کامەران پەیوەندی بە برای ئەیهانەوە دەکات، بەڵام ئەویش نائومێدی دەکات کاتێک پێیدەڵێت "ئەیهان نەهاتووە بۆ کەرکووک".

کامەران داوا لە مستەفای برای ئەیهان دەکات بێتە هەولێر بۆ ئەوەی بە یەکەوە بەدوایدا بگەڕێن.

کامەران دەڵێت "چووین بۆ بنکەی پۆلیس و لە دیارنەمانی ئەیهان ئاگادارمان کردن، پۆلیس بەڵێنیان داوە بەدوایدا بگەڕێن، بەڵام ئەوانیش تا ئێستا هیچیان لەبارەی چارەنووسی ئەیهانەوە دەستنەکەوتووە".

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "خەزووری و برای کچەکە سکاڵایان تۆمار کردووە. پەڕاوی لێکۆڵینەوەمان بۆ کەیسەکە کردووەتەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ شتێکمان دەستنەکەوتووە لەسەر ئەو ژنە، بە گوتەی خانەوادەکەی هیچ کێشەیەکی نەبووە و نازانن بۆچی بێ ئەوەی کەس ئاگادار بکات ماڵی بەجێهێشتووە. لە لێکۆڵینەوەکانمان بەردەوامین بۆ دۆزینەوەی ئەو ژنە".

مستەفا عەلی کە برای ئەیهانە، دەڵێت: "ماوەی ساڵێک و شەش مانگە خوشکەکەم شووی کردووە. هیچ کێشەیەکی لەگەڵ مێردەکەی و ماڵە خەزوورانیدا نەبووە، کاتێک خەزووری پەیوەندی پێوەکردم، بەلامەوە سەیر بوو، چونکە من خوشکی خۆم دەناسم، قەت شتێکی لەو جۆرە ناکات".

مستەفا دەڵێت سێ ڕۆژ پێش ونبوونی خوشکەکەی قسەی لەگەڵ کردووە. ئەو پێیگوتووە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ مێردەکەی نییە و ماڵی خەزوورانیشی زۆر باشن لەگەڵی، بۆیە سەری سوڕماوە لە دیارنەمانی خوشکەکەی.

دەشڵێت دوای ئەوەی پۆلیسیان ئاگادار کردەوە، سەیری کامێرای ماڵە دراوسێکانی ئەیهانیان کرد، بەڵام لە هیچ کامێرایەک دەرنەچووە.

خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەو ژنە سەرجەم زێڕەکانی خۆی لەگەڵ خۆی بردووە.

مستەفا دیارنەمانی خوشکەکەی دەبەستێتەوە بە کێشەیەک کە لەنێو ماڵی کامەراندا هەبووە و دەڵێت: "بووکە تازەکەیان کێشەی زۆری بۆ دەنایەوە. ئەو ڕۆژەی ئەیهان لە ماڵ چووەتە دەرەوە. ئەو ژنە چەند جارێک پەیوەندی بە نووری خوشکمەوە کردووە، بەڵام ئەو ئاگادار نەبووە و وەڵامی نەداوەتەوە. ئێمە گومان دەکەین ئەو ئافرەتە وای لە ئەیهان کردبێت ماڵەکەی جێبهێڵێت، چونکە چەند ڕۆژێک پێش ڕۆیشتنی ئەیهان، ئەو بووکەیان تۆراوە و چووەتەوە ماڵی باوکی، لە ماڵی باوکییەوە پەیوەندی بە نووری خوشکمەوە کردبوو".

مستەفا گوتیشی: "ئەیهان ڕۆژێک پێش ڕۆیشتنی لەگەڵ خوشکەکەم قسەی کردبوو، پێیگوتبوو چەند ڕۆژێکی دیکە هەواڵێکت لەبارەی منەوە بۆ دێ".

خانەوادەی ئەیهان لە زۆر شوێن بەدوای ئەو ژنەدا گەڕاون و هیچیان دەستنەکەوتووە، ئەوان لەڕێی ڕووداوەوە داوا دەکەن هەر کەسێک زانیاری لەبارەی ئەیهانەوە دەستکەوت پەیوەندی بکات بەم ژمارە تەلەفۆنەوە (07504958391).



ئەیهان عەلی

### لە باشوور و ڕۆژئاڤای کوردستانیش بووە

# ئافرەتێک 25 ساڵە هاوکاریی لێقەوماوان دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

لە دەستپێکی هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاڤای کوردستان، زۆربەی ڕێکخراوەکانی هاریکاریی مرۆیی لەو ناوچەیە کشانەوە، بەڵام گروپی ڕەنجێرزەکانی بۆرمای ئازاد لەو دەگمەن گروپانە بوون کە لە ڕۆژئاڤا مانەوە. دەڤید ئۆبانک، سەربازی پێشووی هێزە تایبەتەکان و هاوژینەکەی، کارین، ماوەی 25 ساڵە لە وڵاتە جیاجیاکان هاوکاریی مرۆیی پێشکەش بە خەڵک دەکەن. کارین هەفتەی ڕابردوو سەردانی کوردستانی کرد و باسی ئەزموونی خۆی بۆ (ڕووداو) کرد.

دەڤید و کارین لە گەرمەی هێرشی داعشدا سەردانی هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاڤایان کردووە. وەک خۆی دەڵێ: "سەرەتا چووینە ڕۆژئاڤا، چونکە هاوڕێیەکمان پێیگوتین خەڵکانێک لەوێ هەن پێویستیان بە خۆشەویستی و هیوایە، ئێوە دەتوانن هەندێک هیوا بۆ ئەو خەڵکە بگەڕێننەوە. ئەوکات وجوودی داعش زۆر بەرچاو بوو".

ژن و مێردەکە داواکە قەبووڵ دەکەن، هەرچەند ناوچەکە بەرەی پێشەوەی شەڕیش بوو. ئەوان دەبووایە بچنە ئەو ناوچە جەنگییانەی دوایین خێزانەکانی لێ مابوون کە بە گوتەی کارین "لەو ناوچانە قوتابخانەکان داخراون، ڕەنگە هیچ نەخۆشخانەیەکی لێ نەبێ و خەڵک نەوێرن لە ماڵەکانی خۆیان بمێننەوە" کاری سەرەکیی ئەوان مانەوە بووە لەگەڵ منداڵەکان و یاریکردن لەگەڵیان.

ڕەنجێرزەکانی بۆرمای ئازاد پرۆگرامێکیان هەیە بەناوی "یانەی ژیانی باش" کە هەم پێدانی وره و هەم دابینکردنی وانە و کەرەستەی تەندروستی لەخۆدەگرێ. کارین دەڵێ: "تەندروستبوون لەو ناوچانە تەحەددایەکی گەورەیە".

کارین و هاوژینەکەی مەسیحییەکی پابەندن، بەڵام بۆیان گرنگ نییە ئاخۆ ئەوانەی پێویستیان بە یارمەتییە باوەڕیان بە مەسیحییەت هەیە یان نا. ئەو دەڵێ: "ئێمە خوشک و برای یەکدین. گرنگ نییە کێ پێویستی بە یارمەتییە، بڕوا ئاینییەکەم وەرەی ئەوەم پێدەدات بە هانای خەڵکەوە بچم، جا بارودۆخەکە هەرچۆنێک بێت بۆم گرنگ نییە. بڕوام بە مەسیح وادەکات سەبر و خۆشەویستیم زۆر بێ".

ئەو خێزانە ئەمریکییە ماوەی 25 ساڵە ئەوە کاریانە، لەو ماوەیەشدا بۆ کار چوونەتە بۆرما، سوودان، عێراق، کوردستان، سووریا و بۆ مەبەستی دیکە سەردانی وڵاتانی دیکەیان کردووە. لای ئۆبانکەکان ئەوە هەوڵێکی خێزانییە کە دایک و باوک و تەنانەت منداڵەکانیان تێیدا بەشدارن. دەڤید و کارین دوو کچیان بەناوەکانی سوزان و ساحیلە و کوڕێکیان بە ناوی پیتەر هەیە و پێکەوە دەچنە هەموو شوێنەکان.

کارین لەبارەی هۆکاری ئەوە دەڵێ: "ئێمە دەمانەوێ وەک خێزان پێکەوە بین. من و دەڤید بڕیارمان داوە ئەوەندەی بۆمان بلوێ پێکەوە کار بکەین". سەبارەت بە خوێندنی منداڵەکانیشی دەڵێت: "منداڵەکانمان چوونەتە قوتابخانە، مەبەستم قوتابخانەی ماڵەوەیە، یەکێک لە کچەکانم قوتابخانەی تەواو کردووە و ئەوەی دیکەیان ساڵی داهاتوو تەواوی دەکات، هەردووکیشیان ناوی خۆیان بۆ کۆلێژ دەنووسن".

پڕۆژەیەکی وەک ئەوەی کارین و دەڤید پێویستی بە سەرچاوەیەکی دارایی بەردەوام هەیە، کارین دەڵێ: "لە سەرتاسەری جیهان ئەوەندە خەڵکی جوان هەن کە بیانەوێ یارمەتی لێقەوماوان بدەن".

لە پێنج ساڵی شەڕی دژی چەکدارانی داعشدا، شەڕڤانە ئافرەتەکان ڕۆڵی گەورەیان لە تێکشکاندنی خەلافەتەکەدا هەبوو. کارین دەڵێ: "من زۆر سوپاسگوزارم کە ئەوان خاوەنی ئەو ڕوئیایەن و باوەڕیان بەخۆیان بچنە سەرکردایەتی، واتە شوێنێک کە دەتوانن خاوەن کەرامەت و گەورەیی خۆیان بن. نزا دەکەم کەسێک هەبێ بتوانێ پشتگیری ئەو بزووتنەوەیە بکات، بۆ ئەوەی هەموو کەسێک لە کۆمەڵگادا خاوەن کەرامەت و ژیانی ئامانجداری خۆی بێ".



دەڤید و کارین منداڵەکانیشیان لەسەر هەمان ڕێچکەی خۆیان پەروەردە کردوون



## لە قەڵادزێ گەنجێک بە چەقۆ دەکوژرێت

**ڕووداو- قەڵادزێ**

کاژێر 9:25ی شەوی 2019/11/30 لە گەڕەکی ڕاپەڕینی قەڵادزێ لە سنووری قەزای پشدەر، گەنجێک بە چەقۆ لەلایەن کەسێکەوە کوژرا. شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین هەواڵەکەی بۆ (ڕووداو) پشتڕاستکردەوە و گوتی "تەرمی گەنجەکە بردراوە نەخۆشخانەیە". بەپێی زانیارییەکانی ڕووداو، گەنجە کوژراوەکە ناوی (سەفین حوسێن) بووە و تەمەنی 22 ساڵ بووە. پۆلیسی ڕاپەڕین لەبارەی ڕووداوەکە لە ڕاگەیێندراوێکدا ئاماژە بەوە دەدات "گەنجەکە لەلایەن کەسێکەوە بەهۆکارێکی نادیار لە گۆڕستانی ڕاپەڕین بە چەقۆ هێرشی کراوەتەسەر و دەستبەجێ مردووە. تۆمەتبارەکەش لە شوێنی ڕووداوەکە دەستگیرکراوە، بە بڕیاری دادوەر بەند کراوە".

# گەنجێک لەسەر گۆڕینی کەناڵی تیڤی دەکوژرێت

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕانیە**

دوای تەواوکردنی وەرزشەکەیان لە هۆڵێکی لەشجوانی لە ڕانیە، پێشڕەو لەگەڵ هاوڕێکەی چوو بۆ بازاڕی ڕانیە بۆ ئەوەی لەفەیەک بخۆن، لەوێ لەسەر گۆڕینی تەلەفزیۆن لەگەڵ هاوڕێکەی دەبێتە کێشەیان، دواتر پێشڕەو لەلایەن خاوەنی خواردنگەکە دەکوژرێ.

سەعات 9:30ی شەوی 2019/11/23 لە نێو بازاڕی ڕانیە و لە نزیک پارکی دەروازە، گەنجێکی تەمەن 20 ساڵ بەناوی پێشڕەو حوسێن ئەمین، لەلایەن دووکاندارێکی بازاڕەکەوە بە ناوی (ر. سلێمان) بە چەقۆ کوژرا، دواتر پۆلیس بکوژەکەی دەستگیرکرد.

ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو شەوە شەڕ لەنێوان چەند کەسێک دروستبووە، پۆلیس ئاگادار کرایەوە. لە شەڕەکەدا گەنجێکی تەمەن 20 ساڵ کوژراوە و یەکێکیش بریندار بووە".

بریندارەکە تەمەنی 29 ساڵە و تۆمەتبارە بە کوشتنی پێشڕەو، ئێستا بەپێی ماددەی 405 لە یاسای سزادانی عێراقی دۆسیەی بۆ کراوەتەوە. جگە لە تۆمەتباری سەرەکی، دوو کەسی دیکەش بەپێی ماددە 413 دەستگیرکراون.

سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکە، ڕائید شۆڕش دەڵێت: "ئەوان ئەو شەوە لەسەر گۆڕینی کەناڵی تەلەفزیۆن بەشەڕهاتوون، هەرچەندە پێشتریش کێشە لە نێوانیاندا هەبووە، بەڵام کێشەکان هی ئەوە نین شەڕیان لەسەر بکرێ و خوێنی تێدا بڕژێ".

ڕەسوڵ ئەمین پیرۆت کە مامی پێشڕەوە، دەڵێت ماڵی براکەی هیچ کێشەیان لەگەڵ کەس نەبووە، تەنیا ئەوە نەبێ کە باری ئابوورییان کەمێک خراپە. لەبەر ئەوەش پێشڕەو داوای کردبوو بینێرنە دەرەوە، باوکی هەندێک پارەی بۆ کۆکردەوە و بەڕێی کرد، بەڵام زۆری نەبرد سنووردارش کرایەوە.

ڕەسوڵ دەڵێت کە پێشڕەو سنووردراش کرایەوە، بەلەمێکی کڕی و لە دەربەندی ڕانیە کاری پێدەکرد، خووی دابووە وەرزش و شەوان دەچووە هۆڵێکی لەشجوانی.

ڕەسوڵ ئەمین باسی شەوی ڕووداوەکە دەکات و دەڵێت: "پێشڕەو شەوان کە وەرزشەکەی تەواو دەکرد، لەگەڵ هاوڕێکانی دەچوون بۆ بازاڕ بۆ لەفەخواردن، ئەو شەوەش لەگەڵ (م)ی هاوڕێی چووبوون بۆ بازاڕ لەوێ لەگەڵ خاوەنی ئەو دووکانەی لەفەیان لێ خواردبوو لەسەر گۆڕینی تەلەفزیۆنەکە لێیان بووە بە کێشە. (م) تەلەفزیۆنەکەی کوژاندبووەوە و دووکانەکەیان جێهێشتبوو. ئەوانەی لە دووکانەکە بوون گاڵتەیان بە دووکاندارەکە کردووە و تەریقیان کردووەتەوە گوایە لە دووکانەکەی خۆی ئیهانە کراوە و تەلەفزیۆنیان لێ کوژاندووەتەوە. ئەویش چەقۆیەکی گەورەی هەڵگرتووە و دوو چەقۆی لە پێشڕەو داوە".

پێشڕەو بە برینداری گەیەنرایە نەخۆشخانە، بەڵام لەوێ مرد. مامی پێشڕەو دەڵێت "کە زانیمان پێشڕەو لەسەر شتێکی وا بێ مانا کوژراوە، تووشی شۆک بووین".

ئەگەرچی کەسوکاری تۆمەتبارەکە ویستبوویان بەشداری لە پرسەی پێشڕەودا بکەن، بەڵام بنەماڵەی پێشڕەو ڕێگەیان پێنەدابوون. ڕەسوڵ دەڵێت: "ئێمە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ بنەماڵەی تۆمەتبارەکە نییە و هیچ کاردانەوەیەکیشمان بەرامبەریان نابێ، پۆلیس تۆمەتبارەکەی دەستگیر کردووە و چاوەڕێین بزانین چ ئیجرائاتێکی بەرامبەر دەکرێ".

باوکی (م) بەرگری لە کوڕەکەی دەکات و دەڵێت ئەو بەم کارەی ویستوویەتی هەرای نێو دووکانەکە خامۆش بکاتەوە، بەڵام کارەساتی بەدوادا هات.

ئەحمەد مستەفا، باوکی (م) دەڵێت: "کوڕەکەم هاوڕێیەکی نزیکی پێشڕەو بوو، ئەو شەوە بە یەکەوە چوونەتە دووکانەکە لەفە بخۆن، لەوێ لەسەر گۆڕینی کەناڵی تەلەفزیۆن بووەتە هەرا، چونکە یاریی تۆپی پێ هەبووە و هەر کەسێک داوای کەناڵێکی کردووە. کوڕەکەشم بۆ ئەوەی کۆتایی بە هەرایەکە بێنێ، تەلەفزیۆنەکەی کوژاندووەتەوە".

وەک ئەحمەد باسی دەکات، دوای ئەوەی کوڕەکەی تەلەفزیۆنەکەی کوژاندووەتەوە، دووکانەکەیان جێهێشتووە، بەڵام خاوەنی دووکانەکە بەو کارە زۆر تووڕە بووە، چەقۆیەکی گەورەی هەڵگرتووە و دوای پێشڕەو و کوڕەکەی ئەو کەوتووە، دوو چەقۆی لە پێشڕەو داوە. ئەحمەد گوتیشی: "هەرچەندە ئەو پیاوە هەڕەشە بووە لەسەر گیانی کوڕەکەی منیش، بەڵام من هیچ سکاڵایەکم لەسەری نییە".

(موحسین سلێمان) برای (ر. سلێمان) نیگەرانە لە کوشتنی ئەو گەنجە بە دەستی براکەی و دەڵێت: "ڕاستە براکەم بکوژە، بەڵام کوشتنەکە بە پلان نەبووە، قەت حەزمان نەکردووە دەستمان بچێتە خوێنی کەس، پاساوەکەش بۆ کوشتنی ئەو گەنجە زۆر لاوازە".

موحسین هەروەها دەڵێت: "بنەماڵەی کوژراو لەسەر حەقن، بۆیە هەرچییەک بڵێن ئێمە ئامادەین، بە هەموو لایەک هاوکاری یاسا و پۆلیس دەبین بۆ ئەوەی مافی کوژراوەکە نەفەوتێ".



پێشڕەو حوسێن لەلایەن لەفەفرۆشێکەوە کوژرا

# ئەحمەد خۆی کوشت و باوکیشی لە خەمی ئەو مرد

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

مامی پێیگوتبوو کە بچێ سەر لە باوکە نەخۆشەکەی بدات، بەڵام ئەحمەد نەک هەر نەچوو بۆ لای باوکی، بەڵکو لە توالێتی ماڵەکەیاندا بە گوللەیەک خۆی کوشت. باوکی ئەحمەد بەرگەی مەرگی کوڕەکەی نەگرت و هەر هەمان ڕۆژ جەڵتە لێیدا و مرد.

سەعات چواری ئێوارەی ڕۆژی 2019/11/20 گەنجێکی تەمەن 23 ساڵ بەناوی ئەحمەد ڕەشید کە تاقانەی سێ خوشک بوو، لە نێو تەوالێتی ماڵەکەیاندا لە گوندی گردەگۆزینەی سەر بە قەزای کەلار خۆی کوشت.

موقەدەم عەلی جەمال قەدوری، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ئەوەی لەلایەن نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە کەلار لە ڕووداوێکی خۆکوشتن ئاگادار کراینەوە، پەڕاوی لێکۆڵینەوەمان بۆ ڕووداوەکە کردەوە کە خۆکوشتنی کوڕێکی تەمەن 23 ساڵ بوو بەناوی ئەحمەد ڕەشید".

پۆلیس سەبارەت بە هۆکاری خۆکوشتنی ئەو کوڕە قسەی لەگەڵ کەسوکارەکەی کردووە، ئەوان دەڵێن کوڕەکەیان چوار ساڵ بوو تووشی نەخۆشیی دەروونی بووبوو، چەندینجار بردوویانەتە لای پزیشک، بەڵام چارەی نەبووە. تا ئەوکاتەشی خۆی کوشتووە، دەرمانی چارەسەری نەخۆشیی دەروونی بەکارهێناوە.

بە گوتەی موقەدەم عەلی جەمال، لەو کاتەی کەسوکاری ئەحمەد لە مزگەوت خەریکی شووشتنی تەرمی ئەحمەد بوون، باوکی ئەحمەدیش لە خەفەتی لەدەستدانی کوڕەکەی جەڵتە لێیداوە و هەر لەوێ مردووە.

سەعید عەزیز کە مامی ئەحمەدە، بە (ڕووداو)ی گوت: "برازاکەم ماوەی چوار ساڵ بوو تووشی نەخۆشیی دەروونی بوو بوو، ڕۆژێک لە ناکاو هەڵسوکەوتی گۆڕا و لەخۆیەوە بیانووی دەگرت و تووڕە دەبوو، بردمان بۆ لای پزیشکێک لە سلێمانی، دوای پشکنین دەرکەوت تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە، دکتۆر چارەسەری بۆ نووسی و گوتی دەبێ بەردەوام بێ لە بەکارهێنانی ئەو دەرمانانە".

بە گوتەی سەعید، ئەحمەد ڕۆژانە دەرمانەکانی لە کاتی خۆیدا بەکارهێناون، ڕۆژانەش لەگەڵ باوکی چووەتە عەلوەی کەلار و کاریان کردووە، بەڵام پێدەچێ سوودی لە دەرمانەکان وەرنەگرتبێ. سەعید دەڵێت: "ئەحمەد هەندێکجار هێندە لەسەرخۆ و هێمن بوو، هەستت نەدەکرد نەخۆشە".

سەعید ئاشکرای کرد کە دوو ساڵ لەمەوبەر ڕۆژێکیان ئەحمەد داوای پارەی لە دایکی کردووە، ئەویش لەبەر ئەوەی زۆری خۆشدەویست پارەی پێداوە. کاتێک لێی پرسیوە ئەو پارەیەی بۆچییە؟ گوتوویەتی دەچمە قەندیل دەبم بە گەریلا، بەڵام ئەوان زوو ئاسایشیان ئاگادار کردبووەوە، بەر لەوەی ئەحمەد بگاتە قەندیل دەستگیریان کردبوو.

وەک سەعید باسی دەکات، باوکی ئەحمەد پارچە زەوییەکی لە نزیک ماڵی خۆیان هەبووە و بەنیاز بووە بۆ ئەحمەدی بکاتە خانوو و ژنێکیشی بۆ بهێنێ، بەڵام خۆکوشتنی ئەحمەد سەرلەبەری پلانی ئەو خێزانەی هەڵوەشاندەوە.

سەعید باسی ڕۆژی ڕووداوەکەی کرد و گوتی: "ئەو ڕۆژە دوای نیوەڕۆ داوای 450 هەزار دیناری لە دایکی کردبوو، دایکیشی بەهۆی ئەوەی زۆری خۆشدەویست پارەکەی پێدابوو، بەڵام ترسابوو کە دووبارە هەوڵ بدات بچێتە قەندیل، بۆیە منی ئاگادار کردەوە. منیش کوڕێک لە گەراج ئیش دەکات ئاگادارم کردەوە ئەگەر بینیت پێمبڵێ، خۆشم چووم لە بازاڕی کەلار بەدوایدا بگەڕێم، لەناو ئۆتۆمبێلەکەم بووم، ئەوم بینی بە تاکسی دەچێتەوە ماڵەوە.

ئەحمەد لە نزیک ماڵەکەی لە تاکسی دادەبەزێ، مامیشی دەچێتە بەردەمی و لەگەڵ خۆی دەیباتەوە بەردەم دەرگای ماڵەکەیان.

سەعید دەڵێت: "ئۆتۆمبێلەکەم ڕاگرت، دوو خولەکی پێنەچوو گوێم لە دەنگی تەقە بوو، ڕامکرد، بینیم خوێن لە ژێر دەرگای تەوالێتی ماڵی براکەم دێتە دەرەوە، کە دەرگاکەم کردەوە بینیم ئەحمەد گوللەیەکی لە سەری خۆی داوە".

سەعید لەو باوەڕەدایە ئەحمەد ئەو پارەیەی بۆ کڕینی دەمانچە لە دایکی وەرگرتووە، چونکە ئەو پێشتر دەمانچەی نەبووە.



کەسوکاری ئەحمەد دەڵێن ماوەی چوار ساڵ بوو تووشی نەخۆشیی دەروونی بووبوو

### دوعاکەی باوکی قبوڵ بوو

خالید حەسەن کە دراوسێی ماڵی ئەحمەدە و شایەدحاڵێکی ڕووداوەکەیە، بە (ڕووداو)ی گوت: "کە گوێم لە دەنگی تەقەکە بوو ڕامکردە ماڵی ئەوان، بینیم ئەحمەد لەناو توالێتەکە کەوتووە، کە دەریانهێنا مردبوو. دوای ئەوەی تەرمەکەمان وەرگرتەوە، باوکی دەگریا و دەیگوت ئینشائەڵڵا من پێش تۆ دەخەنە ناو گۆڕەوە. ئێمە لە مزگەوت چاوەڕێ بووین شووشتنی تەرمی ئەحمەد تەواو بێ، باوکی ئەحمەد جەڵتە لێیدا و مرد. ئاواتەکەی هاتەدی و لەگەڵ کوڕەکەی ناشتیان".

## ماستەری لە زمانی ئینگلیزیدا هەبوو

# لە قەڵادزێ چالاکوانێک خۆی دەکوژێ

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو – قەڵادزێ**

دڵشاد، نزیکەی 10 ساڵ لە بەریتانیا ژیا، لەو ماوەیە ماستەری لە زمانی ئینگلیزی بەدەستهێنابوو، پاشان گەڕایەوە کوردستان و لە بێدەنگییەکی وەکو ژیانی خۆی بێدەنگدا، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی 2019/11/27، گەنجێکی تەمەن 34 ساڵ بەناوی دڵشاد محەممەدئەمین، لەنێو ماڵەکەی خۆیدا لە گەڕەکی کارەبا لە قەڵادزێ، بە گوللەیەکی کلاشینکۆف کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

دڵشاد، بە فەرمی مامۆستا نەبوو، بەڵام بەهۆی ئەو خولانەی بۆ قوتابی و ئارەزوومەندانی فێربوونی زمانی ئینگلیزی دەیکردنەوە، لە نێو خەڵکدا بە مامۆستا دڵشاد ناسرابوو.

دڵشاد کە خێزانی پێکنەهێناوە و بە تەنیا دەژیا، 14 ساڵ لەمەوبەر وەکو هەزاران گەنجی کورد سەری خۆی هەڵگرت و لە بەریتانیا گیرسایەوە. 10 ساڵ لەوێ مابووەوە و ماستەری لە زمانی ئینگلیزی بەدەستهێنابوو، بەڵام چوار ساڵ لەمەوبەر گەڕابووەوە کوردستان.

فەرمان عەزیز کە هاوڕێی دڵشادە، دەڵێت: "دڵشاد کەسێکی ڕۆشنبیر بوو، زۆر لەسەرخۆ بوو، زۆر حەزی لە کار بوو، بەشداریی زۆربەی چالاکییە مەدەنییەکانی شاری قەڵادزێی دەکرد".

سەبارەت بە کاری مامۆستا دڵشاد، هاوڕێکەی دەڵێت: "لەبەر ئەوەی ماستەری لە زمانی ئینگلیزی هەبوو، جاروبار خولی فێربوونی زمانی بۆ قوتابیانی بنەڕەتی و ئامادەیی دەکردەوە. جگە لەوەش عارەبانەیەکی هەبوو هەندێکجار وردەواڵەی لەسەر دەفرۆشت، هەندێکجاریش حەمباڵیی پێدەکرد".

بە گوتەی فەرمان، دڵشاد زۆر حەزی کردووە دابمەزرێ، بەڵام حەزی دەکرد لە بواری سەربازیدا دابمەزرێ، گوتیشی: "هەر جارێک لێمان دەپرسی بۆچی هاوسەرگیری ناکەی، دەیگوت کەسێکم دەستنیشان کردووە و بەمنزیکانە هاوسەرگیری دەکەین".

دڵشاد دایک و باوکی نەمابوون، لەگەڵ برایەکی دەژیا، ئەو لە نهۆمی سەرەوە و براکەشی لە نهۆمی خوارەوە بوو. سەبارەت بە هۆکاری خۆکوشتنەکەی، هاوڕێکەی دەڵێت: "ئێمە ئاگادار بووین کە باری دەروونی جێگیر نییە، بەڵام مەترسیی بۆ کەس نەبوو. زۆربەی خەڵکی قەڵادزێش پەرۆشن بۆی، چونکە زۆریان خۆشدەویست".

شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین سەبارەت بە خۆکوشتنی ئەو گەنجە بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای ئەوەی پۆلیس لە ڕووداوەکە ئاگادار کرایەوە، تیمی پۆلیسی بەڵگە و تاوان چوونە شوێنی ڕووداوەکە، دەرکەوت لەنێو ماڵەکەیدا گوللەیەکی لە خۆی داوە و خۆی کوشتووە، گوللەکەش لە دەمی چووەتە ژوورێ و لە پشتەسەری دەرچووە".

گوتیشی: "ئەو گەنجە ماستەری لە زمانی ئینگلیزیدا هەبووە و وڵاتینامەی بەریتانیاشی هەبوو، بەڵام چوار ساڵ لەمەوبەر گەڕاوەتەوە کوردستان و لێرە بە تەنیا ژیاوە".

سەبارەت بە هۆکاری خۆکوشتنی ئەو گەنجە، ڕائید شۆڕش ئیسماعیل گوتی: "بەگوێرەی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان و ئەو بەڵگانەی تا ئێستا لەبەردەستن، ئەو گەنجە نەخۆشیی دەروونی هەبووە".

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی پۆلیس و پزیشکی دادوەری، ئەو گەنجە لە سەعات 10ی شەوی 2019/11/26 خۆی کوشتووە، بەڵام تاوەکو سەعات 12ی نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر کەسوکارەکەی پێیان نەزانیوە.

عوسمان ئەحمەد، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی شەهیدانی نوێی قەڵادزێ بە (ڕووداو)ی گوت: "کاتێک تەرمی دڵشاد گەیەنرایە بەشی پزیشکی دادوەریی نەخۆشخانەکەمان، 14 سەعات بەسەر ڕووداوەکەدا تێپەڕیبوو، بەهۆی بۆنی تەرمەکە کەسوکاری پێیانزانیبوو. دوای پشکنین دەرکەوت کە خۆی کوشتووە".

گوتیشی: "لە پشکنیندا هیچ ئاسەوارێکی لێدان لەسەر جەستەی دەرنەکەوت، مادەی هۆشبەر و کحولیشی بەکارنەهێناوە، لەبەر ئەوەی باری دەروونی ناجێگیر بووە، بۆیە خۆی کوشتووە. دوای پشکنین تەرمەکەی ڕادەستی کەسوکارەکەی کرایەوە".



دڵشاد 10 ساڵ لە دەرەوەی وڵات ژیاوە و وڵاتینامەی بەریتانیای هەبوو

میدیای ڕۆژاوایی:

# تورکیا لە باکووری سووریا خەریکی گۆڕینی دیمۆگرافیایە

ڕووداو – هەولێر

چەکدارانی سەر بە تورکیا لە کاتی هێرشی سەرێ کانییێ هاواریان دەکرد "بەرازەکان بکوژن، کافرەکان بکوژن". دواتر ماڵە کوردەکانیان سووتاند، ماڵی مەسیحییەکانیان تاڵان کرد و دەستیان بۆ ماڵی عەرەبەکان نەبرد. ئاوارەکان دەڵێن ئامانجی ئەو هێرشە دەرکردنی ئەوان بووە لەو ناوچەکانی خۆیان، ناوچەیەک کە ئەستەمە جارێکی دیکە بتوانن بۆی بگەڕێنەوە.

> ناوچەی ئارام بۆ خەڵکی زۆرینە کوردی ناوچەکە ئارام نییە
>
> هیومەن ڕایتس ووۆچ:



170 هەزار کەس کە بەهۆی پەلامارەکەی تورکیاوە ئاوارەبوون ناتوانن بگەڕێنەوە (فۆتۆ: AFP)

لە دوو مانگی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر ڤیدیۆی توندوتیژییەکانی چەکدارانی گرووپەکانی سەر بە تورکیا بڵاوبوونەتەوە. پێدەچێ ئامانج لێیان تۆقاندنی ئەو ئاوارانە بێ کە بە نیازی گەڕانەوەن بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، بەو شێوەیەش بە بڵاوکردنەوەی ترس، پڕۆژەی گۆڕانی دیموگرافی ناوچەکە جێبەجێ بکەن.

محەممەد ئەمین، تەمەن 37 ساڵ، لە ڕۆژانی سەرەتای هێرشەکاندا شارۆچکەی سەرێ کانی جێهێشت و لە کەمپێکی نزیک تەلتەمەر نیشتەجێیە و بە ڕۆژنامەی (ئیندیپێندنت)ی بەریتانی دەڵێ: "هیچ کەس ناتوانێ بگەڕێتەوە، مەحاڵە. ئێمە ڤیدیۆکانمان بینیوە کە چۆن بە گوللەباران خەڵکی کورد دەکوژن".

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا بانگەشەی ئەوە دەکات کە هێرشەکانی نۆی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ بۆ دوورخستنەوەی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە)یە لە ناوچە سنوورییەکان. تورکیا هەسەدە بە باڵی سووریای پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) دەزانێ، بانگەشەیەک کە هەسەدە ڕەتی دەکاتەوە.

بەڵام هەڵمەتی تاڵانی و کوشتار و ئەشکەنجەی خەڵکی ناوچەکە و بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆکانیان ئاماژە بۆ پلانێکی درێژخایەنی تورکیا دەکات کە ئەگەر سەر بگرێ، پێکهاتەی ئەتنیکی ئەو ناوچەیە بۆ هەتاهەتایە دەگۆڕێ، پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکانی ئەو ناوچەیە تێکدەدات و لە هەموو ئەوانەوە تورکیا قووڵاییەکی نوێی لە سووریا دەستدەکەوێ بۆ ئەوەی لەوێوە هەژموونی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پەرەپێبدات. کوردی ڕۆژئاوا قوربانیی هەرە گەورەی ئەو نەخشەیەن.

بیلال شێخموس، تەمەن 40 ساڵ و دانیشتووی کەمپێکی ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، ناتوانێ سەیری ئەو ڤیدیۆیە نەکات کە لەسەر یەکێک لە لاپەڕەکانی گرووپەکانی سەر بە تورکیا لە فەیسبووک بڵاوکراوەتەوە. بیلال بە ڕۆژنامەی (تێلیگراف)ی بەریتانی دەڵێ: "سەیری ئەو کوڕە بکە، ئەوە عەرەبێکی خەڵکی گەڕەکەکەی خۆمانە، کەچی بەو چەکدارانە دەڵێ خانووەکەی ئێمە کامەیە".

هەفتەی ڕابردوو سارا لی ویتسن، بەڕێوەبەری پرۆگرامی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی هیومەن ڕایتس ووۆچ (HRW)لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند، ناوچە ئارامەکەی کە تورکیا بانگەشەی دامەزراندنی دەکات، بۆ خەڵکانی زۆرینە کوردی ناوچەکە ئارام نییە، چونکە دەست بەسەر موڵک و ماڵی خەڵکدا گیراوە و ڕێگە لە گەڕانەوەی کورد بۆ ناوچەکان دەگیرێ، جگە لەوەش سێ کەس کە هەوڵی گەڕانەوەیان داوە کوژراون.

یەکێک لەوانەی کە موڵک و ماڵیان دەستی بەسەردا گیراوە بەسیمە داودە کە ئافرەتێکی ئێزدی خەڵکی گوندێکی سەر بە ناوچەی سەرێ کانییە. بەسیمە لەوبارەوە بە (ئیندیپێندنت) دەڵێ: "هەندێک لە دراوسێ عەرەبەکان تەلەفۆنیان بۆ کردین و پێیانگوتین چەکدارەکان دەستیان بەسەر خانووەکەی ئێمەدا گرتووە و کردوویانە بە بارەگا. ئەوان دەستیان بەسەر زەویوزار و کەلوپەلەکانیشماندا گرتووە. بە کورتییەکەی هەموو شتێکیان بردووە".

بە گوتەی سەرکردەیەکی ئێزدیی ناوچەکە، 45 خێزانی ئێزدی و دەیان خێزانی مەسیحی لە ناوچەی سەرێ کانی ڕایانکردووە.

بەسیمە داود، تەمەن 41 ساڵ، پێیوایە ئەوەی چەکدارانی سەر بە تورکیا کردوویانە:

> دەترساین چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن وەکو داعش بمانکەن بە کۆیلەی سێکس
>
> ئافرەتێکی ئاوارەی ئێزدی:

"هەمان ئەو شتەیە کە داعش لە 2014 کردی، دەترساین بمانکوژن یان بمانکەن بە کۆیلەی سێکس". ئافرەتە ئێزدییەکە دەڵێ "دراوسێ عەرەبەکانمان پێیانگوتین ڕابکەین، ئەوان دەیانگوت ئەگەر ئەوان بێن دەتانکوژن. دوو خێزانی مەسیحیش لە گوندەکەی ئێمە هەبوون، لەبەر هەمان هۆکار گوندەکەیان جێهێشت".

بەپێی ڕاپۆرتەکانی ئیدارەی خۆسەری، لە ڕۆژانی یەکەمی هێرشەکاندا نزیکەی 300 هەزار کەس لە ناوچەکانی سەرێ کانی و گرێ سپی ئاوارە بوون، لەو ژمارەیەش دەیان هەزاریان عەرەب بوون کە ئێستا گەڕاونەتەوە، بەڵام نزیکەی 170 هەزار کەسیان هەتا ئێستاش ئاوارەن.

هێرشەکەی تورکیا دوای پەیوەندییەکی تەلەفۆنی نێوان سەرۆکی ئەمریکا و تورکیا دەستپێکرد کە تێیدا سەرۆکی ئەمریکا بەڵێنی بە هاوتا تورکەکەی دا ئەگەر هێزەکانی تورکیا هێرش بکەن، ئەوە ئەمریکییەکان بەرەنگاریان نابنەوە. یەکێک لە ئامانجەکانی تورکیا گواستنەوەی سەدان هەزار کۆچبەری سووریی نیشتەجێی تورکیایە بۆ ئەو ناوچەیە، ئەوەش ترسی گۆڕینی دیمۆگرافی لای خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە قووڵتر کردووەتەوە، لەبەر ئەوەی زۆرینەی ئەو کۆچبەرانە خەڵکی ناوچەکانی باشووری سووریان.

فەیسەڵ ئەمین لە سەرەتای هێرشەکانی تورکیادا ناوچەکەی جێهێشت، ئێستاش لە باڵەخانەی قوتابخانەیەک دەژی کە بۆ ئاوارەکان تەرخانکراوە. فەیسەڵ، تەمەن 32 ساڵ، دەڵێ: "ئێمە خانوو و دوکانی خۆمان هەبوو، بەڵام ئەوان هەموو شتێکیان دزی. هەندێک لە خێزانەکان توانیویانە بۆ ماوەیەکی کورت بگەڕێنەوە و بینیویانە هەموویان بەتاڵ کراون. تورکیا دەیەوێ هەموو ناوچەکە بگرێ و دەیەوێ دیمۆگرافیی هەموو ناوچەکە بگۆڕێ، واتە کورد دەربکات و عەرەب بهێنێتە ناوەوە".

تورکیا لە سەرەتای 2018 ئۆپەراسیۆنێکی بۆ سەر ناوچەی عەفرین دەستپێکرد و دوای دوو مانگ لە ئاداری هەمان ساڵدا، دەستی بەسەر شارەکە و ناوچەکانی دەوروبەریدا گرت. ئەزموونی عەفرین هۆکارێکە بۆ ئەوەی نیگەرانیی ئاوارە کوردەکانی سەرێ کانی قووڵتر ببێتەوە. هەتا ئێستاش 130 هەزار کوردی عەفرین لە کەمپەکانی ئاوارەکان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەسەدە نیشتەجێن، لە کاتێکدا ماڵ و موڵکیان لەلایەن چەکدارانی سەر بە تورکیاوە دەستیان بەسەردا گیراوە.

بریجیت کۆنلی، لێکۆڵەر لە دامەزراوەی ئاشتی جیهانی و شارەزای توندوتیژیی بە کۆمەڵ، لە لیدوانێک بۆ (ئیندیپێندنت)، نیگەرانییەکەی فەیسەڵ پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ: "هێرشەکانی تورکیا بۆ باکووری سووریا بە ڕوونی مۆرکی پاکتاوی ئەتنیکییان پێوە دیارە. واتە بۆ دەرکردنی کورد و هێنانی عەرەبی سووریایە".

لای زۆر لە خەڵک و ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان ئەوەی ڕوودەدات ئاکامی خیانەتی ئەمریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە. ئایلا ئەحمەد، تەمەن 31 ساڵ و دانیشتووی کەمپی تەلتەمەر، داماوە چۆن باسی دۆخەکە و هەستی خۆی بکات و دەڵێ: "نازانم چۆن بۆت باس بکەم... وەک ئەوەیە بە پەتێکەوە ئێمەیان ناردبێتە ناو بیرێک و لە پڕ پەتەکەیان پچڕاندبێ. ئەگەر وڵاتە زلهێزەکان ئەوەیان پێ چارە نەکرێ، نازانم چیمان بەسەر دێ. ئێمە هیچ کوێمان نییە ڕووی تێبکەین".

دوای شۆڕشی بەنزین

# ئێران دەست بۆ گرانکردنی کارەبا و ئاو دەبات؟

ڕووداو – سنە

دوای گرانکردنی نرخی بەنزین، ئێستا ئێرانییەکان ترسیان لێ نیشتووە حکومەت بە گرانکردنی نرخی ئاو و کارەبا هێندەی دیکە باری سەرشانیان گرانتر بکات، بەڵام شارەزایان دەڵێن حکومەت ئەزموونی لە گرانکردنی بەنزین وەرگرتووە، ئەگەر نرخی ئاو و کارەباش بەرز بکاتەوە، ئەوە بە بەرنامە دەیکات.

خۆپیشاندانەکانی ئەمدواییانەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەهۆی گرانکردنی نرخی بەنزین بوو بۆ سێ قاتی خۆی، بەراورد بە خۆپیشاندانەکانی پێشتر ئاستێکی پێوانەیی تۆمار کرد. بەپێی ئامارە فەرمییەکانی ئێران خۆپیشاندانەکە 28 پارێزگا و زیاتر لە 100 شار و شارۆچکەی گرتەوە.

حکومەت کە بەردەوام بەڵێنی گەڕاندنەوەی داهاتی گرانکردنی بەنزینی بۆ گیرفانی خەڵکی دەدا، مەزندەی نەکردبوو ئەو ڕاگەیاندنە لە ناکاوە، بتوانێ هێندە خەڵک بورووژێنی و ڕاپەڕینێکی لەو چەشنەی لێبکەوێتەوە. هەر بۆیە لەگەڵ یەکەم ساتەکانی ئەو یاخیبوونە مەدەنییە، هێزەکانی پۆلیس و سوپا و دەزگا هەواڵگرییەکان، بە توندی ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران بوونەوە.

لە چەندین شار و شارۆچکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە دژی ئەو دۆخە، خۆپیشاندان بەڕێوەچوو. یەکەم تەقەش لە خۆپیشاندەرانی مەریوان و جوانڕۆ کرا. ئامارە فەرمییەکانی ڕێکخراوی جیهانیی لێبووردن (ئەمنستی) باس لە کوژرانی 163 کەس دەکات، بەڵام ژمارەی قوربانییان هێشتا بە تەواوی نەزانراوە. ئامارە نافەرمییەکانیش ژمارەی کوژراوەکان بە نزیکەی 300 کەس مەزندە دەکەن. بەپێی ئاماری فەرمی دەزگای دادی ئێرانی زیاتر لە 7000 خۆپیشاندەر دەستبەسەر کراون. بەڵام چالاکڤانانی مەدەنی باوەڕیان بە ئامارەکانی دەوڵەت نییە.

بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ، خۆپیشاندان زیاتر لە 15 شاری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە، نزیکەی 50 کەس کوژراون و 2500 کەسیش دەستبەسەر کراون. ژمارەی بریندارەکان بە تەواوی دیار نییە، چونکە زۆربەی بریندارەکان لە ترسی دەستبەسەرکردن نەچوونەتە نەخۆشخانەکان و لە نێو ماڵەکاندا تیمار کراون.

> خۆپیشاندانەکانی ئەمجارە پایەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان لەرزاند
>
> چالاکڤانێکی کورد:

لە مەریوان و جوانڕۆ، بۆ دۆزینەوە و دەستبەسەرکردنی بریندارەکان، هێزە ئەمنییەکان دەستیان بە پشکنینی ماڵ بە ماڵ کردووە. تەنیا لە پارێزگای کرماشان نزیکەی 34 کەس بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکان کوژراون و زیاتر لە 1230 کەسیش دەستبەسەر کراون. لە پارێزگای سنەش باس لە کوژرانی نزیکەی 16 کەس دەکرێ کە هەشتیان لە مەریوان بوون. کوژرانی دوو کەس لە سەنتەری شاری سنە بە بەڵگەوە سەلمێنراوە. ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو باس لە دەستگیرکردنی زیاتر لە 1000 کەس لە پارێزگای سنە دەکات. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا سەبارەت بە ژمارەی کوژراوەکانی ئەم خۆپیشاندانە بێدەنگن. تەنیا ئاژانسی فارس نیوز ڕایگەیاندووە کە "ژمارەی کوژراوان بەراورد بە خۆپیشاندانەکانی زستانی 2017 زیاتر بووە" لەوەی ساڵی 2017 دا لانیکەم 25 کەس کوژران.

خۆپیشاندەران ئەو چینەی کۆمەڵگە بوون کە بەپێی زۆربەی ڕاپۆرتە فەرمی و نافەرمییەکان ساڵانێکە لە ژێر هێڵی هەژاریدان. ئەو چینە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دۆخی ئابوورییان خراپتر دەبێ و وەک خۆیان دەڵێن سفرەکانیان بچووکتر دەبێتەوە. چینێک کە لانیکەم لە دە ساڵی ڕابردوودا بەردەوام ڕووی لە زیادبوون بووە و مەزندە دەکرێت زیاتر لە 80%ی حەشیمەتە 83 میلیۆنییەکەی ئێران بێت.



ئامارە فەرمییەکانی ڕێکخراوی جیهانیی لێبووردن (ئەمنستی) باس لە کوژرانی 163 کەس دەکات (فۆتۆ: AFP)

کۆمەڵناسێکی دانیشتووی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بە دۆخی خەڵکی خۆپیشاندەر بە (ڕووداو)ی گوت: "خۆپیشاندەران دەنگیان بەرانبەر دۆخی ناجێگیری ئابووریی ئێران هەڵبڕی. پێیانوایە ئیدی کۆماری ئیسلامی توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەوانی نییە، چونکە ئەگەر لە توانایدا بووایە کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک چارەسەر بکات، تا ئێستا هەنگاوێکی بچووکی لەم پێناوەدا هەڵگرتبوو".

بەپێی ڕاپۆرتەکان، ناوچە هەژارەکان، پەراوێزی شارە گەورەکان و ئەو پارێزگایانەی کە قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی تێیاندا زیاترە، ناوەندی سەرەکیی خۆپیشاندانەکان بوون. چالاکێکی سیاسی کە لەبەر هۆکاری ئەمنی نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، بە (ڕووداو)ی گوت: "جیاوازیی خۆپیشاندانەکانی ئەمجارە لەگەڵ ئەوانەی ڕابردوو ئەوەیە کە ئەمجارەیان بە تایبەت لە پەراوێزی شارە گەورەکانی وەک تاران و شیراز و مەشهەد و ئەسفەهان، ئەو خەڵکە هەژارەی کە کۆماری ئیسلامی بە (موستەزعەف) پێناسەیان دەکات و بناغەکانی حکومەتەکەی لەسەر دامەزراندبوو، هاتنە سەرشەقام و دەنگیان لە بەرانبەر هەژاری و بێکاری و ناسەقامگیریی ئابووری هەڵبڕی. بە واتایەکی دی ئەمجارە پایەکانی کۆماری ئیسلامی هەژان".

حکومەتی ئێران کە ساڵانێکە لەژێر گوشاری گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکادایە، فرۆشی ڕۆژانەی نەوتەکەی زۆر دابەزیوە و توانای بەڕێوەبردنی لاواز بووە. لەم دۆخەدا کە داهاتی دەرەوە گەیشتووەتە نزمترین ئاست لە 10 ساڵی ڕابردوودا، هەوڵدەدات لە ڕێگەی گرانکردنی سەرچاوەکانی وزە، وەک بەنزین و گاز و ئاو و کارەبا لەسەر خەڵک، کورتهێنانی بودجەکەی قەرەبوو بکاتەوە، بۆیە لە ساڵانی ڕابردوودا جارجار بە ئاشکرا و ڕاگەیەنراو و جارجارەش بە نهێنی و ڕانەگەیەنراو ئەم سەرچاوانەی لەسەر خەڵک گران کردووە. ئێستاش باس لە گرانکردنی نرخی ئاو و کارەبا بۆ ساڵی داهاتوو دەکرێت. شرۆڤەکارانی سیاسی پێیانوایە لە دوای ئەو دۆخەی بەهۆی گرانکردنی بەنزینەوە هاتە ئاراوە، ئیدی کۆماری ئیسلامی بەشێوەیەکی ئاشکرا جارێکی دیکە پرکێشیی ئەوە ناکات گرانکردنی ئەو سەرچاوانە ڕابگەیەنێت و ئەگەر گرانیشی بکات بە بەرنامە دەیکات، چونکە ئەزموونی لەم دەنگهەڵبڕینانەی خەڵک وەرگرت.

> لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان 50 خۆپیشاندەر کوژران و 2500یش دەستبەسەرکراون
>
> ڕێکخراوی هەنگاو:

سەبارەت بە سەرهەڵدانەوەی خۆپیشاندانەکان، چالاکڤانێکی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەبەر بارودۆخی ئەمنی نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "خەڵکی هەژار ئیدی بەرگەی ئەو هەموو زوڵم و زۆردارییەی نەماوە، لەوانەیە ئەگەر دۆخێکی هاوشێوەی ئەمە دووبارە ببێتەوە، ئیدی خەڵکی هەژار کە هیچی بۆ لەدەستدان نەماوە، ئاوا بە ئاسانی و دوای یەک دوو ڕۆژ کوشت و کوشتار نەگەڕێنەوە ماڵەکانیان. چونکە ئیتر خەڵک لەو ڕاستییە گەیشتوون کە بەردەوامیدان بە خۆپیشاندان دەکرێ دەستکەوتێکی هەبێ".

ئەو چالاکڤانە هەروەها دەڵێت: "ئەگەری ئەوەیە هەیە لە داهاتوودا ئەگەر دۆخێکی وەها هاتەوە پێش، خەڵکی هەژار ئەمجارە هێرش بکەنە سەر بارەگا سەربازییەکان و بۆ پاراستنی خۆیان چەک هەڵگرن و دۆخەکە وەها بە ئاسانی کۆنتڕۆڵ نەکرێ".

# پێنج خۆراک کە هۆکاری نەخۆشین



**رووداو- بی بی سی عەرەبی**

مەرج نییە هەموو جۆرە خۆراکێک تەندروست بێت و بەبێ چاودێری بخورێت. بەپێچەوانەوە هەندێک خۆراک هەن ئەگەر مەرجەکانی کوڵان، برژاندن و پاککردنەوەی بەشێک لە پێکهاتەکانیان و چۆنیەتی پاراستنیان لەبەرچاو نەگیرێت، هۆکاری نەخۆشکەوتن و ژەهراویبوون و تەنانەت مردنیشن.

لێرەدا چەند جۆرە خواردنێک دەخەینەڕوو کە هۆکاری ژەهراویبوون و نەخۆشکەوتنن:

## 1- ماسی بالۆن:

مادەی تیترۆدۆتۆکسین-ی ژەهراوی تێدایە. ئەم ماددەیە هێندە ژەهراوییە و لە لەشی مرۆڤدا هێندە بە خێرایی تەشەنە دەکات، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا مرۆڤ دەکوژێت. تیترۆدۆتۆکسین لە مادەی سیانیدی ژەهراوی بەهێزترە. سەرباری ئەمە، لە خواردنگە بەناوبانگەکانی ژاپۆن ئەم ماسییە بەمیوانەکان دەدرێت، بەڵام دوای لابردنی بەشە ژەهراوییەکانی.

## 2- پەنیری کاسۆ مارزۆ:

بەهۆی بوونی کرم لەنێو پەنیرەکەدا، تایبەتمەندییەکی ناوازەی بەدەستهێناوە و لە دوورگەکانی سەردینیا لە ئیتاڵیا ئامادە دەکرێت و پەنیرێکی زۆر بەناوبانگە. تام و بۆنێکی بەهێزی هەیە، چونکە تێکەڵ بووە بە پیسایی و پاشەڕۆی کرمەکان. زۆربەی کاتەکان، کرمەکانی نێو پەنیرەکە زیندوون و بەمەش بۆنی گەنیوی لێدێت. ئەگەر گەدەیەکی زۆر بەهێزت نەبێت، لەپاش خواردنی تووشی رشانەوە و تێکچوونی هاوسەنگیی پلەی گەرمیی لەش و چەند کێشەیەکی دیکەی کۆئەندامی هەرس دەبیت.

## 3- پەلکە گیای راوەند

لەچکی پەلکە گیای راوەند جۆرە ژەهرێکی تێدایە، بەهۆی ئەوەی ترشی ئەکسالیک تێیدا زۆرە، ئەم ترشە دەبێتە هۆکاری هێڵنج هێنانەوە، لە هۆشچوون، کەمبوونی توانای مژینی کانزا و دروستکردنی بەردی گورچیلە. زۆر خواردنیشی دەبێتە هۆی مردن.

## 4- فاسۆلیای سوور

پاقلەمەنییەکان بەگشتی سوودبەخشن بۆ لەشی مرۆڤ، بەڵام بەشێکیان دەبنە هۆی نەخۆشی. لەوانەش فاسوولیای سوور یەکێکە لەو پاقلەمەنییانە ئەگەر بەشێوەیەکی باش ئامادە نەکرێت، مرۆڤ تووشی نەخۆشی دەکات. سەرباری ئەوەی پڕە لە پرۆتین و ریشاڵەکان و ڤیتامین و کانزاکان، بەڵام لەهەمانکاتدا جۆرە چەورییەکی تێدایە بەهۆی وشکبوونەوەی پێیدەگوترێت فایتۆهیماگلۆتینین کە هەم خوێندنەوەی ناوەکەی زەحمەتە و هەمیش گەدە بە زەحمەت هەرسی دەکات. کاریگەری لەسەر گەدە دەبێت و تووشی رشانەوەی زۆرت دەکات. هەروەها بۆنەکەشی هۆکاری راستەوخۆیە لە درەنگ هەرسکردنی لەنێو گەدە. بۆ ئەوەی لەم کێشانە بەدووربین، پێویستە لەسەر ئاگرێکی کز بکوڵێنرێ.

## 5- گوێزی شیرین:

هاراوەی ئەم گوێزە بەهاراتێکی زۆر بەناوبانگە لە وڵاتانی ئاسیا و بەتایبەتی لە ئیندۆنیسیا و چێژێکی تایبەت دەبەخشێتە شیرنەمەنی پودینگ. هاراوەی بەهاراتەکە بۆ پەتاتە و گۆشتی سوور و سەوزە کوڵاوەکان و ئاوی میوەش بەکاردەهێنرێت. بەڵام زۆر خواردنی ئەم گوێزە هۆکارە بۆ سەرسوڕان، هێڵنج هاتن، ئازاری گەدە، تەنگە نەفەسی و دڵەکزە و چەند حاڵەتێکی دەروونی. تەنانەت حاڵەتی مردنیشی لێدەکەوێتەوە، بەڵام بە رێژەیەکی زۆر کەم.



دکتۆر هونەر رێبوار

# کەباب و کیتۆ

کە شیفتەکەم لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژهەڵاتی هەولێر تەواوبوو، بەهۆی ئەوەی کە نیوەڕۆش ژەمێکی تەواوم نەخواردبوو، زۆرم برسی بوو، چوومە یەکێک لە رێستورانتەکان. دوای داواکردنی خواردنەکەم کە شیشێک کەباب و شیشێک سنگی مریشک بوو، چوومە لای ئەو پیاوەی پارەکەی وەردەگرت، یەکسەر گوتی، کاکە برۆ نانێک بێنە و بیپێچە لە کەبابەکە، ئاوا زۆر خراپە بیخۆیت! منیش دەستم بە پرسیار کرد لەبارەی زیانەکانی کەباب خواردن بەمشێوەیە! من ئەو ماوەیە بۆ رێکخستن و مانەوەی کێشم بە تەندروستی، رێژیمی کیتۆ دەکەم ketogenic diet کە رێژیمێکی خۆراکیی پڕ چەوری و بێشەکر و بێ کاربۆهێدراتە.

## رێژیمی کیتۆ چییە؟

رێژیمی کیتۆ جۆرێکی نوێی رێژیمی خۆراکییە، لە 20 توێژینەوەی زانستیدا باسی سوودەکانی دەکرێت کە یارمەتیدەرە بۆ دابەزاندنی کێش و چەندین سوودی تەندروستیی گرنگی هەن، ئەوانەی رێژیمی کیتۆ دەکەن کەمترین بڕ لە شەکر و کاربۆهێدرات دەخۆن، بەڵام لە جێگەی ئەوە چەوری دەخۆن. کاتێک جەستە دەگاتە دۆخێک پێیدەگوترێت کیتۆس، لەو کاتەدا لە جیاتی کاربۆهێدراتەکان، چەوری بۆ بەرهەمهێنانی وزە دەسووتێنێ، بەمەش وزە بۆ مێشک دەستدەکەوێت.

رێژیمی کیتۆ وادەکات شەکری خوێن بەرێژەیەکی بەرچاو کەمبکات و لەگەڵیدا ئەنسۆلینیش کەمدەکاتەوە، بەمەش قەڵەوی کەمدەکاتەوە، چونکە جەستەی مرۆڤ چەورییەکان وەک تاکە سەرچاوەی وزە دەسووتێنێ، بە دابەزاندنی کێشیش مەترسیی نەخۆشییە درێژخایەنەکان کەمدەبێتەوە بەتایبەت شەکرە، چونکە شەکرە نەخۆشییەکی درێژخایەنە و تێیدا رێژەی شەکری خوێن زیاد دەکات و فرمانی ئەنسۆلین تێکدەچێت، کە لە رێژیمی کیتۆ ئەمە تەواو پێچەوانە دەبێتەوە، توێژینەوەیەک دەریخستووە ئەم رێژیمە خۆراکییە فرمانی ئەنسۆلین 75% باشتر دەکات.

یەکێک لە سوودە بەرچاوەکانی رێژیمی خۆراکی بەراورد بە ژماردنی کالۆری و کەمکردنەوەی چەوری ئەوەیە کە زۆرترین بڕی پرۆتین دەخوێ، لە ئەنجامی چەندین توێژینەوەش دەرکەوتووە کە ئەمە یارمەتیدەرە بۆ کەمکردنەوەی نەخۆشییە دەمارییەکانی وەک لەرزۆکی، فێ و ئەلزهایمەر، هەروەها کەمکردنەوەی مەترسیی نەخۆشییەکانی دڵ و شێرپەنجە.

## ئەوانەی رێژیمی کیتۆ پەیڕەو دەکەن چی دەخۆن؟

ئەوانەی رێژیمی کیتۆ پەیڕەو دەکەن زۆرترینی خۆراکەکانیان گۆشت و مریشک و ماسییە، ماست و هێلکە دەخۆن، پەنیر، بادەم، ئەڤۆکادۆ و سەوزەکان دەخۆن، لەنێو میوەکانیش شلیک دەخۆن و تەماتە و خیاریش رێگەپێدراون.

بەڵام هەموو جۆرەکانی شەربەت، میوەکان، پاقلەمەنی و پەتاتە، سۆسەکان، کهول و خواردنەوە گازییەکان ناخۆن.

منیش کە چوومە خواردنگەکە، داوای کەباب و مریشکم کرد، بەڵام بەپێی رێژیمەکە قەدەغەیە نان لەگەڵ ژەمەکان بخۆیت، بۆیە تەنیا زەڵاتەم لەگەڵی هێنا و پیاوەکە گوتی کاکە ئەمە زۆر خراپە نابێت بەبێ نان بیخۆیت، لەکاتێکدا نان پڕە لە کاربۆهێدرات و بڕێکی زۆر لە سۆدای تێدایە و هۆکارێکی سەرەکیی قەڵەوبوون و دروستبوونی ورگە.

پیاوەکە بە دڵنیاییەوە نەیزانی من پزیشکم، بۆیە کەوتە رێنمایی کردنم، منیش بە دەم خواردنەکەوە گوێم بۆ گرتبوو، کە قسەکانی تەواو کرد، پرسیم ئەرێ خواردنی کەباب بەبێ نان بۆچی خراپە؟

پرسیارەکەم تەواو کرد و کاک رۆژگار کە هاورێیەکمە و لە کۆنترۆڵی رووداو کاردەکات، بانگی کردم دکتۆر سڵاو، ئەوە تۆش خەریکی نان خواردنیت؟ کە ئاوڕم دایەوە و سڵاومان کرد، خاوەنی خواردنگەکە دەستی کرد بە پێکەنین و گوتی ئەوە تۆ خۆت دکتۆریشی وا پرسیاری بە نان یان بەبێ نان خواردنی کەباب دەکەیت و باسی باشی و خراپیی کەباب لە من دەپرسیت؟

# دووگیانی و پەیدابوونی بەردی زراو



**رووداو- مێلس لاین**

زراو ئەندامێکی بچووکە لە خوارەوەی جگەر هەڵکەوتووە، قەبارەکەی بەقەد هەرمێیەکە و رۆڵی هەیە لە پرۆسەی هەرسکردندا. لە ماوەی دووگیانیدا تووشبوون بە بەردی زراو گرفتێکی بەربڵاوە، ئەمەش چونکە چەندین گۆڕانکاریی هۆرمۆنی کار دەکەنە سەر فرمانی زراو.

بەشێوەیەکی گشتی خانمان زیاتر لە پیاوان لەبارن بۆ پەیدابوونی بەردی زراو، بەتایبەتیش لە ماوەی دووگیانیدا، ئەویش بەهۆی زۆریی هۆرمۆنی ئیسترۆجین، هەرچەندە مەرج نییە هەموو خانمێکی دووگیان تووشی ئەم گرفتە ببێت.

لە دووگیانیدا کاتێک ئاستی ئیسترۆجین لە جەستەدا زۆر دەبێت، دەبێتە هۆی زیادبوونی رێژەی کۆلیسترۆڵ لەنێو زەرداودا و جوڵەی زراویش کەمدەبێتەوە. نیشانەکانیشی زیاتر دوای خواردنی ژەمی دەوڵەمەند بە چەورییەکان دەردەکەون و بۆ ماوەی کاژێرێک دەمێنێتەوە. نیشانەکانی بەردی زراو لە دووگیانیدا بریتین لە ئازار لەلای راستی سەرەوەی سک، هێڵنج، زەردوویی و رشانەوە. ئەگەر نیشانەکان لە چەند کاژێرێکدا چاک نەبوون، پێویستە سەردانی نەخۆشخانەی فریاکەوتن بکەیت.

بەشێکی خانمانی دووگیان کە تووشی بەردی زراو دەبن، هەست بەهیچ نیشانەیەک ناکەن، ئەم حاڵەتە پێی دەڵێن (بەردی زراوی بێدەنگ)، بەڵام کاتێک بەردەکە جۆگەکانی زەرداو دادەخات، ئەمە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی نیشانەکان. هەر خانمێکی دووگیان ئەگەر هەستی بەو نیشانانە کرد، باشتر وایە سەردانی پزیشک بکات:

- تایەکی کەم
- تۆخبوونی رەنگی میز
- زەردوویی
- کاڵبوونی رەنگی پیسایی
- رشانەوە و هێڵنج
- ئازارێک کە بۆماوەی پێنج کاژێر بخایەنێت

بۆ ئەو خانمە دووگیانانەی حاڵەتەکەیان توند نییە، پزیشک تەنیا چاودێرییان دەکات و نیشانەکانیان بۆ چارەسەر دەکات، دوای لەدایکبوونی منداڵەکەی بڕیاری نەشتەرگەری دەدات، بەڵام بۆ خانمێک کە حاڵەتەکەی توندبێت، پزیشک ناچار دەبێت نەشتەرگەریی لابردنی بەردی زراوی بۆ بکات.

# بۆچی منداڵ قەبز دەبێ؟

**رووداو- مایۆکلینیک**

بەشێوەیەکی ئاسایی منداڵ کاتێک لە دایک دەبێت، لە 24 کاژێری یەکەمی ژیانیدا پیسایی دەکات. لە یەکەم هەفتەی ژیانیدا چوار بۆ هەشت جار لە رۆژێکدا پیسایی دەکات، هەرچەندە ئەمە بەپێی ئەو شیرەی بە منداڵ دەدرێت دەگۆڕێ بەوپێیەی ئەو منداڵانەی شیری دایکیان دەخۆن، لە مانگی یەکەمی تەمەنیاندا رۆژانە سێ جار پیسایی دەکەن، بەڵام ئەوانەی شیری قوتوو دەخۆن رۆژانە دووجار پیسایی دەکەن.



قەبزی لە منداڵاندا گرفتێکی بەربڵاوە کە تێیدا منداڵەکە زۆر بە زەحمەت پیسایی دەکات یان لە کاتی پیساییکردن ئازارێکی زۆری هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی مانەوە و رەقبوونی پیساییەکە لەنێو رێکەدا.

هۆکارەکانی قەبزی لە منداڵاندا جیاوازن، لەوانەیە هۆکارەکە بوونی گرفت یان نەخۆشییەک بێت لە کۆئەندامی هەرسدا یان شێوازی خواردن و جۆری ئەو خۆراکانەی منداڵەکە دەیانخوات.

قەبزی ئەو کاتە لەنێو منداڵاندا بەربڵاوە کە بۆ یەکەمجار دەستدەکەن بە خواردنی خۆراکە توندەکان، ئەمەش زیاتر دوای شەش مانگان دەگرێتەوە، یاخود ئەوانەی فێری شێوازی چوونە توالێت دەکرێن و هەروەها لەگەڵ دەستپێکی قوتابخانە، لەو حاڵەتانەدا کە منداڵەکە لەکاتی پێویست ناچێتە توالێت، پیسایی لەنێو رێکە دەمێنێتەوە، بەمەش پیساییەکە رەق دەبێت و رێکەش بۆ خۆگونجاندن دەکشێت و فراوان دەبێت، سەرەنجام ئەمە زیاتر دەبێتە هۆی دروستبوونی قەبزی و ئازار لەکاتی پیساییکردندا.

بۆ چارەسەری قەبزی، منداڵەکە دەبێت ئەو خۆراکانەی پێبدرێت کە بڕێکی زۆری ریشاڵیان تێدایە وەک سەوزە، میوە، هەروەها بەردەوام ئاو بخواتەوە و لەکاتی پێویست بچێتە توالێت.

# چۆنیەتی شووشتنی ددانی منداڵان



**رووداو – مێدیکاڵ نیوز تودەی**

ددانی شیری یەکەم سێتی ددانن کە دەردەچن، ژمارەیان 20 ددانە، لە شەش مانگی یەکەمی تەمەنی منداڵدا ددانەکانی پێشەوە لە بەشی خوارەوەی دەم دەردەچن، تا تەمەنی دوو بۆ دوو ساڵ و نیو هەموو ددانە شیرییەکان بە تەواوی دەردەچن.

زۆر کەس دەپرسن کەی دەبێت گرنگی بە ددانی منداڵ بدرێت، بێگومان دەبێت هەر لە تەمەنی منداڵی و پێش هاتنە دەرەوەی ددان بایەخ بە پاکڕاگرتنی پووکی منداڵ بدرێت، پاکڕاگرتنی پووکی منداڵان بە بەکارهێنانی پارچە قوماشێکی خاوێن دەکرێ یارمەتیدەریش بێ لە زوو هاتنی ددانەکان و کەمکردنەوەی ئازار لەکاتی دەرهاتنی ددان.

پێویستە منداڵ دوای شیرخواردنەوە ددانەکانی پاکبکرێتەوە و بەهیچ جۆرێک بەبێ پاککردنەوە نەخەوێت، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی کلۆربوونی ددانەکانی و هاوکات ئازارێکی زۆر بۆ منداڵەکە.

## رێگەکانی پاککردنەوەی پووکی منداڵ

ئاسانترین رێگەکان بۆ پاککردنەوەی پووک و ددانی منداڵ بریتین لە بەکارهێنانی پارچە قوماشێکی پاک و دوای تەڕکردنی بە ئاوی سارد، پەڕۆیەکە لە پەنجە بپێچە، پاشان بەشی دەرەوە و ناوەوەی پووکەکەی پێ پاک بکەرەوە.

لەکاتی هاتنی ددانەکانیش لە 6 یان 7 مانگی، فڵچەیەکی ددانی تایبەت بە منداڵان بەکاربهێنە و ددانەکانی پێ پاک بکەرەوە. دەتوانرێت ئەمە لە کاتی گۆڕین یان کاتی شووشتنی منداڵەکە بکرێت.

یاخود دەکرێت کاتێک منداڵەکە دانیشتووە، لە پشتیەوە بوەستیت و ددانەکانی پاک بکەیتەوە.

پێویستە منداڵ هەر لە تەمەنی منداڵیدا پیشانی پزیشکی ددان بدرێت تاوەکو باوانی لە تەندروستی و رێنماییەکان ئاگادار بکرێنەوە، هەروەها پزیشکی ددان دەتوانێت ماددەی فلۆراید بەشێوەی ڤارنیش بۆ ددانەکانی بەکاربهێنێ کە لە کلۆربوون دەیانپارێزێت.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# ڕۆڵی مەرجەعی دینی لە داهاتووی عێراقدا

لەبەر ئەوەی هیچ هێزێکی سیاسی نەیتوانی بە تەنیا زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان لە هەڵبژاردنی 2018ی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا بباتەوە و لایەنە براوەکانی هەڵبژاردنیش نەیانتوانی هاوپەیمانییەکی زۆرینە دروستبکەن تا بە ڕێکارە دەستوورییەکان وەک کوتلەی هەرەگەورەی پەرلەمان حکومەت پێکبهێنن، بەهۆی ناتەبایی و ڕێکنەکەوتنیشیان لەسەر کاندیدای قەوارەیەکی دیاریکراو، عادل عەبدولمەهدی وەک بژارەیەک کە ئیجماعی زۆرینەی لەسەر بوو، لە دەرەوەی هێزە براوەکانی هەڵبژاردن ڕاسپێردرا بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت. بەڵام لەبەرئەوەی خاوەنی هیچ کوتلەیەکی پەرلەمانی نەبوو، هیچ حیزبێکی سیاسیش لەپشتی نەبوو، کابینەکەی بە کێشەو سەرئێشەوە لەدایک بوو.

لە ماوەی ئەم ساڵەی تەمەنی کابینەکەیدا، گرفی زۆر بۆ عەبدولمەهدی دروستکرا، سەرئەنجام بێکەسییەکەی وایکرد، دارەکە لەسەری ئەودا بشکێنن و ببوە قوربانیی 15 ساڵ حوکمڕانیی فاشیلی شیعە کە وەک باس دەکرێت، لە تەمەنی ئەو سێ کابینەیەی پێش ئەمدا نزیکەی 500 ملیار دۆلار لە گەندەڵیدا بەفیڕۆ چووە. دۆخی شارە شیعییەکان و ژیانی خەڵک گەیشتە ئاستێکی مەترسیداری وەک ئەوەی شارێکی وەک بەسرە کە شادەماری ئابووریی عێراق بوو، ئاوی خواردنەوەی نەبێت. ڕێژەی بێکاری لە هەندێ لە شارەکان گەیشتووەتە نزیکەی نیوەی دانیشتووان و ڕێژەی هەژاری بە ئەندازەیەکە خۆپیشاندەران وەک شۆڕشی برسییەکان وێنا بکرێت. عێراق گەیشتووەتە لێواری داڕووخان و عادل عەبدولمەهدی کەمترین بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ. بەڵام بەکۆتایی ژیانی سیاسی خۆی باجی شکستی حوکمڕانیی شیعەی دا.

زۆر کەس دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆک وەزیران وەک مەترسییەک دەبینن و پێیانوایە لایەنە سیاسییەکان ناتوانن لەسەر کاندیدایەکی شوێنگرەوە ڕێکبکەون، ئەمەش دەرگا بۆ پشێویی زیاتر دەکاتەوە. چونکە لەبنەڕەتدا کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی دەرئەنجامی ناتەبایی و ڕێکنەکەوتنی لایەنە براوەکانی هەڵبژاردن بوو. بۆیە ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە بە دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆک وەزیران دۆخەکە ئاڵۆزتر بێت. لە هەر حاڵەتێکیاندا ئەگەر لایەنەکان زوو بگەنە ڕێککەوتن و کابینەیەکی نوێ پێکبهێنن، یان ئەگەر هەڵبژاردنی پێشوەخت بکرێ و دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکە نەخشەیەکی سیاسی تازە بێنێتە ئاراوە، عێراق سەقامگیر بێت یا دۆخێکی خراپتر لە ئێستا بێتە پێش، دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی دەبێتە خاڵی وەرچەرخان و عێراق دەباتە قۆناغێکی ترەوە. نەک لەبەر ئەوەی بۆ یەکەمجارە لە مێژووی عێراقی کۆماریدا سەرۆک وەزیرانێک لەژێر گوشاری خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی جەماوەری دەستبەرداری کورسییەکەی دەبێت، بەڵکوو لەبەرئەوەی لەسەر داوای مەرجەعیەتی دینی واز دەهێنێت.

خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دانیشتووانی پارێزگا شیعەنشینەکانی عێراق وا نزیک دەبێتەوە لە دوو مانگ، ئەوان بەهۆی نەبوونی ئاو و کارەبا و دەرفەتی کار، نادادی و گەندەڵی، داوای دەستلەکارکێشانەوەی هەرسێ دەستەی سەرۆکایەتییەکەی عێراق دەکەن. حکومەت بە گوللە وەڵامی داخوازییەکانیان دەداتەوە. تا ئێستا نزیکەی 400 کەس لە شارە جیاجیاکانی عێراق بەو هۆیەوە کوژراون و نزیکەی 16 هەزار کەسیش بریندار کراون. هیچ کەسێک لەو دەسەڵاتدارانەی لاچوونیان لەسەر کورسی بووەتە خواستی خۆپیشاندەران، هەستیان بە بەرپرسیارێتی نەکرد و ئامادە نەبوون دەست لە دەسەڵات هەڵگرن. تەنانەت لە پەرلەمانەوە بانگهێشتی سەرۆک وەزیران کرا بۆ ئەوەی ئامادەی دانیشتنێکی تایبەت بە داخوازییەکانی خۆپیشاندەران بێت، کەچی نە سەرۆکوەزیران و نە هیچ وەزیر و نە هیچ بەرپرسێکی ئەمنی ئامادەی چوونە پەرلەمانیش نەبوون.

بەڵام کاتێ لە گوتاری هەینیدا نوێنەری سیستانی بە ئاماژەیەک داوای حکومەتێکی کاربەڕێکەر دەکات بۆ تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە، دوای کەمتر لە چەند سەعاتێک لە بڵاوبوونەوەی گوتارەکە، سەرۆکوەزیران بۆ بەپیرەوەچوونی داواکەی سیستانی نامەی دەستلەکارکێشانەوە ڕادەگەیەنێت و دەشڵێت لەسەر داوای مەرجەعیەت دەست لەکار دەکێشمەوە. ئەوە لەکاتێکدا خۆپیشاندەران لە چەندین شار و شارۆچکەی شیعەنشین وێنەی سیستانییان دەهێنایە خوارەوە و دەیانسووتاند و لە نەجەف خۆپیشاندەران هەوڵی چوونە سەر ماڵەکەیان دا.

عادل عەبدولمەهدی ئەگەر لە ڕابردوودا بێتاوان بووبێت لەو خراپەکارییانەی بەسەر عێراقدا هێنراون و پەرێزی پاک بێت لەو گەندەڵیانەی لە عێراقدا کراون و لەو ڕووەوە وەک قوربانییەک بچێتە مێژووەوە، بەڵام بەرپرسیارێتی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆ لەوەی عێراقی بردە قۆناغێکی زۆر مەترسیدارەوە. لەوەی ڕۆڵی خۆپیشاندەران و ناڕەزایەتیی خەڵک و پەرلەمان و دامەزراوە دەستوورییەکانی بێبەها کرد و لەسەر داوای وەک خۆی دەڵێت (مەرجەعییەت) دەستی لەکارکێشایەوە.

سەرباری ئەوەی ئێستا ماڵی شیعی لە عێراق لە هەموو کات زیاتر ناتەبان، دابەش بوون بەسەر دەیان گرووپدا، هێزەکانیان دژ بەیەک لە جەنگێکی ناڕاستەوخۆی ناوخۆییدان، خەڵک دژ بە حوکمی شیعە و دەسەڵاتدارەکانیان و دژ بە حیزبە سیاسی و حەلیفەکانیان لە خۆپیشانداندان، ناکۆکیی نێوان ڕابەرە ئاینییەکان لە پەرەسەندندایە، تەنانەت لەسەر ڕۆڵ و پێگەی مەرجەعی ئاینی (سیستانی) کێشە کەوتووەتە نێوانیانەوە، لە دۆخێکی ئاوادا عادل عەبدولمەهدی وەک بڕیاردەری یەکلاکەرەوە حکومەتی پابەندی خواستی سیستانی کرد. لە کاتێکدا ئەگەر ماڵی شیعی ڕێک و تەباش بان و هەموویان پابەندی بڕیاری مەرجەعیش بان، لەبەر ئەوەی عێراق پێکهاتەی تری وەک کورد و عەرەبی سوننە و تورکمان و کریستیان و ئێزدی و کاکەیی تێدا دەژین و بە هەموویان نزیکەی نیوەی دانیشتووان پێکدەهێنن، نەدەبوو سەرۆکوەزیران لە پرسێکی وەهادا بڕیاری مەرجەعی تایەفەیەکی دیاریکراو بکاتە سەرچاوەی هەڵوێستەکەی، لە کاتێکدا ئەو سەرۆکوەزیرانی هەموو عێراقییەکان بوو نەک تەنیا شیعەکان.

عادل عەبدولمەهدی بەم کارەی دۆخێکی مەترسیداری بۆ داهاتووی عێراق خوڵقاند. ئەگەرچی خزمەتێکی گەورەی بە تەشەیوع و ستراتیجی شیعی کرد، بەڵام هەردوو پێکهاتەی کورد و سوننەی خستە بەردەم تەحەدایەکی گەورەوە. بە قبوڵنەکردنی ڕۆڵ و پێگەی داهاتووی مەرجەعی ئاینیی شیعەکان وەک دەسەڵاتێک لەسەرووی دامەزراوە دەستووری و شەرعییەکانەوە، کورد و سوننە ڕووبەڕووی کێشەی گەورە دەبنەوە، بە قبوڵکردنی ئەوەی کە لەمەودوا بڕیاری یەکلاکەرەوە نەک هەر بۆ شیعەکان بەڵکوو بۆ تەواوی گەلانی عێراق مەرجەعی شیعە دەبێت، واتای کۆتایی ڕۆڵی کورد و عەرەبی سوننەیە لە بەشدارییان لە بەڕێوەبردنی عێراقدا.

بۆیە مەترسی هەر لەوەدا نییە هێزە سیاسییەکان بۆ دەستنیشانکردنی شوێنگرەوەی سەرۆکوەزیران دەگەنە ڕێککەوتن یان نا، یان خۆپیشاندەران بە دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی کۆتایی بە خۆپیشاندان دەهێنن یان وەک پوولی دۆمینە چاوەڕێی کەوتنی دەسەڵاتەکانی تریش دەکرێت. بەڵکوو مەترسی گەورە لە پراکتیزەکردنی ئەو ڕۆڵەیە کە سیستانی وەک مەرجەعی ئاینیی شیعەکان لە داهاتووی عێراقدا دەیگێڕێت و عێراق بەرەو ویلایەتی فەقیە دەبات. هەرچەندە ئەمە ئامانجی لەمێژینەی شیعەیە و بەشێکە لە ستراتیجی تەشەیوع، بەڵام عادل عەبدولمەهدی ئەم پرۆسەیەی خێراتر کرد.



زریان ڕۆژهەڵاتی *
ziryan.rojhelati@rudaw.net

# کورد و ویلایەتی ڕانەگەیەنراوی شیعی!

پاڵنانی عەبدولمەهدی بۆ وازهێنان لە دەسەڵات، سێیەمین نموونەی گرنگی ڕۆڵی حاشاهەڵنەگری مەرجەعییەتی باڵای شیعییە لە سیاسەتی عێراقی تازەدا. ئەویش دوای ئەوەی کە لە کاتی دانانی دەستوور و شەڕی داعش ڕۆڵی گرنگی گێڕا.

ئەمە وایکردووە لەم ڕۆژانەدا گەلێ کەس بترسن لەوەی کە نەکا عێراقیش بە دەردی ئێران بەرەو دووەمین مۆدێلی ویلایەتی فەقیە بڕوات!

هەڵبەت لایەنگرانی مەرجەعییەت جەخت لەوە دەکەنەوە کە قسەکانی ئەو تەنیا ئامۆژگارین و ئایەتوڵڵا سیستانی بەتەمای ئەوە نییە دەست لە کاروباری سیاسی وەربدات. ئەمان دیدگای فیقهی سیستانی وەک ئایەتوڵڵا خوئی لە زومرەی لایەنگرانی ویلایەتی جوزئی دادەنێن نەک ویلایەتی موتڵەقی فەقیە. پێچەوانەی ئەوەی لە ئێران باوە.

بەڵام دەشێ ئایەتوڵڵا سیستانی لە شوێنێکدا لەبەینی دیدگای ویلایەتی جوزئی و ویلایەتی موتڵەقی فەقیهدا بێت. چونکە نە هاوشێوەی ئایەتوڵڵا خوئی دەکات کە دەستوەردانی لە سیاسەت ڕەتدەکردەوە و نە وەک مەرجەعەکانی ئێرانیش دەکات کە بڕوایان وایە دەبێ مەرجەع ویلایەتی موتڵەقی هەبێت و دەست لە هەموو کاروبارێکی سیاسی و ناسیاسی وەربدات.

لە کاتێکدا کە خۆپیشاندانەکانی شەپۆلی دووەمی بەهاری عەرەبی لوبنان، عێراق و ئێرانیشی گرتەوە، فەتوای ئایەتوڵڵا سیستانی بۆ حەرامکردنی کوشتنی خۆپیشاندەران و پاڵپشتیکردن لە داواکانیان، ئەویش لەکاتێکدا کە لە لوبنان و ئێران دیدگایەکی جیاواز هەبوو، هێڵێکی جیاکەرەوەی دیکەی لەبەینی حەوزەی نەجەف لەگەڵ زۆرێک لە حەوزە و مەرجەعەکانی دیکەی دنیای شیعیدا بە زەقی کێشا.

پشتیوانیکردن لە خۆپیشاندەران و هاندانی عەبدولمەهدی بۆ وازهێنان لە دەسەڵات تەنیا بابەتێکی سیاسەتی ناوخۆیی عێراق نییە و تەنیا لەبەر پاراستنی عێراقیش نییە. بەڵکو ڕەهەندێکی ڕکابەریی سەرکردایەتیی دنیای شیعی لە سێکوچکەی سەرەکیی عێراق- ئێران- لوبنانیشی تێدایە. ڕکابەریی دوو دیدگای جیاواز کە بەزەقی لەچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی عێراق گەیشتە لووتکە. ئەمەش زۆر پڕبایەخ دەردەکەوێت لەکاتێکدا کە بزانین سیستانی کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر شیعەکانی جیهان و بە دیاریکراوی لەسەر لانیکەم بەشێکی گرنگی شیعەکانی ئێران و ریفۆرمیستەکانی ئەو وڵاتەش هەیە. هەرچەند تا ئێستا خۆی لە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆیی ئێران دوور گرتووە!

لایەنە گرنگەکەی ئەم باسە بۆ کورد ئەوەیە ئایەتوڵڵا سیستانی لە دۆخە هەستناکە سیاسییەکاندا «ئامۆژگاری» یەک دەکات کە حوکمێکی یەکلاکەرەوەی هەیە و ئا لەم خاڵەشدا لەو مەرجەعانە دەچێت کە ڕێی خۆی لەوان جیاکردووەتەوە!

مەرجەعییەت، لانیکەم ئەوەی ئاشکرابێت، لە سێ مەرحەلەی گرنگی سیاسیی عێراقی تازەدا، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبووە.

هەڵبەت ڕەنگە نیگەرانیی کەم بێت لەوەی کە سیستانی، لانیکەم بە ئاشکرا عێراق بەرەو ویلایەتێکی موتڵەقی فەقیە بەرێت، بەڵام دیدگای مەرجەعییەتی باڵای عێراق لە ویلایەتی جوزئی سەردەمی خوئی-یەوە بۆ ویلایەتێکی ڕانەگەیەنراو لە سەردەمی سیستانی گۆڕاوە و هیچ گەرەنتیەکیش نییە کە کەسی دوای ئەو، وەک ئەم بیربکاتەوە. شێوازی بیرکردنەوەی هەریەک لە کاندیدە گریمانەییە گرنگەکانی مەرجەعییەت لە دوای ئەو، چ محەممەد ڕەزای کوڕی بێت، یان محەممەد سەعید حەکیم یان ئیسحاقی فەیاز و.... جیاوازە.

بە کورتی، دەبێ کورد زیاتر ئاگای لە سیاسەتی شیعی بێت، چونکە شیعەکان لایەنێکی سەرەکیی پرسی کوردن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. لە عێراقی دوای سەدام بەبێ ئەوان بەرد لەسەر بەرد دانانرێت. بۆیە جۆری پەیوەندییەکانی کورد و شیعە فاکتەرێکی کاریگەرە لەسەر ئایندەی هەرێمی کوردستان. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، سیستەمێکی سیاسیی شیعی تەرەفی سەرەکیی پرسی کوردە. جگە لەوانە، لانیکەم-3 4 ملیۆن کوردی شیعەش هەن و بەمەش، شوناسی شیعی، فاکتەرێکی کاریگەرە لەسەر هەوڵەکانی بنیاتنانی نەتەوە لە کوردستان.

گەلێک شوناس و ئایدیالی جیاجیا خۆیان ترنجاندووەتە ئەم ناوچەیەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و چیرۆکەکانی تێپەڕکردنی ئەوانەش هێشتا خەیاڵین! خەیاڵین چونکە هێشتا شوناسەکان باشترین ئامرازن بۆ بەرهەمهێنانەوەی هێز و دەسەڵاتی سیاسی. بۆیە بۆ کورد کە بەشێکی سەرەکی پرسەکەی ڕەهەندی شوناسی هەیە، زۆر گرنگە ئاگاداری دەوروبەری خۆی بێت.

***توێژەر لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو**



ڕەفعەت سەلیمی

# قەرەنتینەیەک بە قەبارەی ئێران

لە دوا خۆپیشاندانی جەماوەریی ئێراندا کە لەسەر گرانبوونی نرخی بەنزین سەریهەڵدا و دواتر هەر بە بەنزینەوە نەوەستا، چەندین خاڵی گرنگ و نوێ بەدیدەکرێن کە هەرکام لەو خاڵانە تایبەتمەندییەکی جیاواز بەم نوێترین خۆپیشاندانە دەبەخشن.

یەکەم؛ مەودای زەمەنیی سەرهەڵدانی خۆپیشاندانی بەرفراوانی جەماوەری ئێجگار کورت بووەتەوە و لە هەر 10 ساڵ جارێکەوە دابەزیوە بۆ کەمتر لە دوو ساڵ جارێک، بەجۆرێک ئەم خۆپیشاندانە دوای 22 مانگ لە خۆپیشاندانی گەورەی پێشوو دێت.

دووەم؛ لەپاش خۆپیشاندانەکانی ساڵی 2009 کە لە دژی تەزویر و ساختەکاری لە ئەنجامی هەڵبژاردن و ڕاگەیاندنی ناوی مەحموود ئەحمەدی نەژاد وەک براوەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆمار و دیسانەوە ڕاسپاردنی بۆ پێکهێنانی کابینەی دووەمی خۆی بەڕێوەچوو، دوو خۆپیشاندانی جەماوەریی بەرفراوانی دیکە بەڕێوەچووە کە ئەمەی ئەخیر و ئەوەی پێشووتریشی کە لە 2017 ڕوویدا، هەردووکیان "ناڕەزایی ئابووری تەوەر" بوونە و بەپێچەوانەی ئەوانەی پێشوو داواکاری و خواستێکی ڕوون و دیاریکراوی سیاسی بڵاچەی هەڵگیرسانی ئەم دوو ناڕەزاییەی ئەخیری لێنەداوە.

سێیەم؛ لەو خۆپیشاندانە سیاسیانەدا کە داواکارییەکی سیاسی مۆتۆڕی بزوێنەری ڕاپەڕینی جەماوەریە، چینی مامناوەندی کۆمەڵگا دەوری سەرەکی دەبینێ و لەوانەشیدا کە لەدژی ڕەوشی نالەباری ئابووری و خراپبوونی بژێوی خەڵک دێنە ئاراوە، زیاتر ڕۆڵی سەرەکی لەئەستۆی چینی هەژارە. ئەم دوو خۆپیشاندانە گەورەیەی ئەخیر دەرخەری ئەو ڕاستیە تاڵەیە کە بەهۆی مایەپووچیی سیاسی و فیکریی ریفۆرمخوازانەوە و هەروەها بەهۆی سیاسەتی "ماکسیمۆم گوشاری" ترامپەوە و گەورەتربوونی ڕۆژلەدوای ڕۆژی کەلێنی نێوان چینی کەمینەی دەوڵەمەند و چینی زۆرینەی هەژار، دەمێکە چینێک بەناوی چینی مامناوەند لە کۆمەڵگای ئێراندا نەماوە و ئەگەریش مابێت، وەک تۆوێک کە بارانی پێنەگات تواناى چەکەرەکردنی نەماوە، هەربۆیە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییە ستارتەکەیان بە داواکارییەکی ئابووری و لەسەردەستی چینی هەژار لێدەدرێت و وەک ئەوەی لەم خۆپیشاندانەی ئەخیردا بینیمان، دواتر خوێندکارانیش کە بەرچاوترین هێمای چینی مامناوەندە، تێکەڵ بە چینی هەژار دەبن و دەڕژێنە سەرشەقام.

چوارەم؛ لە خۆپیشاندانەکانی پێشوودا خۆپیشاندان سەرەتا لە پایتەختەوە دەستیپێدەکرد و دواتر شۆڕ دەبووەوە بۆ شارەکانی دیکە، بەڵام لەم خۆپیشاندانەی ئەخیردا پێچەوانە بوو، خۆپیشاندان لە پەراوێزەوە دەستیپێکرد و دواتر بەرزبووەوە بۆ تاران و شارە گەورەکانی دیکەی نزیک لە ناوەند. ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە چینی مامناوەند، ڕووناکبیر و نوخبەی ئێرانی کە زیاتر لە پایتەختدا خۆی دەبینێتەوە، یا بەهۆی نسکۆ و شکستی یەک لەدوای یەکەوە لە هزری داخوازیگەری ڕاماڵراون، یان هێندە لەباری ئابووری و بژێوی ژیانەوە دەسکورت و سەرقاڵن کە مەجالیان بۆ پێشەنگایەتیی کۆمەڵگا نەماوە و هەربۆیەشە توانای جوڵاندنی شەقامیان نییە، ئەمەش لە تەئخیربوونی تاران لە تەنگانەی ناڕەزاییە جەماوەریە بەرفراوانەکاندا ڕەنگدەداتەوە.

پێنجەم؛ بەگویرەی دوایین ئاماری فەرمی، لە حەشیمەتی 80 ملیۆن کەسیی ئێران 67 ملیۆن و 687 هەزار کەس ئینتەرنێت بەکاردەهێنن و لەم ژمارەیەش تەنیا چوار ملیۆن و 69 هەزار کەس ئینتەرنێتی نەگەر (وەک ADSL یان شێوازەکانی دیکەی ئینتەرنێتی ماڵان یان بینا حکومییەکان) بەکاردەبەن و 67 ملیۆن و 617 هەزار کەسەکەی دیکە بەکاربەری ئینتەرنێتی گەڕۆکن و بە مۆبایل زانیاری دەخرێتە گیرفانیانەوە. هەر ئەم فاکتەرەش وادەکات کە ئەگەر دەڵێین پرسی ئابووری چینی مامناوەندی لە ئێراندا خزاندووەتە نێو چینی هەژارەوە و بەکردەیی کۆمەڵگای ئێرانی دابەش کردووە بەسەر چینی هەژار و دەوڵەمەنددا، ئەوا دەشتوانین بڵێین پرسی پێشکەوتنی بەرچاوی تەکنەلۆژیاش چینی هەژاری بەرزکردووەتەوە بۆ نێو چینی مامناوەند و بەمجۆرەش پێشکەوتنی تەکنەلۆجیکاڵ کۆمەڵگای ئێرانی تاڕادەیەک دابەش کردووە بەسەر چینی مامناوەند (داخوازیگەرا) و دەوڵەمەنددا. واتە خوێندنەوەی چینی هەژاریش بۆ موجتەمەع کەم و زۆر تا ئاستی چینی مامناوەند بەرزبووەتەوە و تاڕادەیەک ئەوانیش بەهەمان فیکرەی چینی مامناوەند پڕچەک کراون.

شەشەم؛ لەم دوو خۆپیشاندانەی ئەخیردا حکومەت لە ڕۆڵی گرنگی تەکنەلۆژیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە فراوانکردنی پانتایی خۆپیشاندانەکان و یەکگرتنی خەڵکی ناڕازی و داخواز تێگەیشت و هەرئەمەش وای لە ئێران کردووە هاوشێوەی کوریای باکوور و ڕووسیا بیر لە دروستکردنی تۆڕی ئینتەرنێتی خۆماڵی (نیشتمانی) بکاتەوە. لە خۆپیشاندانەکانی پێرارساڵدا ئێران نەیتوانی ئینتەرنێت بەسەر خەڵکدا دابخات و تەنیا بە هەوڵێکی ناسەرکەوتوو بۆ فلتەرکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتیی تەلەگرام و فەیسبووک ئیکتیفای کرد کە ئەوەش بەهۆی کەڵکوەرگرتنی بەرفراوانی خەڵک لە تەکنەلۆژیای VPN شکستی هێنا. بۆیە حکومەت هەوڵەکانی بۆ چەسپاندنی ئینتەرنێتی نیشتمانی چڕکردەوە کە هەرکات بیەوێ پەیوەندیی ئێران لەگەڵ ئینتەرنێتی جیهانیدا بپچڕێنێت. بەجۆرێک کە لەم خۆپیشاندانەی ئەخیردا ئێران هەر بە داخستنی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان نەوەستا و پەیوەندیی هەموو خەڵکی ئێرانی لەگەڵ دونیای دەرەوەدا داخست و بۆ زیاتر لە 10 ڕۆژ ئینتەرنێتی هەموو خەڵکی ئێران داخرا و تەنیا ئینتەرنێتی نیشتمانی بۆ ماڵپەڕە ناوخۆیی و حکومییەکان بەکاردەهات.

پسپۆڕان پێیانوایە داخستنی ئینتەرنێت کاریگەرترین فاکتەر بوو لە دامرکاندنەوەی شەپۆلی ناڕەزایەتیەکانی ئەم دواییەی ئێراندا و تەنانەت باندۆریشی هەبوو لە نەگەیشتنی دەنگی خەڵکی ناڕازی و گیانلەسەردەستی ئێران بە ناوەندە جیهانییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و هەروەها دەستی ئێرانیشی ئاواڵە کرد لە سەرکوتکردنی توندتری ناڕەزایەتییەکاندا. بەجۆرێک کە تا کاتی نووسینی ئەم وتارە ئامارە نافەرمییەکان کە زیاتر لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگەی ئێرانەوە بڵاودەکرێنەوە، ئاماژە بۆ زیاتر لە 350 کوژراو، زیاتر لە هەزار بریندار و زیاتر لە 10 هەزار دەستبەسەرکراو دەکەن، هەرچەند ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی لیبووردن باسی کوژرانی 161 کەس و حکومەتی ئێرانیش باسی 15 کوژراو و نزیکەی حەوت هەزار دەستبەسەر دەکەن (تا کاتی نووسینی ئەم وتارە). شایەنی ئاماژەیە کە چەندساڵ بەر لە ئێستا، دەنگۆی دابینکردنی ئینتەرنێت بۆ خەڵکی ئێران لەڕێگەی مانگی دەستکرد و لەلایەن ئامریکاوە بڵاوبووەوە و ئەم خۆپیشاندانانەی ئەخیر بیرەوەریی ئەو دەنگۆیەی لەنێو ئاپۆڕای نارازیی ئێراندا تەداعی کردەوە و باڵیۆزی ئامریکا لە ئاڵمانیا و هەروەها برایان هۆکیش باسیان لە وەها پلانێک کرد. بەهەرحاڵ گومان لەوەدا نییە کە حکومەتی ئێران دەتوانێت هەموو جەماوەر لەنێو سنوورەکانی وڵاتدا قەرەنتینە (quarantine) بکات. بەڵام پرسیاری هەرە سادە لێرەدا ئەوەیە ڕەوتی "بەدوورگەکردن"ی ئێران لە سەردەمی "گوندی جیهانیدا" تا کەی دەتوانێت درێژەی پێبدرێت؟

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێباز عەلی
rebaz.ali@rudaw.net

# ترەمپ: نێردراوی خودا

"خوای گەورە، بە درێژایی مێژوو کەسانی ناکامڵی بەکارهێناون. من پێموایە دۆناڵد ترەمپ تەنیا هەڵبژێردراوی خودایە".

ئەمە قسەی ریک پێری، وەزیری وزەی ئەمریکایە. پێری و زۆرێکی دیکە لەوانەی پشتیوانی لە دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا دەکەن، باوەڕیان وایە کە ترەمپ "هەڵبژێردراو"ی خودایە. لەوانەیە ئەو قسەیەی پێری لای زۆرکەس جێی سەرسوڕمان بێت. بەڵام لەڕاستیدا ئەوە باوەڕی بەشی زۆری دەنگدەرانی ترەمپە.

ترەمپ بە دەنگی کریستیانە ئیڤانجێلیکەکان بووەتە سەرۆکی ئەمریکا. ئیڤانجێلیکەکان کریستیانی پرۆتستانتی زۆر باوەڕدارن و بەشی زۆریشیان سپی پێستن. لەسەتا هەشتا و یەکی ئەو کریستیانانە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی 2016 دا دەنگیان بە ترەمپ داوە. ئەوان دەزانن هەڵسوکەوتەکان و مێژووی ژیانی ترەمپ پڕن لە خراپە و لەگەڵ بەهاکانیان ناگونجێن. بەڵام دڵنیان کە سەرەڕای ئەوانە، ترەمپ ئێستا بووەتە پارێزەری ئەو بەهایانەی ئەوان باوەڕیان پێیە، لەوانەش دژایەتیکردنی هاوڕەگەزخوازی و کۆچبەری.

هەر بۆیە ئامادەن چاوی خۆیان لە هەڵسوکەوتە کەسییەکانی ترەمپ دابخەن.

خزمەتێکی گەورەی ترەمپ بە کریستیانە باوەڕدارەکان دانانی نزیکەی 100 دادوەری کۆنزێرڤەتیف بوو بۆ دادگا جۆراوجۆرەکانی ئەمریکا. زۆر لە ئەمریکییەکان بە لیبراڵ و کۆنزێرڤاتیڤەکانیشەوە لەو باوەڕەدان کە جێدەستی ترەمپ چەندین دەیە دوای تەواوبوونی سەرۆکایەتییەکەی هەر دەمێنێتەوە. ژمارەی ئەو دادوەرانەی ترەمپ دایناون لە ماوەی دوو ساڵی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەی، زیاترن لە ژمارەی ئەو دادوەرانەی کە جۆرج دەبلیو بوش لە ماوەی هەشت ساڵدا داینابوون. کاریگەریی ئەو دادوەرانە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی ئەمریکییەکان یەکجار گەورەیە. ئەوانە بە یەکلاکردنەوەی کەیسی دادگاکانیان بە تێڕوانینێکی کۆنزێرڤاتیڤانە، ئیڤانجێلیکەکان یەکجار خۆشحاڵ دەکەن. ئەوە لە بواری دادوەریدا لە ئەمریکا بە شۆڕشێکی کۆنزێرڤەتیف دادەنرێ کە کاریگەرییەکەی زۆر لە دوای نەمانی دۆناڵد ترەمپیش بەردەوام دەبێت.

بەشێکی ئەو پشتیوانییە زۆرەی کریستیانە ئیڤانجێڵیکەکان بۆ سیاسەتەکانی ئیدارەی ئەمریکا بۆ هەشت ساڵی تەمەنی سەرۆکایەتی باراک ئۆباما دەگەڕێتەوە. باراک ئۆباما بۆ خۆی سەرۆکێک بوو کە بە دڵی ئیڤانجێڵیکەکان نەبوو. چونکە ئۆباما هەرچەندە لە هاوای لەدایکبووە، بەڵام ژیانی منداڵی لە وڵاتێکی زۆرینە موسوڵمان بەسەربردووە. ئەو کوڕی ژنێکی سپیپێستە کە هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی ئەفریقی ڕەشپێست کردبوو. وێڕای ئەوەش ئۆباما ناوێکی سەیری هەیە و باوکیشی ناوی حوسێنە. تەنانەت چیرۆکی کریستیانبوونی ئۆباما زۆر بەدڵی ئیڤانجێڵیکەکان نییە، چونکە ئەو لەسەر دەستی قەشەیەکی ڕەشپێستدا بووەتە کریستیان کە ڕەخنەی توند لە ڕابردووی ئەمریکا دەگرێت.

ئۆباما هەروەها بە یەکێک لە سەرۆکە زۆر لیبراڵەکان دادەنرێت لە مێژووی ئەمریکادا. لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئەودا لە تەواوی پەنجا ویلایەتەکەی ئەمریکا هاوسەرگیری لە نێوان هاوڕەگەزخوازان بە یاسایی کرا. سیاسەتی ئۆباما لە مەسەلەی پاراستن یاخود لەناوبردنی کۆرپەلە لەنێو سکی دایکیدا ئیڤانجێڵیکەکانی زۆر تووڕە کرد. چونکە ئۆباما دەیگوت ژن سەربەستن لە پاراستن یاخود لەناوبردنی کۆرپەلەکەی ناو سکیان. هەرچی کریستیانە ئیڤانجێڵیکەکانە ئەوە بە دژایەتییەکی گەورەی بەها ئایینییەکانیان دەبینن. بۆیە ئەوان بەدوای کەسێکدا دەگەڕان بەهاکانیان بپارێزێت.

ئیڤانجێڵیکەکان لەکاتی کەمپەینی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا کاندیدی دیکەیان لەخەیاڵدا بوو، بەڵام بە دڵی ئەوان دەرنەچوو. دواتر کاتێک گوێیان لە بەڵێنەکانی ترەمپ بوو، بڕیاریان دا پشتیوانی لێبکەن. لە یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونیشیەوە، ترەمپ دەستیکرد بە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی، ئەوەش زۆر بەباشی بناغەی ئەو متمانەیەی نێوانیانی بەهێز کرد.

ئەوەی جێی سەرنجە، ئەوەیە کە لەکاتی هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژاوای کوردستان، سەرکردەکانی ئیڤانجێڵیکەکان هاتنە دەنگ و دژی بڕیاری ترەمپ بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا قسەیان کرد. پات ڕۆبەرتسن کە یەکێکە لە کەسایەتییە زۆر دیارەکانی ئیڤانجێڵیکەکان، هۆشداری بە ترەمپ دا و گوتی "سەرۆک لە مەترسیی لەدەستدانی پشتیوانیی خودادایە". ترەمپ زوو کەوتە خۆی و دەستیکرد بە پەیوەندیکردن بە کەسایەتی و سەرکردەکانی ئیڤانجێڵیکەکان و هەوڵیدا لەو ڕووەوە دڵنیایان بکاتەوە.

هێرشی بەردەوامی دیموکراتەکان بۆ سەر ترەمپ و هەوڵەکانیان لە کۆنگرێس بۆ لێپێچینەوە لە سەرۆکی ئەمریکا، کاریگەری لەسەر دەنگدەرە ئیڤانجێڵیکەکان نەبووە. لە دوایین ڕاپرسیدا دەردەکەوێت هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر بۆچوونی ئەواندا لەبارەی ترەمپ ڕووینەداوە. بۆیە ئێستا زۆر زیاتر لە پێشتر دەنگیان بەرزتر دەکەنەوە و بە ئاشکرا دەڵێن ئێمە دەزانین ترەمپ کەسێکی گوناهبارە، بەڵام دڵنیاشین کە ئەو تاکە هەڵبژێردراوی خودایە. کەسایەتییە دیارەکانی کۆمارییەکان وەکو مایک پۆمپیۆ و نیکی هەیڵیش هەمان بۆچوونیان هەیە. نیکی هەیڵی دەڵێت "هەندێجار خودا کەسێک لە شوێنێک دادەنێت بۆ ئەوەی لێوەی فێرببین، هەندێجاری دیکەش کەسێک لە شوێنێک دادەنێ بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بکات". تەنانەت ئێستا ترەمپ خۆیشی ئەو قسەیە دووبارە دەکاتەوە. ترەمپ هاوینی ئەمساڵ لەنێو باخچەی کۆشکی سپی و لەبەردەم ڕۆژنامەنووساندا ڕووی لە ئاسمان کرد و گوتی: "من تاکە هەڵبژێردراوی خودام".



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# عاقیبەتی کۆماری ئیسلامی

ئەگەر خۆپیشاندانەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە تێیاندا سەدان کەس گیانیان لەدەستدا، بە دیوێکیاندا نیشانەی "بێ تەدبیری و نائومێدکاری"ی دەوڵەتی ڕوحانی بێت، بە دیوەکەی دیکەیدا، وەک خامنەیی گوتی "پیلانێکی گەورە" بوو لەسەر کۆماری ئیسلامی. بێدەنگیی ترەمپ لە تویتەرەوە و بانگەوازەکەی پۆمپێیۆ بۆ خەڵکی ئێران تا ڤیدیۆ و وێنەی بۆ بنێرن، مانای واوەتر لە ڕواڵەتەکەیان هەیە.

چیرۆکە زانراوەکە ئەوەیە کە ڕۆژێک خەڵکی ئێران لە خەو هەڵسان و بینییان نرخی بەنزین لە هەزار تومەنەوە بووەتە سێ هەزار تومەن. ئەمەش تووڕەی کردن و ڕژانە سەرشەقام. دەوڵەت یەکسەر "بە قاتعیەت" ڕەفتاری کرد و ناڕەزایەتییەکانی بەشێوەی خوێناوی سەرکوت کرد. ڕوحانی، کە دکتۆرای لە مافە بنچینەییەکاندا و مۆڵەتی پارێزەریشی هەیە، لە پیاوێکی نەرم و مافناسەوە گوتاری خۆی بۆ کەسێکی ئەمنیی توند گۆڕی و هەڕەشەی لە خۆپیشاندەران کرد. بەدواشیدا دەوڵەتی "مافناس"ی ڕوحانی ئینتەرنێتی لەسەر خەڵک بڕی و تا کاتی نووسینی ئەم گۆشەیەش لە زۆر شوێنی ئێران بەتەواوەتی ئینتەرنێت کارا نەکراوەتەوە.

پاش ئەو هەموو توندوتیژییە "لەسەر بەنزین"، خامنەیی هەڵوێستێکی تا ڕادەیەک بێلایەنانەی هەڵبژارد، ڕوحانیش گوتی ئاگای لەو بڕیارە نەبووە و ئەنجوومەنی ئاسایش (شوورای ئەمنیەت) بڕیارەکەی داوە. بەپێی دەستووری کۆماری ئیسلامی ئەو شوورایە سەر بە ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی (شوورای عالیی ئەمنیەتی میللی)یە کە ڕوحانی سەرۆکایەتی دەکات. شوورای ئەمنیەت کە وەزیری نێوخۆ سەرۆکیەتی و وەزیریش لەژێر فەرمانی ڕوحانیدایە، لەڕێگەی بەرپرسێکیەوە وەڵامی سەرۆکی دەوڵەتەکەی خۆی دایەوە و گوتی هەفتەی پێشتر ڕوحانی دەیزانی کەی نرخی بەنزین گران دەکرێت.

پرسیار ئەوەیە بۆچی بەنزین گران کرا؟ هۆیەکەی سادەیە. نیشانەکانی ئەو گوشارە ئابوورییانەی ترەمپ دەیگوت ئێران والێدەکات بێتە سەر ئەژنۆ بەرامبەر ئەمریکا، وردە وردە دەردەکەون. بەر لەو سزا ئابوورییانە، ئێران دوو ملیۆن و پێنجسەت هەزار بەرمیل نەوتی دەفرۆشت و ئێستا دابەزیوە بۆ ژێر سێسەت هەزار بەرمیل. ئەمەش بۆ بودجەی ئێران کێشەیەکی گەورەی دروستکردووە. چونکە لە بودجەی پەسەندکراوی 450 هەزار ملیارد تومەنیدا، 120 هەزار ملیارد تومەنی لەڕێگەی فرۆشتنی نەوتەوە بەدەستدەهات. 120 هەزار ملیارد تومەنی دیکەی لەڕێگەی باجەوە دەهات و ئەوەی دەمایەوە لە داهاتە جۆراوجۆرەکانەوە بەدەستدەهات، کە داهاتی سووتەمەنیی نێوخۆیی یەکێکە لەوانە. ئێستا کە دەوڵەت ناچارە کەمهێنانی بودجەکەی قەرەبوو بکاتەوە، بەشێکی بە گرانکردنی بەنزین دەکات، کە وەک دەوڵەت دەڵێت نرخی خستنە بازاڕی هەر لیترێک بەنزین پێنج هەزار تومەنە و بەوەی کە ئێستا دەوڵەت نرخەکەی کردووەتە سێ هەزار تومەن، هێشتا دەبێ دەوڵەت دوو هەزار تومەنی دیکە بۆ هەر لیترێک لە بودجەوە خەرج بکات. واتە گرانکردنی بەنزین بۆ گەڕاندنەوەی بەشێک لەو خەرجییەیە کە بۆ بەرهەمهێنان و خستنەبازاڕی بەنزینەکە لە بودجەوە خەرج دەکرێت.

لە سەردەمی سەرۆککۆماریی ئەحمەدینەژادیشدا بەنزین گران کرا، بەڵام جیاوازیی ئەوکات ئەوە بوو کە ئەحمەدینەژاد "بەتەدبیرتر" ڕەفتاری کرد و یەکەمجار کۆمەکی کۆمەڵایەتیی بۆ کەمدەرامەتەکان بڕییەوە، ئینجا گرانی کرد. هەروەها کاتی گرانکردنەکەش جیاوازە و ئەوکات خۆپیشاندانەکانی لوبنان و عێراق نەبوون و دەوڵەتیش هێندە لەژێر گوشاری کەمەرشکێنی ئابووریدا نەبوو.

کەواتە ئەو پیلانەی خامنەیی باسیدەکات بۆ ڕاستە؟ پیلانەکە، وەک خۆیان دەڵێن، ئەوەیە کە باسی گرانکردنی بەنزین چەند مانگێکە هەیە و ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە و میدیاکان، هەروەها دەزگا هەواڵگیرییەکانی ئیسرائیل و سعودیە و ئەمریکا بەباشی ئاگاداری ئەوە بوون کە دەوڵەتی ئێران بەتەمای کارێکی وایە. بۆیە لە زووەوە ئامادەکارییان کردووە بۆئەوەی لەکاتی گرانبوونەکەدا دۆخەکە بتەقێننەوە. ئەمە ڕیوایەتی کۆماری ئیسلامییە و کەمێک ڕاستیشی تێدایە، بەڵام وەکو (تخوونی نوێژ مەکەون)ەکەی نێو قورئانە و دەبێ (کاتێک سەرخۆشن)یشی بۆ زیاد بکەیت. ڕاستە نرخی بەنزین زیاد کرا و ڕەنگە ئەوانەی باسیان کرا هەموویان دەستیان لەنێو دەستی یەکدی نابێت بۆ تەشەنەپێکردنی دۆخەکە، بەڵام کێشەکە لە ئیدارەی خراپی خەڵک و بڵاوبوونەوەی هەژاری و نەبوونی دادپەروەریدایە نەک لە پیلانگێڕی. بەڵگەش بێدەنگیی ترەمپ و ئیدارەکەیەتی. ئەوان لەم قۆناخەدا نە ئامادەن و نە پرۆژەی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیشیان هەیە. ئەوەی دەیانەوێ ناچارکردنی تارانە بۆئەوەی بێتەوە سەر مێزی دانوستاندن و مل بۆ واشنتن بدات. چونکە باش دەزانن نە ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕێکخراو و بەهێز و ئامادە هەیە بۆئەوەی بەخێرایی ببێتە شوێنگرەوەی کۆماری ئیسلامی و نە ئەمریکاش ئامادەیە قوماری دۆڕاوی ڤیێتنام و ئەفغانستان و عێراق لە ئێران دووبارە بکاتەوە و هێزی سەربازی بنێرێت.

لەو نێوانەدا هەندێک لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دۆخەکەیان بە ژیرانە خوێندووەتەوە. بۆیەش داوای ناواقیعییان لە خەڵکی ڕۆژهەڵات نەکردووە و پێداگیرییان کردووە کە داواکارییەکانیان ئاشتییانە بگەیەنن. چونکە ڕاستییەکە ئەوەیە کە گوتمان: ئەگەر بەتەمای ئەمریکا بن، ئێستا نایەوێ کۆماری ئیسلامی بڕووخێ. ئەوانەی دیکەش کە لە ناوچەکەدا دژی ئێرانن، بەبێ ئەمریکا ئەوەیان پێناکرێ. تەنیا مەترسییەک لەسەر کۆماری ئیسلامی کە هەبێ ئەوەیە بەردەوام بێ لەسەر ئەو پلانەی هەیەتی بۆ گرانکردنی شتی دیکە و بەمەش خەڵک تووڕەتر بکات. وادیارە ئەمەش هەر ڕوودەدات و خامنەیی لە ڕۆژانی ڕابردوودا هانی ئەندامانی بەسیجی دا کە زۆرتر لەسەر شەقام حزووریان هەبێ. ئەمەش بۆ ئەوانەی کە لە کاروباری ئێران تێدەگەن یەک واتای هەیە: بۆ قۆناخی داهاتوو هێزێکی سەرووی یاسا و دادگاکان دێتە سەرشەقام و دەکەوێتە وێزەی خەڵکی ناڕازی. ئەمەش لە سەدەی بیست و یەکدا و لەگەڵ نەوەی ئێستا بژارەیەکی ژیرانە نییە و زەحمەتە عاقیبەتی خێری بۆ کۆماری ئیسلامی هەبێت.



بێستوون عوسمان
bestoon@bestoon.me

# هەولێر و ئەنقەرە دۆست بن یان دوژمن؟

ڕۆژی 28/11/2019 سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان سەردانی کۆماری تورکیای کرد. وەکو هەموو سەردانەکانی پێشووتری سەرکردە سیاسییەکانی هەرێم، ئەم سەردانەش قسە و باسی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. بەشێکی دیاریش لەو قسە و باسانە ڕەخنە بوون لە سەردانەکە. کاتێک تەماشای سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا دەکەیت بەرامبەر بە هاونیشتیمانیانمان لە باکووری کوردستان و هێرشی بۆ سەر ڕۆژاوای کوردستان، کاتێک دەمیرتاش بەناڕەوا توند کرابێت لە زیندان و کۆماری تورکیا ڕۆژ نا ڕۆژێک هێرشی ئاسمانی بکاتە سەر گوندەکانی هەرێمی کوردستان، ڕوویەکی ڕەوایەتی لەو ڕەخنانەدا دەبینرێن کە ڕووبەڕووی سەردانەکەی سەرۆک وەزیران دەکرێنەوە. لەگەڵ ئەوەدا، دیوی ئەودیوی مەدالیاکەش کۆمەڵێک ڕاستیی دیکەمان پیشان دەدەن، کە ئەگەر هەردوو دیو تەماشا نەکەین ئەو چانسە لەدەست دەدەین کە تەواوی ڕاستییەکە ببینین.

دەوڵەتی تورکیا لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنییەوە هەتاکوو ئەمڕۆ، سیاسەتی فەرمیی سەرکوتکردنی کورد بووە لە ناوخۆ و دەرەوەی سنوورەکانی خۆی. ئەم دەوڵەتە کە لەسەر بنەمای نەتەوەگەریی تورکی دامەزراوە، کوردی وەک مەترسییەک بۆ سەر دەوڵەتەکە بینیوە و بەگژ هەموو هەوڵێکدا چووەتەوە کە کورد داویەتی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی، هاوکات ڕووبەڕووی هەموو کیانێکی کوردیش بووەتەوە کە لە ناوچەکەدا سەری هەڵدابێت، یان بەرەو بەهێزبوون چووبێت. سەرکوتکردنی شۆڕشەکانی پیران و زیلان و دێرسیم لە سەرەتای سەدەی ڕابردوو لە نێو سنوورەکانی تورکیادا، هەوڵەکانی تورکیا بەدرێژایی نەوەتەکان هەتا 2007 — 2008 بۆ لێدان و بچووککردنەوەی هەرێمی کوردستان و هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا و هەڵوێستی ئەنقەرە لە کاتی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستاندا، هەموو نموونەی ئەو سیاسەتە دژە کوردەی تورکیان. ئەمە ڕاستییە تاڵەکەیە. سیاسەتی حکومەتی ئێستای تورکیاش بەرامبەر بە کورد هەتا بڵێی ترسناکە. بەڵام ڕاستییەکی دیکە هەیە کە ئەویش گرنگیی تورکیایە بۆ هەرێمی کوردستان. هەولێر هەردوو ڕاستییەکە دەزانێت، هەربۆیە هەوڵ دەدات باڵانسێک لەو نێوەندەدا درووست بکات.

هەرێمی کوردستان لە سەرەتای لە دایکبوونییەوە هەوڵی داوە سیاسەتێکی ژیرانە بەرامبەر سیاسەتی فەرمیی دژە کوردی دەوڵەتی تورکیا بگرێتە بەر. سەرۆک مام جەلال ئەو سیاسەتەی بە باسکردنی یادەوەرییەکی ژیانی خۆی پوخت دەکردەوە کاتێک دەیگوت پێشمەرگەیەکی هاوڕێی بەگوێیدا چرپاندووە "مامە بە پشتی ئێمە شەڕی ئەو هەموو وڵاتە مەکە". ژیرییەکە ئەوەیە کاتێک دەورە درابوویت بە کۆمەڵێک دەوڵەت کە هەموویان سیاسەتی فەرمییان دژایەتیکردنی تۆیە، هەوڵ بدەیت هیچ نەبێت، هەڵوێستی یەکێکیان وەرچەرخێنیت لە دژایەتییەوە بۆ دۆستایەتی، یان هیچ نەبێت دەستهەڵگرتنی لە دژایەتیت. بنچینەی ئەم سیاسەتە لە ساڵی 1992 دا لەلایەن خودی مام جەلال و کاک مەسعودەوە دانرا. هەڵوێستی ئەرێنی تورگوت ئۆزال لەو کاتەدا و دواتر بێهێزبوونی تورکیا بەهۆی قەیرانی سیاسی و ئابووریی نێوخۆی خۆیەوە، وای کرد کە تورکیا زۆر نەیپەرژێتە سەر دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان. بەڵام هەر وەکو تارماییەک مەترسی بۆ سەر کیانی حکومەتی هەرێم درووستدەکرد.

کاتێکیش لە ساڵانی 2005 و 2006 دا جارێکی دیکە تورکیا خۆی کۆکردەوە و بەهێزبووەوە، بە فەرمی کەوتەوە دژایەتی هەرێمی کوردستان. لەو کاتەدا مام جەلال کە سەرۆککۆماری عێراق بوو، دەستپێشخەرییەکی کرد بۆ بنیاتنانی لێکتێگەشتنێک لەنێوان هەولێر و ئەنقەرە. قوباد تاڵەبانی لە باسی دانیشتنێکی تایبەتی نێوان مام جەلال و سەرکردەکانی تورکیادا ئەو ڕاستییە دەگێڕێتەوە. دواتر نێچیرڤان بارزانی ئەو ئەرکەی خستە سەرشانی خۆی. لە ئەنجامی ئەم سیاسەتە ژیرانەیەدا، هەرێمی کوردستان توانی سیاسەتی دەوڵەتێک بەرامبەر بە خۆی لە دژایەتییەوە وەرچەرخێنێت بۆ دۆستایەتی. بە واتایەکی دیکە، دۆخێکی درووستکرد کە خۆی لە شەڕی "دوژمن"ێک بپارێزێت. ئەمە لە دیپلۆماسییەتدا بە سەرکەوتن ئەژمار دەکرێت. مام جەلال وتەنی، شەڕی ئەو هەموو دەوڵەتە لە یەک کاتدا ناکرێت.

ئەم پەیوەندییە ئەرێنییەی نێوان هەولێر و ئەنقەرە سوودی بۆ هەرێمی کوردستان ئەوە بوو کە تورکیا لەوە دەرچوو ببێت بە مەترسییەک بۆ سەر ئێمە، بۆ کوردیش بەشێوەیەکی گشتی ئەوەبوو کە زۆر جار هەرێم دەستپێشخەریی بکات بۆ هاوکاریی کورد لە باکوور و ڕۆژئاواش. ڕۆڵی هەرێم لە پرۆسەی ئاشتی باکوور و ڕۆیشتنی پێشمەرگە بۆ پارێزگاری لە کۆبانی، دوو نموونەی ئەو دەستپێشخەرییانەی هەرێمن کە ئەگەر هەولێر و ئەنقەرە پەیوەندیی ئەرێنییان نەبووایە، ڕوودانیان مەحاڵ دەبوو.

هەر بەچەشنی هەرێم، کانتۆنەکانی ڕۆژئاواش هەر لە سەرەتاوە هەوڵی بنیاتنانی جۆرێک لە دۆستایەتییان دا لەگەڵ ئەنقەرە. هاتوچۆکانی ساڵح موسلم بۆ تورکیا گەواهیدەرن لەسەر ئەو هەوڵانە. بەڵام بارودۆخی ناوخۆی سووریا و بەهێزی و بێ پەروایی ئەردۆغان لە حوکمدا و بوونی سوپای ئازادی سووریا لە هاوکێشەکەدا، وایانکرد ئەو هەوڵانە سەرکەوتوو نەبن. لە ئەنجامدا بینیمان بەهۆی درووستنەبوونی ئەو لێکتێگەیشتنە تورکیا بووە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ڕۆژاوا.

ئەمڕۆ کە مەسروور بارزانی وەک سەرۆک وەزیرانی نوێ سەردانی تورکیا دەکات، بەردەوامی دەدات بەو سیاسەتەی کە بنچینەکانی لەلایەن خودی مام جالال و کاک مەسعودەوە دانراون و نێچیرڤان بارزانی لەماوەی سەرۆک وەزیرانیی خۆیدا بەڕێوەی بردووە. ئەگەر جیاوازییەکی هەبێت ئەوەیە کە مەسروور بارزانی دەتوانێت دەستی کراوەتر و بەهێزتر بێت بۆ تەرجومەکردنی ئەو پەیوەندییە ئەرێنییە بۆ بەرژەوەندی زیاتری هەرێم بەتایبەتی و هەموو کورد بە گشتی. هەموو کوردیش چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکات و بەتەنها ئەو هەنگاوەش دەبێتە هەوێنی ڕەواندنەوەی ئەو ڕەخنانەی لێی دەگیرێن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



## عەدنان کەریم: دەمویست ئەلبوومەکەم یەکەمجار لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان بڵاوبکەمەوە

10 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قڕگەیی

دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات

نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی

ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی

Tel: 0751 811 00 04 – 0750 486 34 12

rudaw@rudaw.net




